# کورد دەرفەتەکانی گەڕاندنەوەی کەرکووکی لەدەستداوە

**رووداو-سلێمانی**

قادر عەزیز، نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 بە (رووداو)ی راگەیاند "پێموایە دەرفەتی مێژوویی و لەبار بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 لەدەستدراوە"، ئۆباڵی ئەوەشی خستە ملی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی. گوتیشی ئەو ئێستا نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان نییە بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی مادەی 140و، رەخنەشی لەوە گرت کەکاتی خۆی ئەو نووسینگەیەی بڕیاربوو بۆی لە کەرکووک بکرێتەوە، بۆی نەکرایەوە.



لاپەڕەی هەڤپەیڤین

# بێریڤان دەیەوێت بچێتە شەڕی تالیبان



**رووداو-ئەڵمانیا**

هاوکات لەگەڵ دروستبوونی گفتوگۆیەکی زۆر لە ئەڵمانیا بۆ کشانەوەی هێزەکانی سوپای ئەڵمانیا لە ئەفغانستان، دوای کوژرانی سەربازێکی ئەڵمان. کچێکی کورد بەنێوی بێریڤان حوسێن، تەمەن 18ساڵ، کە لە ئەڵمانیا گەورەبووە، گرێبەستێکی چوار ساڵی بۆ چوونە ریزەکانی سوپای ئەڵمانیا مۆرکرد. بێریڤان کەتا تەمەنی 16 ساڵی یەکێکبووە لە پاڵەوانەکانی مەلەوانی لە سەر ئاستی ئەڵمانیا، بە (رووداو)ی راگەیاند ئەگەر داوای لێبکرێ ئامادەیە بچێتە ئەفغانستان شەڕی قاعیدە و تالیبان بکات.

لاپەڕەی تاراوگە

# کارەبا لەبەر بێ گازی کەمبووەتەوە

**رووداو-هەولێر**

هەرچەندە ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان، 162 ملیۆن دۆلاری بۆ دابینکردنی گازوایل بۆ وێستگەی 500مێگاواتی هەولێر داوەتە وەزارەتی کارەبا، بەڵام هەروەکو پارێزگاری هەولێر دەڵێ وەزارەتی کارەبا لەبەر بەکارنەهێنانی میکانیزمێکی باش بۆ دابینکردنی گازوایل، بووەهۆی لە کار وەستانی یەکەیەکی وێستگەکە و بەرزبوونەوەی نرخی گازوایل لە هەولێر. وتەبێژی وەزارەتی کارەباش ئەوەی خستە ملی کۆمپانیای دانا غاز کە لە وادەکەی دواکەوت و هاوکار نەبوونی حکومەتی بەغدا و زۆری ئەو گازاویلەی بۆ وێستگەکە پێویستە.



لاپەڕە (3)


ژمارە (23)

دووشەممە 2008/9/8

17ی گەلاوێژی 2708

(750) دینار

Rûdaw

رووداو

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

www.rudaw.net


# بەغدا لە رێککەوتنی خانەقین پاشگەز دەبێتەوە

## ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق: مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەت ملدەنێ

**رووداو- هەولێر**

جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان حکومەتی بەغدا بەوە تۆمەتبار دەکات کە لە رێککەوتنی خانەقین پاشگەز بووەتەوەو هۆشداریشی دا کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیران بەرەو دیکتاتۆریەت مل دەنێ.

هەرچەندە بەپێی رێککەوتنی هەردوو لایەنی عێراقی و کوردستانی لە بەغدا بڕیاربوو، رۆژی 2008/9/5 بەکشانەوەی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە بۆ شوێنەکانی پێشوویان، کۆتایی بەتەنگژەی خانەقین بهێندرێ، بەڵام رۆژی دواتر عەلی دەباغ گوتەبێژی حکومەتی عێراق رایگەیاند کە بەغدا مافی خۆیەتی سوپا بنێرێتە هەر شوێنێکی عێراق و رەتیشیکردەوە سوپا لە خانەقین و دەوروبەری کشابێتەوە.

د.سەعدی بەرزنجی لەوبارەوە رایگەیاند کە "حکومەتی عێراق وا پێشاندەدات کە لە رێککەوتنەکە پاشگەزبووەتەوە"، ئەوەشی بە "ئاماژەیەکی مەترسیدار" ناوبرد و پێیوایە مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەت دەڕوات. هاوکات هۆشداریی دا کە مالیکی لەژێر کاریگەریی کەسانێکی سەر بە رژێمی پێشوودایەو هەمان ئەو کەسانە ئەگەر لەترسی ئەمریکا نەبێت کودەتای لەسەر دەکەن.عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆک کۆماریش هوشداریدا کە زیادکردنی رۆڵی سوپا وەک ئەوەی ئێستا دەکرێت مەترسیدارە، چونکە عێراق دەخاتە بەر مەترسی روودانی کودەتای سەربازی.

جموجوڵەکانی مالیکی لەسەر ئاستی دەرەوەش خەریکە دەبێتە جێگای سەرنج و رۆژنامەی گاردیان لە راپۆرتێکدا باس لەوەدەکات لەوانەیە ئەمریکا بەهەمان چارەنووسی ئیبراهیم جەعفەری بگەیێنێ و لایبدات . لەلایەکی دیکەوە بەپێی لێدوانی عەلی حەسەن بەلۆ، جێگری لیژنەی نەوت لە پەرلەمانی عێراق مالیکی و حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق پلانێکیان دژی گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لەرووی نەوتەوە لەبەردەستدایە.

لەو بارەوە دوو راپۆرت لەلاپەڕە (4) و(8) دا بخوێنەوە

# باوکی 4 منداڵ لەبەر هەژاری بە تەنافی خیوەتەکەی خۆی خنکاند.. ل 7



87 خێزانی پەنابەری رۆژئاوای کوردستان، چوار ساڵە لە ژێر خێوەتەکانی کامپی موقبل – دهۆکدا دەژین، ئەو خێزانانە گلەیی لە رەفتاری خەڵک لەگەڵیان و ناخۆشی رەوشی ژیانیان دەکەن.

# "موخابەراتی عێراق سەرچاوەکانی بەعس لە کوردستان بەکاردێنێتەوە"

**رووداو- بەغدا**

بریکاری وەزیری ناوخۆی عێراق بۆ کاروباری ئیستیخبارات بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەگەری ئەوە هەیە دەزگا ئەمنییەکانی عێراق بۆ کۆکردنەوەی زانیاری موخابەراتی و سیخوڕی لە کوردستان پشت بە سەرچاوە کۆنەکانی سەردەمی بەعس ببەستن و گوتیشی"دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان لەوجۆرە هەوڵانە ئاگادار کراونەتەوە".

حوسێن عەلی کەمال، لەبارەی ئەو هەواڵانەی باس لە دامەزراندنی تۆڕێکی موخابەراتی دەکەن لەشارەکانی کوردستان رایگەیاند"دەزگا ئەمنییەکانی کوردستانمان ئاگادار کردووەتەوە بۆئەوەی هۆشیار بن، چونکە نابێت بەبێ پرس و ئاگاداری ئەوان ئەو کارە بکرێت".

دەزگای تازەی موخابەراتی عێراق، کە راستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقە و لیوا محەممەد شەهوانی، بەڕێوبەریەتی، لە هەواڵداندایە بۆ دروستکردنی تۆڕێکی سیخوڕی و موخابەراتی نهێنی لە کوردستاندا، بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندی بەچەند کەسێکەوە کراوە لەوانەی پێشتر لەگەڵ دەزگا سیخوڕییەکانی عێراق کاریان کردووە.

حوسێن عەلی کەمال ئەو هەوڵەی بە "مەترسیدار" ناوبردو گوتی " دەکرێت ئەو دەزگایە دواتر دەست بۆ شتی دیکەش ببات کە زیانی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کورد هەبێت".

وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (3) دا بخوێنەوە




هەواڵ

## دژی بڕیارێکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان واژۆ کۆدەکرێتەوە



ڕووداو- گەرمیان

◆ سەرپەرشتیاری لیژنەی داکۆکیکار لە کەسوکاری ئەنفالکراوان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کەسوکاری ئەنفالکراوان سەرقاڵی کۆکردنەوەی واژۆن دژی بڕیارێکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان، چونکە بەپێی بڕیارەکە مووچەی خوشک و برای وارسی ئەنفالکراوان دەبڕدرێت. هەرچەندە لە 2007/4/14 پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیاسای شەهیدو ئەنفالکراوەکانی پەسەندکردو بەپێی یاساکە مووچەی خوشکو برای ئەنفالکراوەکان نابڕدرێت تا ئەوکاتەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە قەرەبوو دەکرێنەوە.

# حکومەتی بەغدا داوای 750 ملیار دینار لەداهاتی دوو ساڵی گومرگەکانی کوردستان دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی عێراق داوای داهاتی دوو ساڵی ڕابردووی گومرگەکانی کوردستان، لەحکومەتی کوردستان دەکات، کە بڕی 750 ملیار دینارە، حکومەتی کوردستانیش ڕەزامەندی خۆی تەنیا لەسەر داهاتەکانی ساڵی 2007 دەربڕیوە.

سەرچاوەیەکی ئاگاداربە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "وەفدێکی وەزارەتی دارایی حکومەتی بەغدا کە هاتنە کوردستان داوای 500 ملیار دیناری داهاتی گومرگەکانی کوردستانیان کردووە بۆ ساڵی 2008 و کە 350 ملیار دیناری هی گومرگی ئیبراهیم خەلیلە بووەو حکومەتی کوردستانیش دەڵێت ئەم بڕە پارەیە زۆرە و لەبەرامبەریشدا داوای چەند پارەیەکی ماوەی کوردستان لەبەغدا کراوە".

د.فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان بە (ڕووداو) ڕاگەیاند "هەردوو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و وەزارەتی دارایی حکومەتی کوردستان ئاسانکاری تەواویان بۆ ئەو وەفدەی ئێمە کردووە لەگومرگەکاندا و ڕووپێوێکی تەواویان کردووەو لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدابوو، بۆ ساڵی 2007 گەیشتینە ڕێککەوتنێک کە داهاتی گومرگەکان بە 250 ملیار دینار دابنرێت".

لەبارەی داهاتی ساڵەکانی دیکەوە، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، گوتی "بۆ ساڵی 2008 هەندێک مشتومڕی لەسەرە، چونکە حکومەتی عێراق داوای 500 ملیار دینار دەکات، بۆ ساڵەکانی 2005 و 2006یش، گرفتێکی ئەوتۆ نییە، لەداهاتی ئەو دوو ساڵە خۆش نەبووین، بەڵام ناشمانەوێت بیکەینە گرفت".

# زانکۆی سانت کلیمێنتس لەسەرتاسەری عێراق دادەخرێ

**ڕووداو-بەغدا**

دوای داخستنی سەرجەم نووسینگەکانی زانکۆی سانت کلیمێنتس لەشارەکانی کوردستان، بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق ڕایگەیاند نووسینگەکانی زانکۆی سانت کلیمێنتس لەسەرتاسەری عێراق دادەخرێن.

د.سەلام خۆشناو، بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)هۆکاری داخستنی نووسینگەکانی زانکۆی ناوبراوی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە سیستمی خوێندنی زانکۆکە لەڕێگەی دوورەوەیەو بەهۆی ئینتەرنێتە "ئەو جۆرە سیستمەش لەعێراقی دانی پێدانەنراوە".

سەبارەت بەکارکردن بە بڕوانامەکانی ئەو زانکۆیەش گوتی "وەکو بڕوانامەیەکی سەربەخۆ ئیعترافی پێناکرێت، بەڵام دەکرێ وەکو پاڵپشتییەک بۆ بڕوانامەی زانکۆکانی دیکە بەکار بێت، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک دکتۆرایەکی لەبوارێکدا هەبێ و بڕوانامەی زانکۆی سانت کلیمێنتسشی لەهەمان بواردا هەبێ، ئەو بڕوانامەیە دەبێتە بڕوانامەی پاڵپشتی بۆ بڕوانامەکەی دیکە".

# تەنها ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بەشداری کۆنگرەی دێموکراتەکانی ئەمریکا نەبوو

**ڕووداو-واشنتن**

بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگادار جگە لە ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، نوێنەری چەندین هێزو لایەنی کوردستانیش لە کۆنگرەی دیمۆکراتەکانی ئەمریکا بەشداربوون.

ژێدەرێکی ئاگادار لە واشنتن لە پەیوەندیەکدا لەگەڵ (ڕووداو)ئەوەی ڕەتکردەوە کە باراک ئۆبامای پاڵێوراوی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا بە تایبەتی سەحەلاددین بەهاددینی ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی بانگهێشتی کۆنگرەی دیمۆکراتەکان کردبێ و تەنها ئەویش لە کوردستانەوە بەشداربووبێ. سەلاحەددین بابەکری ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) گوتبووی ئاگادارنین کە هیچ حزبێکی دیکەی کوردستان بانگهێشت کرابێ.

ئەوسەرچاوەیە گوتی "هەرئەندامێکی کۆنگرە دەتوانێ چەند کەسێک بانگهێشت بکات، بۆیە داوەتنامەکە گشتی بووەو بۆ چەندین هێزو لایەنی کوردستانی نێردراوە، جگە لە ئامادەبوونی فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وقوباد تاڵەبانی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا،یۆنادەم یوسف کەننای سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووریش بەشداری کۆنگرە بوو".









# 70%ی سلێمانی گرفتی ئاوی هەیە

**ڕووداو- سلێمانی**

وەزیری تەندروستی ڕایگەیاند ئەو ئاوەی ئێستا لەسلێمانی هەیە تەنها 30%ی پێویستی شارەکە دابین دەکات و 14%ی ئەو ئاوەش کە هەیە یان وەک پێویست کلۆری تێناکرێت یاخود پیسە، بەڵام ئەمساڵ تائێستا هیچ حاڵەتێکی نەخۆشی کۆلێرا لەکوردستاندا تۆمار نەکراوە.

د. زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان، ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە دەڵێن کۆلێرا لە سلێمانی هەیەو ڕایگەیاند "تەنیا لەهەندێک شاری عێراق کۆلێرا هەیە، لەعیمارە کەسێک و لە بابلیش 2 کەس بەو نەخۆشییە مردوون و 6 حاڵەتی تووشبوو لەبەغداو 8 حاڵەتیش لەبابل هەبووە".

لەبارەی پیسبوونی ئاوی سلێمانی، د. زریان ڕایگەیاند "14%ی ئاوی سلێمانی وەک پێویست یان کلۆری تێدا نەبووە یان پیس بووەو ئەو ئاوەش کە ئێستا بۆ سلێمانی دەچێت تەنها 30% پێداویستی شارەکە دابین دەکات".

وەزیری تەندروستی ئاماژەی بەوەشدا کە نەخۆشی گرانەتا ئێستا بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و لەسەرەتای ساڵەوە تا ئێستا 1200 حاڵەت هەبووە.

## بریکاری وەزیری دارایی:
# بڕیاری بڕینی زیادەی مووچەی فەرمانبەرانی عەرەبمان نەداوە

**زیاد ئیسماعیل**
**ڕووداو- هەولێر**

هەندێک لە فەرمانبەرانی عەرەبی نیشتەجێی کوردستان باس لە بڕینی زیادەی مووچەی مانگی 8یان دەکەن و بریکاری وەزارەتی داراییش ڕەتیدەکاتەوە کە بڕیارێکی لەوجۆرەیان دابێت.

یەکێک لەو فەرمانبەرە عەرەبانەی نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوەو فەرمانبەری هەمیشەییە لەیەکێک لەفەرمانگەکان لەسەر میلاکی حکومەت و 3 ساڵ بەر لەئێستا هاتووەتە کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"بۆ زیادەی مانگی 8 چووین گوتیان ئێمە زیادەکەی ئێوەمان بڕیوەو ڕەوانەی بەغدامان کردووە".

هەروەها گوتیشی "ئەگەرئەوزیادەیەی لێمان بڕدراوە بۆ حکومەتی بەغدا دەگەڕێندرێتەوە هیچ گلەییمان نییە، بەڵام ئەگەر دەچێتە دارایی حکومەتی هەرێم بە مافخورانی دەزانین".

ڕەشید تاهیر، بریکاری وەزارەتی دارایی بێئاگایی خۆی لە بڕیارێکی لەوجۆرە ڕاگەیاند "ئەو هەواڵە دوورە لەڕاستییەوە، هەر فەرمانبەرێک زیادەی مووچەکەی لێبڕدراوە دەتوانێت بێت لەوەزارەتی دارایی سکاڵا پێشکەش بکات".

## بۆ وەرگرتنیان لەماستەرو دکتۆرا
# چەند کۆلیژێک تاقیکردنەوە بەقوتابیان ناکەن

**ڕووداو- هەولێر**

بۆ ئەمساڵی خوێندن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، 400 کورسی خوێندنی بۆ ماستەرو دکتۆرا لەزانکۆی سەلاحەددین ئامادە کردووەو چەند بەشێکیش لەکۆلیژەکان بەهۆی نەبوونی مامۆستای پسپۆر تاقیکردنەوە بەقوتابیانی خوێندنی باڵا ناکەن.

د. جەعفەر حسێن، ڕاگری کۆلێژی خوێندنی باڵا لەزانکۆی سەلاحەددین لەبارەی وەرگرتنی قوتابییان لەدکتۆراو ماستەر بەبێ تاقیکردنەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەهۆی نەبوونی مامۆستای پسپۆر چەند بەشێک لەکۆلێژە زانستییەکانی زانکۆی سەلاحەدین نەیانتوانیوە پرسیار بۆ قوتابییان دابنێن و تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، لەوانەش بەشی جیۆلۆجی، بیرکاری و فیزیای کۆلێژی زانست، بەشی فیزیاو بیرکاری لەکۆلێژی پەروەردە".

سەبارەت بەو دەنگۆیانەی کە دەڵێن بەرپرسێکی زۆری حیزبی و حکومی بەشداری تاقیکردنەوەی وەرگرتنیان لەدکتۆراو ماستەردا کردووە د.جەعفەر حسێن، گوتی" نازانم چەند بەرپرس بەشداریان کردووە، بەڵام بەرپرسیش وەکقوتابییەکیئاسایی‌بەشداری‌تاقیکردنەوەکان دەکات و بەمافی خۆی وەردەگیرێت".

# فەرماندە کوردەکانی موسڵ بڕیارێکی وەزارەتی بەرگری عێراق ڕەتدەکەنەوە

**ڕووداو- هەولێر**

پاش ئەوەی سوپای عێراق بڕیاری گواستنەوەی 13 فەرماندەی سەربازی کورد دەدات لەموسڵەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراقدا، ئەو ئەفسەرانە پەیوەست نەبوون بەبڕیارەکەی وەزارەتی بەرگری عێراق و لەموسڵ دەمێننەوە.

عەمید نورەدین حوسێن، فەرماندەی لیوای هەشتی سوپای عێراق لەموسڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " ئێمە چوار ئامر لیواو 9 ئامر فەوجی کورد، کە چەند ڕۆژێک پێش ئێستا وەزیری بەرگری عێراق بە ئاگاداری نوری مالیکی بڕیاری گواستنەوەی ئێمەی بۆ ڕومادی و شارەکانی دیکەی عێراق دەرکردو فەرماندەی عەرەب لەشوێنەکانمان دادەمەزرێنرێن".

عەمید نورەدین، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوان ئامادە نین ئەو بڕیارەی وەزارەتی بەرگری عێراق جێبەجێ بکەن "چونکە بڕیارەکە لەلایەن سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقەوە دەرنەچووە، ژووری عەمەلیاتی موسڵیش بەتەلەفۆن پشتگیری ئێمەیان کردووە.

# دەزگای هەواڵگری ئەمریکا سیخوڕیی لەسەر مالیکی دەکات

**ڕووداو-ئاژانسەکان**

چەند ڕۆژنامەیەکی بەریتانی، بەپشتبەستن بەکتێبێکی ڕۆژنامەوانی ئەمریکی (بۆب وودوارد)، بڵاویان کردەوە کە ئاژانسی ناوەندیی هەواڵگریی ئەمریکا (CIA) سیخوڕیی لەسەر نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردووە، ئەمەش بووەتە مایەی توڕەبوونی بەرپرسانی عێراق.

ڕۆژنامەی (دیپۆرا هینز) لەزاری عەلی دەباغ گوتەبێژی فەرمیی حکوومەتی عێراقەوە دەڵێ "ئەگەر ساخ بووەوە کە ئەو زانیارییانەی وودوارد ئاشکرای کردوون ڕاستن، ئەوا بەخراپ بەسەر پەیوەندیی نێوان بەغدا و CIAدا دەشکێتەوە".

هەروەها دەباغ بە ڕۆژنامەی (تایمز)ی ڕاگەیاند "ئەگەر زانیارییەکانی وودوارد ڕاست بن، کەواتە دەزگا و دامەزراوەکانی ئەمریکا متمانەیان بەحکوومەتی عێراق نییە".

شەڕی ناوخۆ، ناونیشانی ئەو کتێبەیە کە لەم هەفتەیەدا بۆب وودوارد بڵاوی دەکاتەوە. ڕۆژنامەکانی بەریتانیا چەند بڕگەیەکی کتێبەکەیان بڵاوکردووەتەوە. لەو بڕگانەدا هاتووە کە هەر تەنیا زیادکردنی هێز نەبووەتە مایەی نەمانی توندوتیژی لە عێراقدا، بەڵکو چوار فاکتەر ڕۆڵیان هەبوو لە پاشەکشەکردنی تیرۆر.

کتێبەکە دەڵێ: شاڵاوی نهێنی، زیادکردنی هێز، بڕیاری موقتەدا سەدر بەراگرتنی شەڕ و، دانانی ئەنجوومەنەکانی سەحوەی سوننە و نەیاری قاعیدە، تێکڕا فاکتەری تێکشکاندنی توندوتیژی بوون.

# چەند کەسێکی تووشبوو بەئایدز لەکوردستان دوور دەخرێنەوە

**ڕووداو-ئاژانسی ڕۆژنامەوانیی عێراق**

بەرپرسی نشینگەی هەولێر ڕایگەیاند بەهۆی ئەوەی ژمارەیەک لەو بیانیانەی ڕوویان لەباشووری کوردستان کردووە نەخۆشی ئایدزیان هەبووە، ڕەوانەی وڵاتەکانی خۆیان کراونەتەوە.

عەقید یادگار شێخ ئەنوەر، بەرپرسی نشینگەی هەولێر لەلێدوانێکدا بە ئاژانسی ڕۆژنامەوانی عێراقی ڕاگەیاند کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی بیانی بۆ کوردستان هاتوون، بە مەبەستی ڕێگرتن لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کوشندە، هەموو بیانییەک بەر لەوەی مافی مانەوەی پێ بدرێت، دەخرێتە ژێر پشکنینی وردەوە.

ناوبراو ئاشکراشی کردووە "زۆر بیانی لەبەرئەوەی تووشی نەخۆشیی ئایدز هاتبوون، ڕێیان پێ نەدرا بێنە نێو کوردستانەوە، بەڵکو بەرەو وڵاتانی خۆیان ڕەوانە کرانەوە"، گوتیشی "هیچکام لەوانەی ئایدزیان هەبوو کورد نەبوون و گشتییان بیانی بوون".



## بەهۆی لەبەر نەکردنی پانتۆلی ڕەساسی
# قوتابییەک ڕێگەی پێنەدرا تاقیکردنەوەی خولی دووەم ئەنجامبدات

**زیاد ئیسماعیل**
**ڕووداو- هەولێر**

لەخولی دووەمی تاقیکردنەوەکانی ئەمساڵ،شەمزین دیار باییز قوتابی پۆلی دووەمی ناوەندیی قوتابخانەی هەڵگوردی کوڕان لەبەر پۆشینی پانتۆلی ڕەش، مامۆستای چاودێر ڕێگەی‌پێنەدابچێتە هۆڵی‌تاقیکردنەوە،سەرەڕای ناڕەزایی دایک و باوکی قوتابییەکە، بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر دەڵێ "مادام تاقیکردنەوەی ئەنجامنەداوە، بەساقیت هەژمار دەکرێت".

شەمزین دیار، کە لەهەردوو وانەی فیزیاو بیرکاری دەرنەچووبوو، بۆ (ڕووداو) گوتی لەڕۆژی تاقیکردنەوەدا نیو کاژێر بەر لەوادەی خۆی چووەتە قوتابخانەکەیان و لەوێ مامۆستای چاودێر بەبیانوی ئەوەی پاتۆڵی ڕەساسی لەبەر نییە ڕێگەی پێنەداوە بچێتە نێو هۆڵی تاقیکردنەوە "من گوتم قەڵەوم ئێستا پانتۆڵم نییە لەبەری بکەم، بەڵام بۆ بەیانی لەبەری دەکەم، بەڵام مامۆستاکە قبوڵی نەکردو ڕەوانەی ماڵەوەی کردم".

عەبدوڵڵا سابیر، بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تائێستا شتی وانەبووە لەسەر پانتۆڵێک ڕێگەی تاقیکردنەوە لەقوتابی بگیرێت، بەڵام مادام ئەو قوتابییە تاقیکردنەوەی ئەنجام نەداوە بەساقیت دەژمێردرێ دەکرێت چونکە ئەوە خولی دووەمە، بەڵام دەتوانێت عەریزەیەک بنووسێت بۆ پەروەردەی هەولێر، ئەگەر دەرچوو هەڵسوکەوتی مامۆستا چاودێرەکە نائاساییە، ئەوا سزا دەدرێت".

# فەرماندەیی وشکانی عێراق ئەمریکای لەئۆپەراسیۆنی دیالە ئاگادار نەکردبووەوە

**ڕووداو-لۆس ئەنجلس تایمز**

فەرماندەیی سوپای وشکانی عێراق ئەمریکای پێشوەختە لەپلانی ئۆپەراسیۆنی دیالە ئاگادار نەکردەوە تاوەکو ڕۆژی دەستپێکردنی.

عەلی‌غێدان،فەرماندەی‌هێزەکانی‌وشکانی سوپای عێراق دەڵێ ئەوان پێویستیان بەڕێنماییەکانی ئەمریکا هەیە، بەڵام نایانەوێ فەرمان لەئەمریکییەکان وەربگرن. هەربۆیە تاوەکو ڕۆژی دەستپێکردنی لە 2008/7/29 لەوردەکارییەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنەی دیالە ئاگاداریان نەکردبوونەوە، کە ئەو ئۆپەراسیۆنە بووە هۆی تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کوردستان و حکومەتی مالیکی.

بەڵام کۆلۆنێل دۆگلاس سیمز، ئەوکاتەی لەلایەن عەلی غێدانەوە نەخشەی ئۆپەراسیۆنی دیالەی پێشاندرا، سەرسامی خۆی بەباشی پلانەکە نیشاندا و گوتی "بەڕاستی عێراقییەکان بەشێوەیەکی ڕاست پلانەکەی خۆیانیان پێشاندابن، ئەو پلانەش دەریدەخات عێراقییەکان تاچ ئاستێک پێشکەوتنیان بەدەستهێناوە".

بابەکر زێباری، سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق، لەهەڤپەیڤنێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی ئەو پلانەی کە مانگێک پێشتر دانرابوو و ڕەزامەندی د.نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقیشی بۆ وەرگیرابوو وەلانرا، دواتریش مالیکی دەسەڵاتەکانی منی بەزاندو ڕاستەوخۆ لەپەیوەندیدا بوو لەگەڵ فەرماندەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنەی دیالە.

## ڕیپۆرتاژ

### پەیمانگایەکی ئەمریکی لەهەولێر دەکرێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

◆ بەرپرسێکی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند باڵیۆزخانەی ئەمریکا پەیمانگایەک بۆ پێگەیاندنی کادری ناوەندی لە هەولێر دەکاتەوە. گوتیشی کاری پەیمانگاکە ئەوەیە کادری ناوەندی بۆ هەموو بوارەکان ئامادەبکات تا ئەوەی لە پاش تەواوکردنی خوێندن هەلی دامەزراندنی بۆ نارەخسێ بتوانێ لەوێ بەباشی فێری پیشەیەک ببێت. ساڵی ڕابردوو بەهۆی نەبوونی شوێن لە زانکۆکانی عێراق نزیکەی 15 هەزار دەرچووی ئامادەیی نەیانتوانی بچنە زانکۆ و ئەو بەرپرسەش پێشبینی کرد ئەمساڵیش هەمان گرفت دووبارە ببێتەوە.

### بەرپرسی ئیستیخباراتی وەزارەتی ناوخۆی عێراق:

# مەترسی ئەوە هەیە موخابەراتی عێراق لە کوردستان دەست بۆ شتی مەترسیدار ببات

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسی ئیستیخبارات لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەگەری ئەوە هەیە دەزگا ئەمنییەکانی عێراق پشت بەسەرچاوە کۆنەکانیان ببەستن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری موخابەراتی لە کوردستان، دەزگائەمنییەکانی کوردستانیش لەو جۆرە هەوڵانە ئاگادار کراونەتەوە. بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی کوردستانیش هەوڵی لەو جۆرە لەلایەن بەغداوە بەدوور نازانێت، بەڵام لەهەمانکاتدا دەڵێت "قبوڵناکەین هیچ کارێک لەکوردستاندا بکرێ و لێپێچینەوە لەگەڵ هەر کەسێکیش دەکەین کە کارێکی وا لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدات".

حوسێن عەلی، بریکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق و بەرپرسی ئیستیخباراتی وەزارەتی ناوخۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "وەک ئیستیخباراتی ناوخۆ بەهیچ شێوەیەک هەوڵمان نەداوە کە سەرچاوەی زانیاری نهێنی لەکوردستان بەبێ ئاگاداری حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنین، ئەگەر پێویستیش بکات لەگەڵ لایەنە ئەمنییەکانی کوردستان گفتوگۆ دەکەین، چونکە دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان بەشێکن لەدەزگا ئەمنییەکانی عێراق".

حوسێن عەلی، کەخەڵکی کوردستانە و لەسەر بەشی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بووەتە بریکاری وەزارەت و پێشتر لە دەزگا ئەمنییەکانی پارتی کاریکردووە، سەبارەت بەو هەواڵانەی باس لەدامەزراندنی تۆڕێکی هەواڵگری دەکەن لەشارەکانی کوردستان لەلایەن موخابەراتی عێراقەوە بەبێ ئاگاداری دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان و حکومەتی کوردستان، گوتی "ئێمەش ئاگاداری دەزگا ئەمنییەکانی کوردستانمان کردووەتەوە بۆئەوەی ئاگاداری ئەوە بن، لەبەرئەوەی بەبێ پرس و ئاگاداری ئەوان نابێت ئەو کارە بکرێت".

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ بۆ دروستکردنی ئەم تۆرە سیخوڕییە موخابەراتی عێراقی پەیوەندی بە چەند کەسێکەوە کردووە کە پێشتر لەگەڵ دەزگا سیخوڕییەکانی عێراقی سەردەمی بەعس کاریان کردووە.

بریکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق، دەڵێت "ڕەنگە دەزگا ئەمنییەکانی عێراق پشت بەسەرچاوە کۆنەکانیان ببەستن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، چونکە هەموو دەزگا ئەمنییەکانی عێراق هەوڵدەدەن ڕێگری لەمادە بێهۆشکەرەکان بکەن و ئەمەش کاری یەکەمی موخابەراتە، بەو پێیەی سەرچاوەی مادە بێهۆشکەرەکان وڵاتانی دراوسێیە".

بەرپرسی ئیستیخباراتی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ئەو هەوڵەی بەکارێکی "مەترسیدار" ناوبرد و پێیوانییە، مەبەستی موخابەراتی عێراق تەنیا ڕێگە گرتن بێت لەمادە بێهۆشکەرەکان "ئەوەی من تێبگەم موخابەراتی عێراق زانیاری لەسەر مادە بێهۆشکەرەکان و شتی دیکە کۆدەکاتەوە، دەکرێت دواتر دەست بۆ شتی دیکەش ببات کە زیانی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کورد هەبێت".

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەو کەسانەی لەم تۆڕە سیخوڕییەدا کار دەکەن ناسنامەیەکی تایبەتیان بۆ دروستدەکرێت، کە لەلایەن هیچ دەزگایەکی حکومییەوە لەکوردستان ڕێگریان لێنەکرێت.

عیسمەتئەرگوشی،بەڕێوەبەریئاسایشی گشتی کوردستان لەهەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ناتوانم بڵێم موخابەراتی عێراقی تائێستا کاری سیخوڕیان نەکردووە لە کوردستاندا، بەڵام ئێمە کاری خۆمان دەکەین و چاودێری هەرکەسێک دەکەین کە گومان بکەین کاری سیخوڕی دەکات و لێپێچینەوەش لە هەموو کارێکی موخابەراتی و سیخوڕی دەکەین".

لەهەمانکاتداعەمیدحەسەن نوری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی بێئاگایی خۆی لەهەر هەوڵێکی لەو شێوەی موخابەراتی عێراق دەربڕی و گوتی "تائێستا هیچ زانیارییەکم لەو بارەوە بەدەست نەگەیشتووە".



حوسێن عەلی،بریکاری وەزیری ناوخۆی عێراق

# سێ ساڵە 110 کورسی خوێندنی کوردستان لە دەرەوە بەتاڵن

**ڕووداو-هەولێر**

بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق ڕایگەیاند کە 110 کورسی بۆ قوتابیانی هەرێمی کوردستان لەزانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان تەرخانکراوە، بەڵام تا ئێستا یەک قوتابی بۆ بەدەستهێنانی ئەو کورسیانە پەیوەندییان پێوە نەکردوون. لەلایەکی دیکەشەوە ڕایگەیاند کە "زانکۆی سانت کلیمێنتس لەسەرتاسەری عێراق دادەخرێ".

لەگەڵ ئەوەی قوتابیانی کوردستان بەردەوام گازندەی ئەوە دەکەن، کە دەرفەتی خوێندن لە زانکۆکانی جیهانیان بۆ دابین ناکرێ، کەچی د.سەلام حەسەن خۆشناو، بریکاری وەزیری خوێندنی باڵای عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێ" کەموکورتی لەلای قوتابیانە کە تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە پەیوەندیمان پێوەبکەن و بچن لەدەرەوە بخوێنن".



د.سەلام حەسەن خۆشناو

بەچەند ڕێگایەک قوتابی دەتوانێت لەدەرەوە بخوێنێت لەوانەش ڕێگەی نێردە (بعثة)، واتە حکومەت خۆی لەدەرەوە کورسی خوێندن بۆ قوتابییەکە دابین دەکات و خەرجییەکانی خوێندنی دەگرێتە ئەستۆ، هەروەها ڕێگەی زەماڵە، کە زانکۆکە خۆی داوای چەند قوتابییەک لەوڵاتێکی دیکە دەکات و خەرجییەکانیش هەمووی یان نیوەی لەسەر زانکۆکەیە، هەندێکجاریش تەواوی خەرجییەکان لەئەستۆی قوتابیدایە.

ئەو ڕێگەیەی ئێستا قوتابیانی کوردستان دەتوانن بۆ خوێندن سودی لێوەربگرن، ڕێگەی ناردنی قوتابییانە لەلایەن حکومەتەوە، بەپێی قسەی بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق، ماوەی سێ ساڵە نزیکەی 1500 کورسی خوێندن بۆ هەموو قوتابیانی عێراق لەدەرەوە دابین کراوە، کە پشکی هەرێمی کوردستان لەو کورسیانە 17%یە.

بەڵام د.سەلام ئاماژەی بەوەدا لەو کورسیانەشدا حکومەتی عێراق بەشی کوردستانی بەتەواوی نەداوە "دابەشکردنی ئەو کورسیانە بەپێی ژمارەی دانیشتووانی هەر پارێزگایەک بوو، پارێزگا هەیە لە باشووری عێراق زانکۆی نییە، بەڵام بەشی خۆی بۆ دانرابوو، کۆیەش زانکۆی تێدابوو بۆیان دانەنابوو لەسەر پارێزگای هەولێر ئەژمار کرابوو".

بەپێی قسەی د.سەلام بەشی کوردستان بەو شێوەیەیە، سلێمانی 50 کورسی خوێندن، هەولێر 40 کورسی و دهۆکیش 20 کورسی "بەڵام ئەو کورسییانە ئێستاش بە بەتاڵی ماونەتەوە، ئێستا قوتابییان دەتوانن بێن داواکاری پێشکێش بکەن بۆ وەرگرتنی ئەو کورسییانە".

یەکێک لەو هۆکارانەی کە وایکرد قوتابیانی کورد سوود لەو 110 کورسییەی خوێندن وەرنەگرن، خراپی ڕەوشی ئەمنی شاری بەغدا بوو کە قوتابیان نەیاندەتوانی بۆ ئەنجامدانی مامەڵەی وەرگرتن بچنە بەغدا، بەڵام ئێستا بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق و وەزارەتی خوێندنی باڵای کوردستان، لەمەودوا تەواوی مامەڵە و کارە فەرمییەکانی تایبەت بەو 110 کورسییە لە هەولێر ئەنجامدەدرێن.

یەکێکی دیکە لەڕێگرییەکانی قوتابیانی کوردستان و عێراق بۆ چوونە دەرەوە، هەر وەک د.سەلام ئاماژەی پێدا مەسەلەی وەرگرتنی ڤیزا بوو " تائێستا قوتابیمان هەیە لەسوریاو ئوردن ڤیزایان دەست نەکەوتووە، بەڵام ئەوەی بیەوێت بۆ خوێندن بچێتە ئەمریکا، دێتە لای ئێمەو نووسراویان بۆ دەکەین بۆ باڵیۆزخانەی ئەمریکا و ڤیزای دەدرێتێ".

هەروەها د.سەلام گلەیی لەقوتابیانی کورد کرد، کە نایانەوێت سوود لەو 110 کورسییەی خوێندن وەربگرن " کەموکورتی زۆر لەقوتابیاندا هەیە کە تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە برۆن لەو کورسییانە سوودمەند بن".

# وەزارەتی کارەبا بە 162 ملیۆن دۆلار گازوایلی بۆ وێستگەی 500 میگاواتی پێ دابین نەکرا

## پارێزگاری هەولێر ڕەخنە لە میکانیزمی وەزارەتی کارەبا دەگرێ لە دابینکردنی گازوایل

**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی کڕینی گاز لە بازاڕی ڕەش بۆ وێستگەی کارەبای هەولێر نرخی گاز لەبازاڕەکانی کوردستان بەرز دەبێتەوە، پارێزگاری هەولێریش دەڵێ پێویست بوو وەزارەتی کارەبا گازاویلەکە لە عێراق یاخود لەدەرەوە دابین بکات، نەک پشت بەقاچاخ ببەستێ. وتەبێژی وەزارەتی کارەباش دەڵێت "ئەو گازەی بۆ وێستگەکە پێویستە هیچ بەڵێندەرێک ناتوانێ دابینی بکات".

وێڕای ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران 162 ملیۆن دۆلاری بۆ کڕینی گازوایل بۆ ماوەی 3 مانگ بۆ وێستگەی 500 میگاواتی هەولێر دایە وەزارەتی کارەبا،تاوەکو غازی سروشتی لە کێڵگەی کۆرمۆری ناوچەی قادر کەرەم دەگاتە وێستگەکە، سەرەڕای ئەوەی پارێزگای هەولێر بە دانی 18 ملیۆن لیتر لەبەشی نەخۆشخانەکان یارمەتی لەکار نەوەستانی ئەو وێستگەیەی دا کە وەزارەتی کارەبا سەرپەرشتی دەکات بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕۆژی 2009/8/29 یەک لە دوو یەکە تەواوبووەکەی وێستگەی 500 میگاواتی هەولێر کوژێندرایەوە.

دڵشاد محەممەد، راوێژکار و وتەبێژی وەزارەتی کارەبا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " 162 ملیۆن دۆلار، لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە تەرخانکرا بۆ کڕینی گازوایل بۆ وێستگەی کارەبای هەولێر بۆ ماوەی 3 مانگ، تەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیەش لەسەر بنەمای ئەو بەڵێنانە بوو کە کۆمپانیای دانە غاز دابووی، بۆ دابینکردنی غازی شل بۆ وێستگەکە، بەڵام تاوەکو ئێستا بەڵێنەکانیان جێبەجێنەکردوون ". پرۆژەی دانەغاز، وەک ڕاگەیێندرا دابینکردنی غازی وێستگەی 500 میگاواتی هەولێر لەماوەی دیاریکراوی خۆی زیاتر دوادەکەوێ.

بەپێی لێدوانی وتەبێژی وەزارەتی کارەبا، لەدواییین کۆبوونەوەی نێوان وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی سەرچاوە سروشتییەکان و کۆمپانیای دانەغازدا، بڕیاردرا لە 2008/8/31 غازی شل بگاتە وێستگەی کارەبای هەولێر "بەڵام تائێستا نەگەیشتووەو دیاریش نییە کەی دەگات".

وێستگەی کارەبای هەولێر، کە لەلایەن سەرمایەداری کورد ئەحمەد ئیسماعیلەوە بە بڕی 370 ملیۆن دۆلار دروستکراوەو توانای دابینکردنی 500 میگاوات کارەبای هەیە، بە گازوایل و غازی شل کار دەکات و لە 4 یەکە پێکدێت و تا ئێستا دوو یەکەی تەواوبوون و ڕۆژانە پێویستی بە1 ملیۆن و 700 هەزار لیتر گازە. لەکۆتایی مانگی ئاياری ئەمساڵ، دوو یەکەی کەوتە کار، بەڵام بەهۆی نەبوونی گازی پێویست بۆ وێستگەکە، یەکێک لە یەکە بەکارکەوتووەکان کوژێندراوەتەوە.

هەرچەندە بڕی 162 ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی گازی وێستگەکە تەرخانکراوە، بەڵام خستنەکاری ئەو وێستگەیە هێندە بە ئەرکە، بەجۆرێک دڵشاد محەممەد دەڵێت "ئەوەندە گازوایلی دەوێت نەهیچ بودجەیەک بەرگەی دەگرێت و نەهیچ بەڵێندەرێک دەتوانێ ئەو بڕەمان بۆ بهێنێ".

هەرچەندە وەزارەتی کارەبا لەڕێگەی چەند گرێبەستێکی دیکەوە هەوڵی هێنانی گازوایلی داوە، بەڵام نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت، بەپێی قسەی وتەبێژی وەزارەتی کارەبا دوو گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمریکی و ئێرانی کراون، کە کۆمپانیا ئەمریکییەکە گاز لە کوێتەوە بێنێت، بەڵام نەیتوانیوە بڕی داواکراو دابین بکات، هەرچی کۆمپانیا ئێرانییەکەشە تەنیا 3 ملیۆن لیتر گازی پێدابینکراوە.

وتەبێژی وەزارەتی کارەبا، گوتیشی "دوو کۆمپانیای ناوخۆ بۆ کڕینی 140 ملیۆن لیتر گازوایل تەندەریان وەرگرت، تەنها یەکێکیان پەیوەست بووە بەگرێبەستەکەوەو بەردەوامە لەهێنانی گازوایل، بەڵام بڕەکەی وەکو پێویست ناگاتە وێستگەکە".

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، ئاماژە بەوە دەدات کە سێ یەکەی وێستگەی کارەبای هەولێر ئامادەیە بۆ کارکردن "ئەگەر گازوایلی پێویستیان بۆ دابینبکرێت، کە بەلایەنی کەمەوە 300 میگاوات کارەبا دەدەن".

پارێزگاری هەولێر ڕەخنە لەوەزارەتی کارەبا دەگرێت، کە سیستمی ئیداریان بۆدابینکردنی گازوایل سەرکەوتوو نەبووە "وەزارەتی کارەبا بۆ دابینکردنی گازوایل پشتی بەبازاڕی ڕەشی کوردستان بەستووەو ئەو گاز وایلەش لەبازاری کوردستاندایە بەقاچاخ لە ئێران و بێجییەوە دێت، گازوایل یان دەبێت ئیستیراد بکرێت، یاخود دەبێت بەڕێککەوتن بێت لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراقی تاوەکو دابینکردنەکەی گرەنتی بێت، بۆیەش وەزارەتی کارەبا هەر لە گەڵ تەرخانکردنی پارەکە دەبووایە بەهاوکاری حکومەت یەکێک لەو دوو ڕێگەیەی دابین بکردبا".

بەهۆی ئەوەی وەزارەتی کارەبا بۆ دابینکردنی گازوایل بۆ وێستگەکە پشتی بەبازاڕەکانی کوردستان بەستووە کە گازوایلیان بەقاچاخی بۆ دێت، بۆیەش نرخی گاز لە هەولێر زیاتر لە دوو بەرامبەر بەرزبووەتەوە، ئەمەش کاری کردووەتە سەر کاسبی خەڵک و کارگەکان .

پارێزگاری هەولێر، دەڵێت"بازاڕی ڕەشی کوردستان ناتوانێ ئەو بڕە گازوایلە دابین بکات بۆیە نرخی گازوایل دوو هێندە بەرزبووەتەوە، سەرچاوەی بازاری گازوایلی کوردستانیش قاچاخە لەبێجی و ئێرانەوە دێت، بۆیە وەزارەتی کارەبا لەقەیرانی گرانبوونی گازوایل بەرپرسە".

دڵشاد محەممەد، لەبارەی ئەو گرفتەوە دەڵێت"پێش ئەوەی وێستگەکە کار پێبکەین داوای گازوایلمان لەحکومەتی عێراق کرد، بەڵام ئەوان هیچ ئامادەییەکیان پیشاننەداو بەپێچەوانەوە نرخی لیترێک گازوایل لەو کاتەدا لەبازاڕی کوردستان بە 675 دینار بوو، لەناو بێجیدا داوای 750 دیناریان لێدەکردین و بەکرێی گواستنەوەشەوە دەبووە810 دینار".

حکومەتی عێراق لەسەرەتای دەستکردن بە دروستکردنی پرۆژەی وێستگەی 500 میگاواتی بە ئەحمەد ئیسماعیلی ڕاگەیاندبوو ئەگەر وێستگەکە لە جیاتی هەولێر لە بەغدا دروستبکات سووتەمەنی بۆ دابین دەکات، ئەگەریش نا بۆی دابین ناکات.

بەهۆی کەمبوونەوەی گازوایل لەبازارەکانی کوردستاندا هەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی نیگەرانن لەرەوشەکەو گرفتیان بۆ دروستبووەو پارێزگاری سلێمانیش بڕیاریداوە ڕێ بە چوونی گاز نەدات بۆ هەولێر و تا ئێستا چەند تانکەرێک لە بازگەکانی سلێمانی بەرەو هەولێر گیراون.

پارێزگاری هەولێر هەڵوێستەکەی پارێزگای سلێمانی بەئاسایی و شیاو دادەنێ و دەڵێ "بۆ ئەوەی گرفتی گاز لەشارەکەیدا دروستنەبێت ڕێگە نادات گاز لەسنووری پارێزگاکەی دەربچێت، بۆچوونی ئێمەو پارێزگای سلێمانیش وایە ناکرێت وەزارەتی کارەبا پشت بەبازاڕی کوردستان ببەستێت".

هەر پارێزگایەکی عێراق بڕێک گازوایلی لەلایەن حکومەتی بەغداوە بۆ تەرخانکراوە، ئەم بڕەش بۆ نەخۆشخانەو مۆلیدە ئەهلییەکان و پێداویستییەکانی دیکەی ئەو پارێزگایەیە، پارێزگای هەولێر، سەرەڕای ئەوەی ڕەخنەی لە میکانیزمی گاز دابینکردنەکەی وەزارەتی کارەبا هەیە، بەڵام هەروەک پارێزگار ئاماژەی پێدا، بەهۆی ئەوەی وێستگەکە لەهەولێرەو پەیوەستە بەژیانی خەڵکەوە تاوەکو ئێستا 18 ملیۆن لیتر گازی لەبەشەکەی خۆی داوەتە وێستگەی کارەبای هەولێر.

وتەبێژی وەزارەتی کارەبا، لەو بارەیەوە دەڵێت "پارێزگای هەولێر 11 ملیۆن لیتر گازی پێش دەستەبەکاربوونی وێستگەکە دابینکرد، 7 ملیۆنی دیکەشیان لەکاتی کارکردنی وێستگەکەدا دابین کرد".

ئێستا ڕۆژانە تەنیا پێنج کاژێر کارەبای حکومەت دەدرێتە هاووڵاتیان لە هەولێر، ئەمەش نیگەرانی و تووڕەییەکی زۆری لای هاووڵاتیان دروستکردووە و وتەبێژی وەزارەتی کارەباش دەڵێت"ئەو بەڵێنانەی بەخەڵکمان داوە بۆ باشکردنی کارەبا ئەگەر بەویژدانەوە باسی بکەین، بەجێمانگەیاندوون".

ئەوە لە کاتێکدایە لە سەرەتای هاوین وەزارەتی کارەبا بەڵێنیدا کە لەگەڵ هەشت کاژێرەکەی مولیدە ئەهلییەکان 20 کاژێر کارەبا دەداتە هاووڵاتیان.

وتەبێژی وەزارەتی کارەبا، لەئەگەری نەبوونی کارەبادا وەزارەتەکەی بەکەمتەرخەم نازانێت"یەکەی سێیەمی وێستگەی کارەبای هەولێر ئامادەیە بۆ کارکردن و هەرکاتێک غازە سروشتییەکە ئامادەبوو ئێمە کاری پێدەکەین و لەکۆتایی ساڵدا دوو یەکەی وێستگەی کارەبای چەمچەماڵیش دەکەوێتە کارو 250 میگاوات کارەبا دەدات".

دڵشاد محەممەد، زیاتر پێداگیری لەسەر چارەسەرکردنی گرفتی کارەبا دەکات و دەڵێت "ئەگەر غازی سروشتی بۆ وێستەگەکان دابینکرێ 80% ی کێشەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەکوردستاندا چارەسەر بووەو هیچ کێشەیەکی نییە".

جگە لەوێستگەی کارەبای هەولێر، وێستگەی چەمچەماڵیش کە لە 6 یەکە پێکهاتووەو 750 میگاوات کارەبا دەدات، لەکۆتایی ئەمساڵ 2 یەکەی دەکەوێتە کار، یەکەکانی دیکەشی لەساڵی داهاتوو دەکەوێتە کار، بە هەردوو وێستگەکەش 1250 میگاوات کارەبا دەدەن.

### وێستگەی کارەبای 500 میگاواتی

- لە 4 یەکە پێکدێت و توانای دابینکردنی 500 میگاوات کارەبای هەیە.
- تێچووی وێستگەکە 370 ملیۆن دۆلارە.
- لەیەک ڕۆژدا پێویستی بە 1 ملیۆن و 700 هەزار لیتر گاز هەیە.
- دوو یەکەی کەوتووەتە کار، لەبەر کەمی گاز ئێستا یەک یەکەی کار دەکات.
- وا بڕیارە لەلایەن کۆمپانیای دانەغازەوە لە کێڵگەکانی کۆڕمۆڕەوە غازی شلی بۆ دابینبکرێ.



وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای 500 مێکاواتی لە هەولێر

ڕیپۆرتاژ

**دوعا پێش بگاتە ناو هەولێر دەستگیرکرا**



**رووداو-هەولێر**

◆ سەرچاوەیەک لە ئاسایشی کوردستان بە(رووداو)ی راگەیاند کە، دوعا حەمید، تەمەن17 ساڵ، لەسەرەتای مانگی رابردوو، پێش ئەوەی بگاتە ناوشاری هەولێر، دەستگیرکرا.هەروەها حەیدەر(ئەبو ئایە) ی مێردیشی کە یەکێکبووە لە سەرکردەکانی دەوڵەتی ئیسلامی عێراقی سەر بەقاعیدە لە ناوچەکانی موسڵ کوژرا. ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەراگەیێندراوێکدا لە رۆژی 2008/8/6 هەواڵی دەستگیرکردنی دوعا حەمید و کوژرانی حەیدەری لە" چالاکییەکدا" ئاشکراکرد.

## رانیای تەمەن 15 ساڵ

# مێردەکەی ماددەی هۆشبەری داوەتێ و بەنیازبووە بە ریمۆت کۆنترۆڵ بیتەقێنێتەوە

**رووداو- هەولێر**

رانیا ئەلعەنبەکی، تەمەن 15 ساڵ، لەلایەن مێردەکەیەوە پشتێنێکی مینڕێژکراوی لێدەبەسترێ و پێش ئەوەی بەسواری ئۆتومبێلێک بهێنرێتە ناوجەرگەی بازاڕی بەعقوبە بۆ خۆتەقاندنەوە، پەرداخێک شەربەتی خۆخی دەرخوارد دەدرێ کە ماددەی بێهۆشکەری تێدابووە.

بەگوێرەی ئەو پلانەی بە هەماهەنگی لەگەڵ مێردەکەی داڕێژرابوو: ئەندامانی قاعیدە تەقە لەهێزەکانی پۆلیس دەکەن و هەڵدێن، کاتێک ژمارەیەکی زۆری پۆلیس لەوناوە کۆدەبنەوە، رانیا دەچێتە ناویان و مێردەکەی بە ریمۆت کۆنترۆڵ دەیتەقێنێتەوە، بەڵام بەدەستگیرکردنی رانیا پلانەکە پووچەڵ دەبێتەوەو رانیاش لەدانپێدانانی خۆیدا وردەکاری زیاتر بۆ پۆلیس ئاشکرا دەکات.

بەگوێرەی لێدوانی رائید هیشام خالید بەرپرسی نووسینگەی لێکۆڵینەوەکان بۆ رۆژنامەی (الشرق الاوسگ) ئەو ژنەی لەنێو رێکخراوی قاعیدەدا کاری ئامادەکردنی ژنانی لەئەستۆیە بۆ خۆتەقاندنەوە، پووری رانیایەو لە کەرکووک دادەنیشێ، بەڵام رانیا تائێستاش ئەوە رەتدەکاتەوە.

رائید هیشام دەڵێت لەئەنجامی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەگەڵ رانیا دەرکەوتووە کە پووری ئەو ژنە بەناوی (وجدان سەلمان ئەلخەزرەجی) تەمەن 44 ساڵ، بەرپرسی یەکەمە لە راکێشان و پەیداکردنی ئافرەتان و ئامادەکردنیان بۆ خۆتەقاندنەوە، گوتیشی "زۆربەی ئەو ئافرەتانە بە تەمەن منداڵن، یان خەڵکی گوندەکانن و نەخوێندەوارن".

رائید هاشم راشیگەیاند کە پۆلیسی بەعقوبە وێنەیەکی (وجدان)ی دەستکەوتووەو وردەکاری تەواو لەبارەیەوە دەزانێ، هەروەها گوتی "دایکی رانیاش هەمان کاردەکات، بەڵام وجدان بەرپرسی سەرەکیی ئەو کارەیە". رانیا کە دایکی و داپیریشی لەگەڵ گیراون، پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەوان هیچ پەیوەندییەکیان بەو کارەوە نییە.

ئاژانسی فرانس پرێس، لەزاری رانیای تەمەن 15 ساڵانەوە بڵاویکردەوە کە ئەو پێش ئەوەی مێرد بکات و پشتێنێکی مینڕێژکراوی 20 کیلۆیی لێبسترێ بۆ خۆتەقاندنەوە، حەزی کردووە ببێتە پزیشک. رانیا جەخت لەوەدەکاتەوە کە ئەو بێتاوانەو مێردەکەی و ئافرەتێکی دیکە لەخشتەیان بردووەو قەناعەتیان پێکردووە کە پشتێنەکە لەخۆی ببەستێ. دەشڵێت کاتێک سواری ئۆتومبێلەکەیان کردووە بۆ ئەوەی بیگەیێننە بازاڕ هەرگیز بە نیازی تەقاندنەوەی نەبووە، رانیا دەڵێت "حەزمدەکرد کاتێک گەورەبووم ببمە پزیشک، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەوە نەمتوانی درێژە بەخوێندن بدەم". هەروەها باس لەوەدەکات کە چۆن مێردەکەی هەوڵیداوە تێیبگەیێنێ کە شەهیدبوون کارێکی چاکە، لەوبارەوە دەڵێت "مێردەکەم گوتی بەهەشت باخێکی خۆشە، پڕە لەگوڵ و دوو رووباری تێدایە، یەکێکیان ئاوەو ئەوی دیکەیان هەنگوینە. پڕە لەحۆری".

رانیا کە عەبایەکی رەشی بەسەرخۆیدا داوە، بەبیرهاتنەوەی ئەو قسانەی مێردەکەی زەردەخەنە دەیگرێ. مێردی رانیا کە ناوی محەممەدەو یەکێکە لە بەرپرسەکانی قاعیدە لە پارێزگای دیالەو تۆمەتی کوشتنی نزیکەی 40 کەسی لەسەرە کە بەپێی قسەی بەرپرسانی پۆلیسی بەعقوبە زۆربەی سەربڕیون.

رانیا لەتەمەنی 14 ساڵیداو بەزۆری دایکی کە کێشەی بێ پارەیی هەبووە مێردی کردووە، لەکاتی لێکۆڵینەوەدا باسی لەوەکردووە کە بەنیازبووە بچێتەوە ماڵی دایکی و پشتێنەکەی بداتێ، یان داوای لێبکات پۆلیس ئاگادار بکاتەوە.

رانیا کە رۆژی 25ی ئابی رابردوو دەستگیرکراوە، دەڵێت کە ئەو رۆژە درۆیان لەگەڵ کردووەو لەخشتەیان بردووە. ئەو کە لەتەمەنی 11 ساڵیدا دەستبەرداری خوێندن بووە، بەسەرهاتی رۆژی دەستگیرکردنەکەی دەگێڕێتەوەو دەڵێت "مێردەکەم منی بردە ماڵی کچە پوورێکی کە ئەوە یەکەم جارم بوو بیبینم، بۆئەوە چووین کە پارەی لێ قەرزبکەین، چونکە مێردەکەم گوتی پزیشک ئامۆژگاری کردووم کە نەشتەرگەرییەک بکەم بۆئەوەی منداڵمان ببێت، گوتی پێویستم بە پارەیەو دەچین لە ئوم فاتیمەی قەرز دەکەین، لەوێ لەماڵی ئەو ژنە کە یەکەم جارم بوو بیبینم پەرداخێک شەربەتی خۆخیان دامێ کە خواردمەوە هێڵنجم هاتێ و کەللەم پڕبوو لە خەیاڵ و وەسوەسە، ئینجا داوایان لێکردم پشتێنەکە ببەستم". رانیا هەروەها دەڵێت "سواری پاسێک بووین و بەرەو بازاڕ کەوتینەڕێ، من زانیم بۆمبڕێژکراوم و وایەرەکانم بینی، بەڵام دڵنیایان کردمەوە کە ناتەقێتەوە، کاتێک گەیشتینە بازاڕ لەمن جیابوونەوەو گوتیان هەندێک شت دەکڕین و دێینەوە".

لەوکاتەی رانیا دەگاتە بازاڕ، چەند چەکدارێک هێزەکانی پۆلیس دەدەنە بەر دەستڕێژو سێ کەسیان لێدەکوژن، رانیا کاتێک بەنێو قەرەباڵغیەکەدا خەریکی رۆیشتن دەبێت بە جموجوڵە سەرنجڕاکێشەکانی گومانی پۆلیسەکان دەوروژێنێ، داوای لێدەکەن لەشوێنی خۆی رابوەستێ، کاتێک دەیەوێ مل نەدات دەگەنە سەری و کۆنترۆڵی دەکەن، ئەو کاسێتە ڤیدیۆییەی ئێستا لای پۆلیسە بەئاشکرا ئەوە دەردەخات کە رانیا لەساتی دەستگیرکردنیدا تەواو نائاسایی بووەو لەژێر کاریگەریی ماددەی بێ هۆشکەردا بووە.

لیوا عەبدولکەریم خەلەف بەڕێوەبەری پۆلیسی دیالە بەوەکالەت، دەربارەی وردەکاریی پلانەکە دەڵێت "چەکدارەکانی قاعیدە هەماهەنگییان لەگەڵ مێردی رانیا کردبوو کە ئەوان لەناو بازاڕدا تەقە لەهێزەکانی پۆلیس دەکەن و هەڵدێن، ئەمانیش چاوەڕێ دەکەن تا زۆرترین ژمارەی پۆلیس لەوناوە کۆدەبنەوە، ئینجا بە ریمۆت کۆنترۆڵ رانیای خێزانی لەنێو قەرەباڵغیەکەدادەتەقێنێتەوە".

ئەو ئەفسەرەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ رانیا کردووە دووپاتیدەکاتەوە کە رانیاش هەڵگری فکرێکی توندڕۆیە، چونکە وەک ئەو دەڵێت ئەوکاتەی لەژوورەوە بەتەنیا لەگەڵ دایکی قسەی کردووە، لێی تووڕەبووە کە بۆچی هاوکاری مورتەدەکان دەکات، ئاگای لێنەبووە کە ئەوان بەئامێرێکی شارەوە گوێیان لەقسەکانی گرتووە.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە باوک و برایەکی رانیا پێشتر خۆیان تەقاندووەتەوەو هەردووکیان دوا بە دوای یەک لەگوندی ئەبوسەیدای نزیک بەعقوبە لەدوو هێرشی خۆکوژیی جیاوازدا کوژراون.



رانیا ئەلعەنبەکی



رانیا ئەلعەنبەکی لە کاتی دەستگیرکردنیدا لە رۆژی دەستگیرکردنیدا لە 2008/8/24

# "مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەت مل دەنێ"

## رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی: چارەنووسی مالیکیش بە هەمان چارەنووسی جەعفەری دەگات

**رووداو- هەولێر**

ئەندامێکی پایەبەرزی نێو لیستی هاوپەیمانیی کوردستان حکومەتی عێراقی بەوە تۆمەتبار کرد کە لە رێککەوتنی رۆژی 2008/9/3ی تایبەت بە تەنگژەی خانەقین پاشگەز بووەتەوەو ئەوەشی بە "ئاماژەیەکی مەترسیدار" ناوبرد کە وەک ئەو گوتی "دەریدەخات مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەت مل دەنێ". ئەم قسانەش لەکاتێکدایە کە عەلی دەباغ گوتەبێژی حکومەتی عێراق رەتیکردەوە هیچ رێککەوتنێک دەربارەی کشانەوەی سوپای عێراق لەخانەقین ئەنجام درابێت و بەرپرسێکی باڵای هێزی پێشمەرگەش رایگەیاند کە تائێستا یەک سەربازی عێراقی لەناوچەکە نەکشاونەتەوە.

بەگوێرەی ئەو رێککەوتنەی رۆژی چوارشەممە 2008/9/3 لەنێوان شاندی باڵای وەزارەتی بەرگریی و ناوخۆی عێراق و لایەنی کوردستانیدا ئەنجام دراو دواتر لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا راگەیێندرا، بڕیاربوو سوپای عێراق بگەڕێتەوە شوێنەکانی پێشووی خۆی و هێزەکانی پێشمەرگەش بکشێنەوە بۆ ئەو ناوچانەی پێشتر لێوەی هاتوون و پاراستنی ئاسایشی شارەکەش بە هێزەکانی پۆلیس بسپێردرێت، ئەم رێککەوتنە بڕیار بوو رۆژی هەینی 2008/9/5 بچێتە واری جێبەجێکردنەوەو هێزەکانی هەردوولا دەست بە پاشەکشە لەناوچەکە بکەن، بەڵام هەر هەمان رۆژ عەلی دەباغ گوتەبێژی حکومەتی عێراق رەتیکردەوە کە هیچ رێککەوتنێک ئیمزا کرابێت و رایگەیاند کە حکومەتی عێراق مافی خۆیەتی دەسەڵات بەسەر هەموو ناوچەکانی عێراقدا بسەپێنێ. قسەکانی دەباغ تەنانەت رۆژێک دوای لێدوانێکی حەیدەر ئەلعیبادی یەکێک لەبەرپرسە باڵاکانی نێو حیزبی دەعوە هات بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی کە گوتی رێککەوتنەکە لەسەر کشانەوەی هێزی پێشمەرگەو جێگرتنەوەیان لەلایەن سوپای عێراقەوە بووە نەک بەپێچەوانەوە. عیبادی دەربارەی کۆبوونەوەکانی بەغداش کە لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتی چوارقۆڵیدا لەنێوان پارتی و یەکێتی و حیزبی دەعوەو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیدا بەڕێوەچوو، رایگەیاند کە هەموو لایەک رێککەوتوون لەسەرئەوەی پابەندی دەستوورو یاسا بن و گوتیشی "بەپێی دەستوور ناوچەکانی جێی ململانێ لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدا دەمێننەوە" هەروەها گوتی "بەگوێرەی دەستووری عێراق مومکین نییە رێگە بەدەرچوونی پێشمەرگە لە سنووری هێڵی شین بدرێت".

لێدوانی بەرپرسانی عێراق هەرلەماوەی دوو رۆژی پاش رێککەوتنەکەی خانەقیندا دوابەدوای یەک هاتن و سەرلەنوێ ئەو دۆخەیان بەرەو ئاڵۆزی بردەوە کە رووی لەهێوربوونەوە کردبوو. عەباس ئەلبەیاتی کە تورکمانێکی شیعەی سەر بە لیستی ئیئتیلافە، لەبەرپرسانی دیکەی نێوکوتلەکەی دوورتر رۆیشت و رۆژی 2008/9/4 رایگەیاند کە پێویست ناکات حکومەتی عێراق هیچ گفتوگۆو دانوستانێک دەربارەی خانەقین بکات، چونکە وەک ئەو گوتی "ماددەی 140ی دەستوور تەنیا ئاماژەی بە کەرکووک کردووە وەک ناوچەیەکی جێی ململانێ" هەروەها گوتی "تائێستا هیچ دەقێکی یاسایی و دەستووریمان نییە دیاری بکات چەندن ئەو ناوچانەی کە جێی ململانێن و بۆ کێ دەگەڕێنەوە" هەربۆیە وەک ئەو گوتی داواکاری کورد سەبارەت بەو ناوچانە "هیچ شەرعیەتێکی دەستووری و یاسایی نییە ئەگەر لایەنەکانی دیکەش رای خۆیانی لەسەر نەدەن".

بەرپرسانی کورد کە بەدرێژایی هەفتەی رابردوو لەخانەقین بوون و لەنزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەو گفتوگۆیە بوون و لەنێو دانوستانەکاندا بوون، لێدوانی بەرپرسانی عێراقی بە پاشگەزبوونەوە لە رێککەوتنەکە لەقەڵەم دەدەن.

مستەفا چاوڕەش بەرپرسی مەڵبەندی پێشمەرگە لەوبارەوە بۆ (رووداو) گوتی "ئێمە لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەفدی بەغدا بەتەواوی رێککەوتین لەسەرئەوەی کە هێزەکانی هەردوولا دەچنە کوێ، ئینجا کە ئەوان بردوویانەتەوە بۆ مالیکی و رازی نەبووە، ئەوە دەسەڵاتی خۆیانەو ئێمەش لەبەر رۆشنایی رازینەبوونی ئەوان هەنگاوی خۆمان هەڵدەگرین". هەروەها گوتی "تەنانەت پێش ئەوەی ئەو وەفدەش بێتە خانەقین، لە بەغدا لەنێوان شاندی هەرێمی کوردستان و بەغدا گفتوگۆی سیاسی هەبووەو تەنیا هەندێ شتی مەیدانی مابوو کە ئێمە لەسەری رێکبکەوین".

مستەفا چاوڕەش کە لەخانەقینەوە قسەی دەکرد رایگەیاند کە تائێستا هێزەکانی سوپای عێراق لە شوێنەکانی خۆیان نەکشاونەتەوە.

د. سەعدی بەرزنجی جێگری سەرۆکی کوتلەی هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق کە لەسەروبەندی قەیرانەکەدا بە سەرۆکایەتی شاندی پەرلەمانتارانی سەر بە لیستی هاوپەیمانی سەردانی خانەقینی کردو ئاگاداری بەڕێوەچوونی گفتوگۆکان بووە، بۆ (رووداو) گوتی "رێککەوتنێکی سیاسی هەبوو کە بارودۆخەکە ئارام بکرێتەوەو بۆ پێش بەرپابوونی تەنگژەکە بگەڕێنرێتەوە، هەروەها رێککەوتنێکی مەیدانیش هەبوو کە چۆن هێزەکان بکشێنەوە، بەڵام ئێستا حکومەتی عێراق وا پێشان دەدات کە پاشگەزبووەتەوە".

بەرزنجی پاشگەزبوونەوەی حکومەتی عێراقی بە "ئاماژەیەکی زۆر خەتەرو مەترسیدار" ناوبردو گوتی "من پێشتریش هۆشداریم داوە کە حکومەتی مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەت مل دەنێ، ئێستا ئەم رەفتارەی حکومەتی عێراق بەئاشکرا ئەوە دەسەلمێنێ".

سەعدی بەرزنجی هۆشداریی ئەوەی دا کە مالیکی لەژێر کاریگەریی کەسانێکی سەر بە رژێمی پێشووی عێراقدایەو هەمان ئەو کەسانە ئەگەر لەترسی ئەمریکا نەبوایە کودەتایان لەسەر دەکرد "مالیکی کەوتووەتە ژێر کاریگەری هەندێ راوێژکارو کەسانێکی وەک وەزیری بەرگری کە پیاوی رژێمی پێشوو بوونە، دڵنیام ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق نەبوونایە لەمێژبوو کودەتایان لەسەر کردبوو".

لە هەمانکاتدا عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرکۆماری عێراق مەترسی خۆی لە هاتنە پێشەوەی رۆڵی سوپا لە عێراقدا دەربڕی و گوتی "ئەوە عێراق دەخاتە بەر مەترسی کودەتای سەربازی، بە تایبەتیش کە زۆربەی ئەفسەرەکانی سوپای نوێی عێراق پێشتر ئەفسەری سوپای سەدام بوونە".

بەدگومانیی لایەنی کوردی بەرامبەر دەسەڵاتدارێتی بەغدا ماوەیەکە روو لەهەڵکشانەو ئەم گومانەش بەئاشکرا لەو هەڤپەیڤینە رۆژنامەوانییەدا بەدیارکەوت کە رۆژنامەی (الشرق الاوسگ) کۆتایی مانگی رابردوو لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سازیداو تێیدا سەرۆکی هەرێم توندترین رەخنەی ئاراستەی بەغدا کردو حکومەتەکەی مالیکی بە تاکڕەوو تۆتالیتار وەسف کرد. ئەم گومانە بەدرێژایی یەک ساڵی رابردوو، بەهۆی کەڵەکەبوونی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا لەسەر چەندین مەسەلەی وەک خۆدزینەوە لەجێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور، کێشەی یاسای نەوت و غازو گرێبەستەکانی نەوت لەهەرێمی کوردستان، بودجەی پێشمەرگەو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و دواترینیشیان هێنانە بەرباسی کشانەوەی پێشمەرگە بۆ پشت هێڵی 36 بەردەوام لە گەورەبووندایە. سەعدی بەرزنجی تەنانەت گومانی خستە سەر مەبەست لە گۆڕینی تیمی دانوستانکاری حکومەتی عێراق لەگەڵ واشنتن بۆ مۆرکردنی رێککەوتننامەی ئەمنی کە وەزارەتی دەرەوە ئەنجامی دەداو د. بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیران سەرپەرشتی دەکرد. هەرچەندە حکومەتی مالیکی وا رادەگەیێنێ کە تیمەکە کارە هونەرییەکانی تەواو کردووەو پێویستە لایەنە سیاسییەکەی بەتیمێکی دیکە بسپێردرێت کە مۆفەق روبەیعی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆکایەتی دەکات، بەڵام سەعدی بەرزنجی رایگەیاند کە باوەڕی بەو تەفسیرە نییەو گوتی "ئەوەش لەچوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەتی عێراقدایە بۆ کەمکردنەوەی رۆڵ و دەسەڵاتی کورد لە بەغدا".

جموجوڵی مالیکی نەک هەر لەسەر ئاستی ناوخۆ بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانی دەرەوەش خەریکە دەبێتە جێگای سەرنج، رەنگە جۆناسان ستیل پەیامنێری رۆژنامەی "گاردیان"ی بەریتانی ئامانجەکەی تەواو پێکابێت کاتێک دەنووسێت "مالیکی دەمامکەکەی خۆی لابردو ئێستا رووی راستەقینەی خۆی بەدیارخستووە".

گاردیان کە باس لەکێشەی ئێستای نێوان بەغداو هەولێر دەکات، پێشبینی ئەوەدەکات مالیکی بەهەمان چارەنووسی ئیبراهیم جەعفەری سەرۆک وەزیرانی پێشوو بگات و بەهۆی ئەم ململانێیەوە لەگەڵ کورد ئەمریکا دەسەڵاتەکانی لێ دابماڵێ.

مالیکی کە پێشتر لەنێو حیزبی دەعوەدا کودەتای بەسەر جەعفەریدا کردووە، گاردیان وا وەسفی دەکات کە بە بەگژداچوونەوەی کوردو سوننەو ئەمریکا لەیەک کاتدا دەیەوێت وەک پاڵەوانێکی نیشتمانی خۆی نمایش بکات و ئەمەش هیچ نییە جگە لە ئامادەسازییەک بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کە رۆژنامەکە پێشبینی دەکات ئەمجارە مالیکی لیستی تایبەت بەخۆی هەبێت.



نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق



## منداڵانی باکوور داوای خوێندنی کوردی دەکەن

ڕووداو-DIHA

◆ لە سەرەتای ساڵی تازەی خوێندن دا، منداڵانی باکووری کوردستان لە زۆر شارو شارۆچکەی باکووری کوردستان و تورکیا بە خۆپێشاندان چوونە بەردەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە و فێرکردن بۆ داواکردنی خوێندن بەزمانی کوردی . منداڵەکان بەدروشمی "جارێکی دی ساڵی نوێی خوێندن دەستی پێکرد، جارێکی دیکە زمانی زگماکی خۆم لەماڵ ناهێڵم"، پێداگیریان لەسەر داواکارییەکەیان کرد، کە لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و مافی منداڵ دا هاتووە.

# لە ڕۆژی ئاشتی جیهانیدا لە کورد درا

**مراد کۆلجا**
**ڕووداو- DÎHA**

نزیکەی 150 کرێکاری کورد کە لە ناویاندا ژمارەیەک ژنیش هەبوون، بۆ کۆکردنەوەی بەرووبوم لە یەکی ئەیلوول، ڕۆژی ئاشتیی جیهانی و یەکەمین ڕۆژی ڕەمەزان چوونە شارۆچکەی تەپەکۆی مێرسین، بۆ داواکردنی مافەکانیان، بەڵام لەگەڵ خاوەن باخچە و شارەوانیدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە و زۆر سوکایەتی بەژنان کرا و لەمنداڵانی کورد درا لەلایەن تورکانەوە.

ئەو کوردانەی لە ئەنجامی شەڕ لەساڵانی نەوەتەکانەوە گوندەکانیان چۆڵکراون و ئاوارەی شاری مێرسین بوون، لە لایەکەوە بە دەست هەژاری و کێشەی ئابوورییەوە دەناڵێنن و لە لایەکی دیکەشەوە لەسەرەتایترین مافەکانی ژیان بێ بەشن. هەمیشە سیاسەتی جیاکاری و تواندنەوەیان لەسەر جێبەجێدەکرێ. جگە لەوەی تا ئێستا چەند جارێک خۆپیشاندان لەلایەن تورکە شۆڤێنییەکانەوە ئەنجامدرا تاوەکو دەوڵەت ڕێ لە منداڵبوونی کورد بگرێ، چونکە وەک ئەوان دەڵێن ئەگەر ڕەوشەکە وا بەردەوامبێ شارەکە دەبێتە شارێکی زۆرینە کورد.

150 کرێکار کە لە ناویاندا ژمارەیەککرێکاری ژنیش هەبوون، لە کێڵگەکانی کۆکردنەوەی شەفتالین لە شارۆچکەی تەپەکۆی کاریان دەکرد،ئەوان پێش وەختە لەگەڵ خاوەن باخچەکان لەسەر ڕۆژانەی 25 لیرەی نوێی تورکی بۆ ژنان و 35 لیرەش بۆ پیاوان ڕێککەوتبوون. بەڵام دوای ئەوەی پێیدەگوترێ "مەمیش" دەستنیشانکرالەلایەن خاوەن باخچەکان کە محەممەد ئویارە، بەهانە گرتن بە کرێکارانی کورد دەستی پێکرد،بەوەی کە ڕۆژانەکەیان زۆرە، لەگەڵ خاوەن باخچەکانی دیکەش سەبارەت بەم مەسەلەیە لەگەڵ یەک ڕێککەوتن، دوای تەواوبوونی کار خاوەن باخچەکان گوتیان کرێیەکە زۆرە و نایدەین. سەبارەت بەم مەسەلەیە عەبدولقادر ئاکیوز نوێنەری کرێکارە کوردەکان ڕایگەیاند کە ئەوان لەمەوبەر لەگەڵ خاوەن باخچەکان لەسەر ئەم برە ڕۆژانەیە پێکهاتبوون.





جیهان ئاکیوز تەمەن 12 ساڵ

دواتر کێشەکە پەرەدەسێنێ محەممەد ئویاری خاوەن باخچە هێرش دەکاتە سەر کرێکارەکان و دەڵێت "هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئێوە و کوردانی تیرۆریستی شرناخ نییە، ئێوە تیرۆریستن، دەبێت ژنی ئەو کەسانەی لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوونەتە ئێرە لە شوێنێک کۆبکرێنەوەو و ..". لە ئەنجامی ئەو سووکایەتی پێکردنە شەڕو پێکدادان لەنێوان کرێکاران و دانیشتوانی گەڕەکەکەدا بە بەرد و دار وچەقۆ شەڕ هاتە ئاراوە. دوای ئەوە هەموو دانیشتوانی شارۆچکەی تەپکۆ کە شارەوانییەکەی لەدەست پارتی داد و گەشەپێدان AKP دایە هێرشیانکردە سەر کرێکارانی کورد لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەدا هەموو ژن و منداڵی شینایی ئەو شارۆچکەیە هێرشیان کردە سەر کرێکارانی کورد.

ئیحسان ئاکیوز، تەمەن 38 ساڵ، کە چەندین چەقۆی بەرکەوتووە، ڕوونیکردەوە کە خاوەن باخچەکان زۆر بەوە تورەدەبن کە ئێمە بە کوردی قسەدەکەین و گوتی" کاتێک ئێمە بە کوردی قسەمان کرد، ژنێکی خاوەن کێڵگە کە من ناوی نازانم گوتی: ئێوە بۆچی بە کوردی قسە دەکەن؟ ئێوە جنێومان پێدەدەن، دەبێ بزانن پیاو هەیە لێت ڕاست بنەوە، پیاوەکانمان هەموویان شەڕخوازن و بە یەک ئیشارەتی من هەمووتان پەرێشان دەکەن . بەوشێوەیە ئەو ژنە زۆر هەڕەشەی لێکردین و گەڵێک سووکایەتیشی پێکردین".ئەو کرێکارە کوردە دەڵێ هەرچەندە ئەو شوێنەی هێرشیان لێکرایە سەر تەنیا " 10 دەقیقە لە شوێنی جەندرمە دوور بوو، بەڵام بە هاوارمانەوە نەهاتن، سەرەڕای ئەوەش ئەفسەری جەندرمەکانیش پێیگوتین : چۆن ڕزگارتان بکەم خۆ هەلیکۆپتەرتان بۆ ناهێنم ؟".

ئیحسان ئاکیوز دەستنیشانی کرد سەرەڕای ئەوەی مەموشیان وشیارکردەوە کە بەس بێ سووکایەتیان پێ بکات، کەچی هەر وازی نەهێنا، ئاکیوز گوتی "ڕووداوەکە لەسەر دووزمانی مەمیش گەورە بوو، ئەو کەسە فەسادی لە نێوان ئێمە و دانیشتوانی شارۆچکەکەدا کرد، ئەوانیش بە چەقۆ و بەرد و دار هێرشیان کردە سەرمان، لە ئێمە و ژنان و منداڵەکانیشیانداین. ئێمە ئەو جەندرمە و ئەو کەسانەی هێرشیان کردە سەرمان بە تاوانبار دەبینین " .

جیهان ئاکیوز، تەمەن 12 ساڵ، ئەوکاتەی دەبینێ ئیحسانی باوکی دەکەوێتە بەر هێرش و خەڵکی لێیدەدەن بۆ لای باوکی غار دەدات، بەڵام ئەویش لە لێدانی خۆیان ناپارێزن وشان و پشت و دەموچاوی بریندار دەکەن.

کرێکارێکی دیکەی کورد بەنێوی ئیبراهیم خەلیل شاهین،تەمەن 54 ساڵ، دەستنیشانی کرد لەبەر ئەوەی کوردن ڕووبەڕووی هێرشێکی لەو چەشنە بوونەوە و گوتی" ئەگەر وا بەردەوام بێت مێرسین دەبێتە ناوەندێکی ڕووبەڕووبوونەوەی خوێناوی نێوان کورد و تورک". ئیبراهیم دەڵێ کەس مافی ئەوەی نییە سوکایەتی بەکەسێکی دیکە بکات، بۆیە زۆر پێی ناخۆشە کە بەو شێوەیە لەبەرچاوی جەندرمە سوکایەتیان پێکراوەو دەڵێ " ئەگەر کورد هێرشی بکردایەتە سەر تورک ئەوسا دەوڵەت بە هەموو هێزی خۆیەوە بەرەنگاری کورد دەبووەوە، بەڵام لەبەرئەوەی دانیشتوانە تورکەکانی شارۆچکەکە هێرشیان کردە سەر کورد، پۆلیس وجەندرمە دەنگیان نەکرد،بۆیە ئەگەر ئێمە ئەوێمان بەجێنەهێشتبا لەوانە بوو چەند کەسێکمان گیانیان لە دەست بدابایە".

مریەم ئاکیوز، کچێکی تەمەن 20 ساڵە،لەپێناو ئەوەی برا 12 ساڵییەکەی نەکەوێتە بەر لێدانی تورکان، خۆی دابووە پێش براکەی و لەئەنجامدا هێندە لێدانی پێکەوتبوو هەر لەوێ لەهۆش خۆی چووبوو. مریەم کە زۆر شوێنی جەستەی برینداربوونە گوتی "هێزە ئەمنییەکان کە سەیری ڕووداوەکەیان دەکرد هیچ ڕێگرییەکیان لەخەڵکەهێرشکارەکە نەکرد".

پۆلیس و جەندرمەی شارۆچکەی تەپکۆی کە بەخۆیان، شایەتی ئەو دەستدرێژییە بوون بۆ سەر ئەو کرێکارە کوردانە و منداڵەکانیان تا ئێستا لێکۆڵینەوەیان لەبارەی ئەو ڕووداوە دەست پێنەکردووە، بەڵام ئەو کرێکارە کوردانە بڕیاریانداوە سەر لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ÎHD بدەن.



عەبدولقادر ئاکیوز



مریەم ئاکیوز



ئیحسان ئاکیوز



ئیبراهیم خەلیل شاهین

## بەهمەن عەلییار ئەندامی دەفتەری سیاسی کومەڵە:

# دانیشتنەکانمان لەگەڵ ئەمریکا بۆ ئەوەن کۆمەڵە سەری بێ کڵاو نەمێنێتەوە

**بەهمەن عەلییار، ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتێکشانی کوردستانی ئێران لەمەقپەیڤینێک دا لەگەڵ (ڕووداو)، کە بەتەواوی لە (ڕووداونێت : www.rudaw.net) دا بڵاوکراوەتەوە، ئاشکرای دەکات کە ئەوان لەگەڵ ئەمریکا دانیشتوون و ئەگەر ئەمریکا هێرشبکاتە سەر ئێران و ببینن بەرژەوەندی ئەوانیش لەگەڵ ئەمریکادا دەگونجێ هاوکاری ئەمریکا دەکەن ئەوە لەکاتێکدایە کە (حەسەنی شەمسی) ئەندامی دەفتەری سیاسی باڵەکەی دیکەی کۆمەڵە واتە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران –کۆمەڵە لە مەمەقپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕایگەیاند کە ئەوان ئامادەنین هاوکاری هیچ هێرشێکی ئەمریکا بکەن بۆ سەر ئێران.**

**ڕووداو: ماوەیەکی زۆرە لەم شاخە ئۆردوگانیشینن، دەتانەوێت هەر لەم ئۆردوگایانە بمێنەوە وەک حیزبێکی ئۆردوگانشین؟**

**بەهمەن خالید عەلی یار:** هاتنمان بۆ ئەم ئۆردوگایانە شتێکی دڵخوازی خۆمان نەبووە و بەهۆی هەلومەرجی سیاسی بووە .کاتی خۆی خەباتمان لە دژی جمهوری ئیسلامی لەئێران دەستپێکرد، هێرشێکی بەربڵاو و گەورەی کردە سەر کوردستان، سەنگەر بە سەنگەر کوردستانی ئێران بە ئێمە چۆڵکرا، ناچاربووین هاتینە کوردستانی عێراق و مانەوەشمان بەهۆی ئەوەیە کە هێشتا ئەو ئاڵوگۆڕە پێکنەهاتووە بچینەوە. بەڵام بەگشتی پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵک و خەباتی ئێران نەپساوە .بەو واتایە نییە کەئێمە لەئوردوگا دانیشتوین تابزانین چ ئاڵوگۆڕێک دێتە پێشەوە یا دەستێکی غەیبی ئێمە بەرێتە ناوەوە.

**ڕووداو: چاوەڕێی موعجیزەیەکن یان چاوەڕێی ئەمەریکان؟**

**بەهمەن خالید عەلی یار:** چاوەڕێی هیچیان نین، نەموعجیزە، نەمریکا، شێوازی سەرەکی خەبات و تێکۆشانی خۆمان ئەوەیە خەڵکی کوردستان ڕێکبخەین و سازی بدەین بۆ خەبات بەدژی جمهوری ئیسلامی و لەرێگای ڕێکخستنی موبارەزەی خەڵکی کوردستان. تێکۆشانی خۆمان لەسەرئەوەدانەناوە ئەمریکا ئەو کارەمان بۆبکات.

**ڕووداو: ئەمانی خەباتی چەکداریتان بە خواستی خۆتانە یان بە فشاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە ؟**

**بەهمەن خالید عەلی یار:** دوای ڕاپەڕینی ساڵی1991 کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی ناوچەکەی بەدەستەوە گرت، ئەوان داوایان لەئێمەکردووە کەلەسنوورەکانی ئەوان بۆخەباتی چەکداری لە ئێران کەڵک وەرنەگرین، ئەوە کاریگەری هەبووە و ئێمە بەدەم ئەوداخوازییەی حکومەتی هەرێمەوە هاتووین و خەباتی پێشمەرگانەمان لەو ناوەدا ڕاگرتووە، بەڵام جاروبار هێزی پێشمەرگەمان هەرچوونەتەوە، زیاتر بۆکاری ڕێکخستن و هەندێ کاری تری خۆمان هێزی پێشمەرگەمان ناردۆتەوە، هێزی پێشمەرگەی خۆمان ڕانەگرتووە.

**ڕووداو: ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێتان پێبدات دەستی پێدەکەنەوە؟**

**بەهمەن خالید عەلی یار:** چالاکی پێشمەرگانە جۆرێکە لەخەبات، خەباتی چەکداری لەدەورەیەکی دیاریکراودا کەجمهوری ئیسلامی زەخت و زۆری بەسەر خەڵکەوە بووە، خەباتی چەکداری ڕۆڵی زۆری دەبینی بەوەی کە ورەی خەڵک بەرێتە سەرێ و پاشەکشە بەڕژێم بکات، ئێستا خەباتی جەماوەری بەهێزە، نامانەوێت خەباتی چەکداری ئەوەندە سێبەر بخاتەسەر ئەوە، کە پاشەکشە بەوشکڵانە لەخەبات بکات.بەڵام ئەگەر یارمەتیدەر بێت دەیکەین و ئێمە خەباتی چەکداریمان ڕەتنەکردووەتەوە .

**ڕووداو: هەندێ کەس پێیوایە شەڕی چەکداری بە یەکێک لە هۆکارەکانی بەهێزیوونی پژاک دادەنرێ؟**

**بەهمەن خالید عەلی یار:** خەباتی پێشمەرگانە لەدەیان ساڵی رابردوودا لەکوردستانی ئێران و عێراق کاریگەری زۆری هەبووە، لەبەرئەوە وەکو سونەتێک خەڵک پێشمەرگەی خۆشدەوێت، خەباتی چەکدارانە کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام پژاک نەیتوانیوە لەو ڕێگەیەوە جێی هێزە سیاسییەکانی دیکە بگرێتەوە، ناڵێم نفوزی پەیدانەکردووە، بەڵام پژاک، لە ڕاگەیاندن دا زۆر گەورە دەکرێت چونکە پژاک ئەوەندە نفوزی لە ناو خەڵک نییە، پژاک خەباتە چەکدارییەکەشی ئەوەندە بەهێز نییە، بۆیە من لەو بڕوایەدا نیم پژاک ئەوەندە خۆشەویست بووبێت جێگای هێزەکانی دیکەی گرتبێتەوە.

**ڕووداو: بۆچی ئێوەو پژاک هێرشێکی ڕاگەیاندنتان لەنێواندا هەیە، حاجی ئەحمەدی سەرۆکی پژاک چەند هێرشیکردووەتە سەرئێوە،ئەسڵی ناکۆکی نێوانتان چییە؟**

**بەهمەن خالید عەلی یار:** هێرشێکی ڕاگەیاندنی قورسمان لەدژی یەکتر نییە، حاجی ئەحمەدی بەسروشتی خۆی ئینسانێکی ساویلکە و لەبارەی سیاسییەوە نەزانە، کارێکتەری شەخسی خۆیەتی ئاوا دەکات، ئێمە لەگەڵ پژاک نەمانویستوە شەڕی ڕاگەیاندن بکەین، بێجگە لەوەی حاجی ئەحمەدی شتێکی گوت و، ئێمەش وەڵامی دایەوە، وازمان لێهێناوە و هێندەمان بە پێویست نەزانیوە لە شەڕە جنێوەوە بگلێین لەگەڵیاندا.



بەهمەن خالید عەلی یار

–لەساڵی 1959ی لەدەوروبەری شاری بۆکان لەدایکبووە.
– لەدانیشگای پیشەسازی ئەسفهان خوێندوویەتی ، بەڵام لەبەرکاری سیاسی تەواوی نەکردووە.
– لەساڵی1981وە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە

**ڕووداو: بەپێی زانیارییەکان ئێوە چەندین جار دانیشتنتان لەگەڵ ئەمریکاییەکان هەبووە، ئەو دانیشتنانە گەیشتوونەتە کوێ و بەچ مەبەستێکن؟**

**بەهمەن خالید عەلی یار:** دانیشتنەکانی کۆمەڵە لەگەڵ ئەمەریکا ئەو سەردانانە بووە کە لەساڵانی ڕابردوو، ئەمساڵ کاک عەبدوڵڵای موهتەدی چووە ئەمەریکا، ئامانجی سەرەکی ئەو دانیشتنانە ئەوەیەکە ئەمەریکا وەک فاکتەرێکی هێز واردی معادەلاتی ناوچەکەبووە، هاتنی ئەمریکا نە لەسەر داخوازی ئێمەیە، نە لەسەر داخوازی ئێمەش پاشەکشەدەکات، هێزێکی گەورەیە کاریگەری لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان دادەنێت، ئەوە کاری لەسەر کارکردنی ئێمە دەبێت، بۆیە پێمان خۆشە پەیوەندیمان لەگەڵا ئەو هێزە ببێت کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر هاوکێشەکانی ناوچەکە دابنێت، ئامانجی سەرەکی ئێمە ئەوەبوو کەبتوانین ئەو پەیوەندی وتێکەڵییە لەگەڵا ئەمریکا دەست پێبکەین کە لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێراندا کۆمەڵە بتوانێت لەو دەرفەتانەی کەدێتە پێش کەڵکی پێویست وەربگرێت، هەلە مێژووییەکان لەدەست خۆی نەدات، چونکە ئەو هەلە مێژوویانە نەدووبارە دەبنەوە و نەهێندەش درێژخایەنن. بەتەجروبە بینیومانە ئەمریکا لەئەفغانستان تەدەخولی کردو کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر ئاڵوگۆڕی ئەو وڵاتە، لەعێراق تەدەخولی کردووەو کاریگەری گەورەی کردووەتە سەر گەلانی عیراق.

**ڕووداو: ئەگەر ئەمریکا هێرشبکاتە سەر ئێران ئامادەن هاوکاری ئەمریکا بکەن؟**

**بەهمەن خالید عەلی یار:** هاوکاریکردن و نەکردنی ئەوەیە، بزانین بەرژەوەندی ئێمە لەکوێدایە، سیاسەت ئاوایە هەرکەس بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا دەگەڕێت، هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکە تەدەخولکردنی لەبارودۆخی ئێراندا، لەبارودۆخی کوردستاندا، ئەو لێکدەداتەوە چەند بەرژەوەندی خۆی تێدایە، بۆکۆمەڵەش هەروایە، کۆمەڵەش دەبێت لێکیبداتەوە چەندە بەرژەوەندی کۆمەڵەی تێدایە، کە هاوکاری بکات دەبێت هاوکارییەکە چەندە بێت. لەوانەیە بتوانین بەهاوکاری یەکتری ئەو بەرژەوەندیانە پێکبهێنین یان مومکینە بەرژەوەندییەکان یەکنەگرێتەوە، ئەگەر یەکینەگرتەوە مەرج نییە هاوکاری بکەین.

## حاجی ئەحمەدی سەرۆکی پژاک ئینسانێکی ساویلکەیە

**ڕووداو: لەدانیشتنەکانتاندا لەگەڵ ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە بەرژەوەندییەکانی ئێوە لەگەڵ ئەمریکا یەکدەگرنەوە؟**

**بەهمەن خالید عەلی یار:** ئەو دانیشتنانە لەسەر ئەو بنەمایەبووە کەئەمریکا دەستی لەوەزعی ئێران وەرداوە، کۆمەڵە لەو ئاڵوگۆرانەدا نەکەوێتە پەراوێزەوە، کۆمەڵە سەری بێ کڵاو نەمێنێتەوە، ئەوە بەو مانایە نییە کۆمەڵە ببێتە کلکی ئەمریکا، لەو قسەو باسانەش کە لەو دانیشتنانەی لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا بووە هەر ئەوە باسکراوە، باسی ئەوەکراوە کۆمەڵە هێزێکی جەماوەرییە و نفوزی لەکوردستان هەیە، قسەکانی دەتوانێت کاریگەربێت، بەهەر حاڵ دەبێت ئێمە لێکیبدەینەوە بزانین، ئایا ئەو بەرژەوەندیانەی کۆمەڵە بەدواوەیەتی چەندە بەهاوکاریکردن لەگەڵ ئەمریکا دێتەدی، دەبێت پێیبڵێی ئەو هاوکاریە تایبەت دەکەم یان نایکەم .

**ڕووداو: پێتان وتون لەسەر ئەو بنەمایە هاوکاریتان دەکەین؟**

**بەهمەن خالید عەلی یار:** نا تائێستا نە ئەوان وتوویانە و نەئێمەش .

**ڕووداو: تائێستا چەند هاوکاریتان لەئەمریکا وەرگرتووە لەبواری دارایی و سەربازیدا؟**

**بەهمەن خالید عەلی یار:** هیچ . هیچ هاوکاریەکمان لەئەمریکا وەرنەگرتووە، هەر ئەوەندەی سەری پەیوەندی و موناسەبات و دۆستایەتی لێکدراوەتەوە، سیاسەتی ئەمریکاش ئەوەندەی ئێمە بیستومانەتەوە تا ئێستا ئەوەنەبووە یارمەتی ئۆپۆزسیۆنی ئێران بدات بۆ دەستتێوەردان لەئاڵوگۆڕی ئێران، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان ئەمریکا ئەو یارمەتییە بدات لەسەدا سەد ڕەتی دەکەینەوە و یارمەتی ئەمریکا وەرناگرین، قسە لەسەر ئەوەنییە، بەڵام تائێستا لەلایەن ئەمریکاوە هیچ یارمەتییەکی وانەبووە بۆ کۆمەڵە.

**ڕووداو: هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی جیدین یان سیناریۆی سازشکارانەن ؟**

**بەهمەن خالید عەلی یار:** هەڕەشەکانی ئەمریکا جیدین . ئەگەر ئەو ڕەوتەی ئەحمەدی نەژاد گرتوویەتیەبەر زاڵ بێت، ئەوا ڕەوتەکە هەمان ڕەوتی تیاچوونی سەدام حسێن و تالیبانە، بەڵام ئێران وڵاتێکی دێرینتر و بەتەجروبەتره لەبارەی دیبلۆماتیکەوە،ئاقڵترە لەسیاسەتمەدارانی عێراقی وەک سەدام حسێن و مەلا عومەری ئەفغانستان.

# تاراوگە

## BBC بە دوای کورداندا دەگەڕێ



ڕووداو-لەندەن

◆ سـایتی تۆڕی هەواڵی بەنێوبانگی بەریتانی BBC لە ئاگادارییەکدا داوا لە کوردەکانی ئینگلیسـتان دەکات کە لەبارەی ژیان وگوزەران و کولتوورو دابونەریتی خۆیان و چۆنیەتی پێوەندیان بەکوردستانەوە زانیاری بە BBC بدەن. داوای هەمان زانیاریشی لە سۆماڵیء سریلانکییە تامیلەکانیش کردووە. لەم ساڵانەی دوایی‌دا چەندینجار کورد بووەتە بابەتی میدیای ئینگلیزی، بەتایبەتی دوای ناردنەوەی بە زۆری پەناخوازە وەرنەگیراوەکانی کورد بۆ کوردستان.

# دەمەوێ بچم لە ئەفغانستان شەڕ بکەم



کچە کوردێکی 18 ساڵان دەبێتە سەربازی ئەڵمانیا

**سیروان حەجی بەرکۆ**
**ڕووداو- ئەڵمانیا**

دوای کوژرانـــی ســـەربازێکی ئەڵمـــان لە ئەفغانستان و هەروەها چەند هێرشێکی دیکە لە دژی ســـەربازانی ئەڵمان، گفتوگۆیەکی فراوان لەســـەر بوونی سەربازانی ئەڵمان لە ئەفغانستان دروست بووە،کە لەچوارچێوەی پرۆسەی "ئازادی بەردەوام" چوونەتە ئەوێ، کەئەو پرۆسـەیە لــە دوای 11ی ئەیلولی 2001 لەلایەن ئەمریکاوە دەستپێکراوە.

کوژرانی ســـەربازانی ئەڵمان و هێرشکردنە سەریان بووەتە هۆی ئەوەی کە ژمارەی ئەو گەنجانەی ئامادەن بچنە ناو Bundeswehr واتە ســـوپای فیدرالی ئەڵمانیا، بەردەوام لــە کەمبوونەوەدابێ. ئا لەو کاتەدا کچێکی کـــوردی ئەڵمانیـــا بڕیـــاردەدات کەببێتە سەرباز.

بێریڤان حوســـێن حاجی مـــوراد، تەمەن 18ساڵ و خەڵکی شاری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان، 13 ساڵە لەگەڵ خێزانەکەی لە ئەڵمانیا دەژیـــت. ئەوانەی بۆجاری یەکەم دەیبینن و نایناسن وادەزانن نمایشکارێکی مۆدێلیـــان هاتووەتە بەردەم، بەڵام بێریڤان دەیەوێت کارێکی زۆر دوور لەوە دەکات. ئەو دەیەوێت ببێتە سەرباز. بێریڤان گرێبەستێکی چوار ســـاڵەی لەگـــەڵ ســـوپای ئەڵمانیا ئیمزاکردووە و کارەکەی لەسەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵەوە دەست پێدەکات.

بێریڤـــان حەزی لـــە دۆخـــە دژوارەکانە، بۆئـــەوەی لەنێو ئـــەو بارودۆخانەدا گرفتی گەورە چارەسەر بکات، بۆیەش لەوبڕوایەدایە شوێنی گونجاو بۆ ئەو سوپایە، بۆیە دەڵێ "سوپا بۆ من دروستکراوە".

ئەو کەسانەی بڕیار دەدەن ببنە سەرباز لە Bundeswehr، لەشـــەش مانگی یەکەمدا مەشقی سەربازی دەبینن. دوای ئەو شەش مانگـــە دەتوانن بڕیار بدەن بەردەوامبن یان وازی لێبێنـــن. بێریڤان باوەڕ ناکات کە ئەو وازبێنێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەیەوێ بچێتە ئەفغانستان، ئەگەر لێی داوابکرێ " ئەز لە هیچ شتێک ناترسم، زۆریش خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بتوانم بەشـــداریی خەباتی سەربازی ببم لەدەرەوەی ئەڵمانیا، ڕاستە ڕەوشێکی ســـەخت هەیە لەوێ، بەڵام لـــەو بڕوایەدام دەتوانم ئەو ڕەوشەش دەرباز بکەم".

نەشـــەڕی ئەفغانستان ئەو کچە قامشلۆییە دەترسێنێ ونە هەواڵی کوژرانی سەربازانیش. کاتێک هەواڵی کوژرانی سەربازە ئەڵمانەکەی بیســـتووە بیری کردووەتەوە ئەو دەیتوانی لە جێگەی ئەو ســـەربازە بێت "ئەز دەزانم زۆر شت لە ئەنجامی شەڕدا دروست دەبن، لەوانەیـــە مرۆڤ بکوژرێ یاخود دەســـت و قاچی لە دەستبدات، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری خۆمداوە کە ببمە سەرباز".

مرۆڤ باوەڕ ناکات کەکچێکی هێندە جوان کە هەمـــوو دەرفەتەکانی ژیان لەبەردەمیدا کراوەن، بڕیارێکی بەوشێوەیە بدات. بیریڤان دەڵێ کە خێزانەکەی پشتیوانی ئەو بڕیارەی دەکەن " ئەوان دڵخۆشـــن کە من کارێکی خاوەن واتایەکی مەزن دەکەم"، بەڵام هەموو کەســـانی دەوروبەری خاوەن هەمان بیرورا نین "هەندێک برادەری دەوروبەرم پێمدەڵێن: تۆ شێتی ئەو کارە دەکەی".

بێریڤـــان لە منداڵیـــدا دەیویســـت ببێتە مەلەوانێکـــی نێودار، زۆر ســـەرکەوتووبوو لەو وەرزشـــداو، زۆر خەڵاتی لەسەر ئاستی ئەڵمانیا-ئەورووپـــا وەرگرتوون و دوارۆژێکی زێڕین لە چاوەڕوانیدا بوو. بەڵام لە تەمەنی 16 ســـاڵیدا وازی لەو وەرزشە هێنا، لەبەر ئەوەی خوێندنی زۆرببـــوو نەیدەتوانی زۆر مەلەوانی بکات. لەوکاتیشەوە بڕیاریدا ببێتە پۆلیس، بەڵام بەهۆی هەڵەیەک لە نووسیندا لە ئەزموونی وەرگرتن دەرنەچوو. دوای ئەوە ئیدی بڕیاریدا ببێتە سەرباز.

بێریڤان حوسێن خۆی وەک مرۆڤێکی "کەللە ڕەق" وەســـفدەکات و دەڵێ "ئەگەر شتێکم ویســـت، هەر دەبێ بیکەم". بێریڤان حەز لە ژیان دەکات و بەژیانی خۆی دڵخۆشـــە. هەرچەندە تائێســـتا کەسی نەکووشتوە، بەڵام باوەڕدەکات ئەگەر بکەوێتە نێو شەڕ و پێویست بێ دەشـــکوژێ" بۆ ئەوەی ئەز نەیێم کوشتن".

هەرچەنـــدە بێریڤـــان وەک هاووڵاتییەکی ئەڵمـــان دەچێتە ریزی ســـوپای ئەڵمانیا، بەڵام بۆ ئەو کوردبوون شتێکی زۆر گرنگ و پیرۆزە. دەڵێ هەرکاتێک پێی بڵێن ئەسڵت کوێندەری هەمیشە دەڵێ کوردم.

ئەو کچە کوردە ژیانێکی بۆخۆی هەڵبژاردووە کە ژیانێکی ئاسان نییە، لەوانەیە یەکەمین کچی کورد بێ لە ئەڵمانیا بووبێتە سەرباز. مـــرۆڤ هیـــوادارە کە ئەو لـــەو بڕیارەی پەشیمان نەبێتەوە.

## کوردێک دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی

# میدیای هۆڵەندیش ڕەخنەی لێدەگرێ

**ڕووداو- هۆڵەندا**

دوو هەفتـــە بەر لە ئێســـتا ژیهات بەرواری وەک ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی شاری ئاڵمیرەی هۆڵەنـــدا هەڵبژێـــردرا. میدیای هۆڵەندی و ئەورووپا وایـــان بڵاوکردەوە کە ئەو بە زمانێکی نافەرمی ســـوێندی یاسایی خـــواردووە. ئەوەش بـــووە هۆی ئەوەی کە هەندێکیان لە لایەکەوە ڕەخنەی لێبگرن و لە لایەکی دیکەشەوە بایەخی پێبدەن.

(ڕووداو) لە هەڤپەیڤینێکدا بەرواری دواند، ئەویـــش بەوە دەســـتیپێکرد کە بڵێت" من گەنجێکـــی کـــوردم و خەڵکی باشـــووری کوردستانم".

**ڕووداو: میدیای هۆڵەندی وای بڵاوکردەوە کە بازرگانێکی کورد بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی و سوێندی یاسایشی بە زمانێکی نافەرمی خواردووە. ئایا تۆ تەنیا بازرگانی و بە کوردیش سوێندت خوارد؟**

**ژیهات:** بەداخەوە وا بڵاو کرایەوە کە باســـی دەکەی. ڕاستە من کار دەکەم، لێ ساڵانێکی دوور و درێژیشە ئەندامێکی کارای ناو پارتی کرێکارانی هۆڵەندام. مـــن لەو پارتەدا هەم لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و هەمیش لە سەر ئاستی نیشـــتمانی پێگەم هەبووە. نزیکەی دوو ســـاڵیش ئەندامی فۆرومی سیاســـی پارت بووم کە دەزگای سیاســـەتداڕێژەری ئەو حیزبەیە. بەر لە چواردەساڵیش کە لە باشووری کوردســـتان بووم کاری سیاسیم کردووە.

**ڕووداو: ئەی سوێندەکەت؟**

**ژیهات:** من سوێندەکەم بە زمانی هۆڵەندی خوارد و ئەوەی بڵاوکرایەوە دروستکرابوو.

**ڕووداو: ئەو پارتەی کە تۆ تێیدا ئەندامی لە سەر ئاستی ئەورووپا و هۆڵەندا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، ئەگەر کورد گلەیی بکەن کە ئەو پارتە وەک پێویست پشتیوانی لە دۆزی کورد ناکات تۆ وەڵامت چی دەبێت؟**

**ژیهات:** من وا باوەڕ دەکەم کە کێماسییەکە لە خۆمانە کە بە چاکی ڕەوشـــی خۆمان بۆ ئەو پارتـــە هۆڵەندییانە ڕوونناکەینەوە. من وەبیرمـــە کە بەر لـــەوەی ئەمریکا بێتە ناو عێراقەوە پارتەکەی ئێمە کۆنگرەیەکی بەست بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو بابەتە. ئەوکات زۆربەی ئەندامان دژی ئەو کارەی ئەمریکا بوون، بەڵام کە من قســـەم لەگەڵ ســـەرۆکی پارتەکە کرد و ڕەوشی عێراقم بـــە ڕەوشـــی ئەورووپای ســـەردەمی جەنگـــی جیهانی چوواند، ئەو لەســـەر تریبۆنـــی کۆنگرەوە گوتی: ئەگەر ڕەوشـــی عێـــراق وەک ئەوە بێت کە ژیهات باســـی دەکات، ئەوا ئێمەش لەگەڵ ئەو کارەی ئەمریکادا‌ین. مەبەستم لەو نموونەیە ئەوەیە کە ئەگەر ئەوان پشتیوانیان دیارنەبێت جێی گلەیی نین، ئەوە خۆمانین جێی گلەیین کە نەمانتوانیوە تێیانبگەیێنین کە چیمان بەسەر هاتووە.

**ڕووداو: بە هۆی تێکەڵاویت لەگەڵ ڕەوەندی کوردییـــەوە لێرە،دەزانی کـــەم دیاربوونی کـــورد لە کۆمەڵگـــەی هۆڵەندیـــدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**ژیهات:** هۆیەکەی ڕوونە. تاکو ئێستا کوردی ئێمە فێرنەبوون کە وڵاتپارێزی لەســـەرووی پارتپارێزییەوە دابنێن. بۆ نموونە لە جەژنێکی نیشـــتمانیی وەک نەورۆزیشدا هەرلایەنە بۆ خۆی یادەکـــە دەکاتـــەوە. ئەندامبوون لە پارتی کوردیدا شـــتێکی خراپ نییە، بەڵام پێویستە خەڵک ئەو پارتانە وەک شوێنێک بۆ خزمەتگەیاندن بە بەرژەوەندی گشـــتیی گەلەکەیان ببینن. لەلایەکی دیکەشـــەوە لە بیـــر مەکەن کە ڕەوەندی کوردی لە ئەورووپا ڕەوەندێکـــی تازەیە. ئـــەوەش وادەکات کە ئەزموونیـــان کـــەم بێت و پێویســـتیان بە کات بێت بۆ خۆڕێکخستن و هەستکردن بە پێویستیی هاریکاریکردنی بە کۆمەڵ.

**ڕووداو: لە ناو گەنجی کوردی ئەورووپانشیندا هەیە کە دەڵێت: دایک و باوکمان تێماننناگەن و ئەوەش هۆی کەمچالاکیمانە لە کۆمەڵگادا. تۆ ئەوە چۆن دەبینی؟**

**ژیهات:** ڕەنگـــە دایکوباوک هەبن لەمپەر بۆ زارۆکەکانیان دروســـت بکـــەن، بەڵام ئەوە بیانوو نییـــە بۆ کەمئامادەیی ئەو گەنجانە. چونکـــە لێرە ئازادی هەیـــە و زارۆک تەنیا پەروەردەی دایکوباوکی وەرناگرێت. بەڵکو قوتابخانە و دەرەوەش کاریگەریی گەورەی لەســـەر دادەنێن کە فێربێـــت هەڵبژێرێت. بۆیەش من لەگەڵ ئـــەو بۆچوونەدا نیم کە دایکوبـــاوک بتوانن ڕێگە لـــە چالاکبوونی زارۆکەکانیـــان لە وڵاتێکـــی وەک هۆڵەندادا بگرن. جا ئەو زارۆکە کچ بێت یان کوڕ.

**ڕووداو: وەک ئەندامێکـــی ئەنجوومەنـــی شـــارەوانی، دەتەوێ چیبکەیت بۆ شـــاری ئەڵمیرە؟**

**ژیهات:** ئەمڕۆ ئێوارە ڕووندەبێتەوە کە ئەرکم لە شـــارەوانیدا چیدەبێـــت. من خۆم حەزم لە کارکردنە لە بەشـــی وابەستەیی جڤاکی. هەروەتر دەمەوێ لە ئایندەدا کار لەسەر ئەوە بکەم کە ساڵانە فێستیڤاڵێکی فرە کولتوری سازبکرێ و بەو هۆیەوەش کوردیش بتوانن فەرهەنـــگ و هونەری خۆیان بە ئەورووپییان بناسێنن.



### ژیهات بەرواری

–لە ساڵی 1973 لە گوندێکی نزیک دهۆک لەدایکبووە.
–ساڵانێکی زۆر لەئێران پەنابەر بووەو لە دوای ڕاپەڕین لە زانکۆی دهۆک خوێندوویەتی و کاری سیاسیی کردووە.
–لە ساڵی 1994 ەوە لە هۆڵەندا دەژیت .
– خوێندنی ئابووریی لە زانکۆی ئازادی ئەمستەردام تەواو کردووە و ئێستاش خەریکی دەستکردنە بە خوێندنی زانستە سیاسییەکان.
–لەگەڵ چەندین کۆمپانیای هۆڵەندی و ئەورووپیدا کاریکردووە و هاوکات هەڵسوڕاوێکی چالاکی پارتی کرێکارانی هۆڵەندی بووە.

# لە سوێد 10 هەزار خوێندکاری کورد دەستیان بە خوێندنی کوردی کرد

ڕووداو- Nefel

ســـەرەتای ئەو مانگە سوێد ساڵی خوێندنی 2008– 2009 ی دەست پێکرد. لە باخچەی ساوایانەوە تاوەکو قۆناخـــی ئامادەیی نزیکەی 10 هـــەزار خوێندکاری کورد دەســـتیان بە خوێندنی زمانی کوردی کرد. مامۆستاکانیش هەفتەیەک بـــەر لە خوێندکاران دەســـتیان بـــە کاروبارەکانـــی ئامادەکردن کرد. بە تێکڕایی لە سنووری هەموو سنووری شارەوانییەکانەوە مامۆستاکان بەشـــداریان لە سیمیناری پێشخستنی ئاستی زانستی کرد. هەروەها کاری ئامادەکردنی بەرنامەکانی خوێندن و بابەت و پەرتووکەکانی خوێندنیش تەواوکراوە.

بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکانی دەزگای Îstatîstîkanی دەوڵەتـــی ســـوێد، لە پۆلی یەکەمـــەوە تاوەکـــو پۆلی نۆیەم 9614 خوێندکاری کورد هەن. لەوانە 6279 خوێندکار بەشداری خوێندنی کوردی دەبن. بەو شێوەیە ڕێژەی بەشداربوونی خوێندکارانی کورد لە وانەکانی زمانی زگماکی دەگاتە 65%.

بەڵام ژمارەی خوێندکارانی باخچەی ساوایان، ئامادەیـــی و وانە یاریدەدەرییەکان لەنێو ئەو ژمارەیـــەدا نییە، ئەگەر ئەوانیش حیســـاب بکرێـــن ژمارەیان دەگاتە نزیکـــەی 10هەزار خوێندکار.

خوێندکارانی کورد لە باخچەی ســـاوایانەوە تاوەکو قۆناغی ئامادەیشی بخرێتە سەر، ئەوا ڕێژەی ئەو خوێندکارانەی لە فێربوونی زمانی کوردیدا بەشدار دەبن دەگاتە نزیکەی 10000 خوێندکار.

هەروەهـــا بـــە گوێـــرەی ئامارەکانی هەمان دەزگا، ژمارەی خوێندکارانی سۆرانی ئاخێڤ لە قوتابخانەکانی ســـوێد کـــە خاوەن مافی خوێندن بە زمانـــی کوردین ژمارەیان 4219 کەسە، کە 3225 لەوانە وانەی زمانی کوردی دەخوێنن، بەوشێوەیەش ڕێژەی ئەوانەی لەنێو سۆرانی ئاخێڤاندا بەشـــداری وانەی کوردی دەکەن 76،4% ە. بەو شـــێوەیەش ڕێژەی خوێندکارانی ســـۆرانی ئاخێڤ کە بەشداریی خوێندنی وانەی کوردی (بەشێوەزاری کرمانجی نێوەڕاســـت) دەبن لە ڕێژەی ئەو خوێندکارە کرمانجـــی ئاخێڤانەی بەشـــداریی خوێندنی وانەی کوردی دەبن زیاترە.

ژمارەی خوێندکارانی پۆلـــی یەکەم تاوەکو پۆلی نۆیەم، لە خوێندکارانی کرمانجی ئاخێڤ کە خاوەن مافـــی خوێندنی زمانی زگماکین 5395 خوێنـــدکارە. کـــە لەنێویاندا 3054 خوێندکار بەشداری خوێندنی وانەی کوردی (بەشێوەزاری کرمانجی سەروو) دەکەن.واتە بە ڕێژەی 57%.

خوێندکارانـــی کـــوردی زازاکی ئاخێڤیش بە شـــێوە زاری خۆیان دەخوێنن، بەڵام لەبەر ئـــەوەی ژمارەیان زۆر کەمە لـــە ئامارەکاندا دیارنین.

**%57**
**خوێندکارانی کرمانجی ئاخیڤ وانەی کوردی دەخوێنن**



**%76**
**خوێندکارانی سۆرانی ئاخێڤ وانەی کوردی دەخوێنن**

# ژان لەکەمپی باریکە

## خێزانێکی 10 کەسیی بەسێ نەخۆشەوە بە 3 هەزار دینار دەژین

**ئەرسەلان تۆفیق و عەتا حوسێن**
**رووداو-کەمپی باریکە**

زیبا زۆر بەبێزارییەوە باسی لەژیانی خۆی دەکات لە کەمپی باریکە،ئەو رۆژانە بەدەست دوو منداڵە کەمئەندامەکەیی و مێردە نەخۆشەکەی خەفەت دەخوات، هەر بۆیە دەڵێ" خوایە ئەو ژیانەی ئێمە هەمانە کەسی دیکە نەیبێت".

خێزانەکەی زیبا، یەکێکە لەو سەتان خێزانە پەنابەرانەی کەمپی باریکە، کە رۆژانە بەدەست نەبوونی کارو شوێنی نیشتەجێبوون دەناڵێنن و ناخۆشترین ژیان لەو کەمپەدا دەگوزەرێنن.

کەمپی باریکە، کە کەوتووەتە پشت تەپۆڵکە گەورەکانی گوندی باریکەی نزیک شارۆچکەی عەربەت، ئەو ئاوارە کوردانەی لێنیشتەجێن، کە لە کاتی شەڕی عێراق- ئێران، ئاوارەی عێراق بوون و لەکەمپی ئەڵتاشی نزیک روومادی نیشتەجێبوون، لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بەهۆی ناسەقامگیری باری ئەمنی و دەستدرێژی گرووپە چەکدارە عەرەبەکان بۆ سەر کەمپەکەیان و رفاندنی منداڵەکانیان،بە شێکیان روویانکردە سنووری ئوردن، بەشێکیشیان روویانکردە کوردستان و لەکەمپی باریکەی سەر بە پارێزگای سلێمانی و کەمپی کاوەی نزیک ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر نیشتەجێبوون.

کەمپەکە 350 خێزانی لێ نیشتەجێییە، لەنێو کەمپەکەدا ژمارەیەکی زۆر منداڵ و ژنت بەرچاو دەکەون، هەرچەندە ئەوان پەنابەری سیاسین، بەڵام خۆیان دەڵێن "ئێمە وەک پەنابەری سیاسی مامەڵەمان لەگەڵدا ناکرێ". سەیری هەر گۆشەیەکی کەمپەکە دەکەی، جگە لە مەینەتی ژیانی خێزانەکان، شتێکی دیکە بەدی ناکەی.

(رووداو) ژیانی رۆژانەی تەنیا یەک خێزانی نێو کەمپەکە دەکاتە نموونەی ژیانی خێزانەکانی دیکە، ئەویش ژیانی خێزانەکەی عەزیزە.

عەزیز، لەو کاتەوەی نەشتەرگەری گورچیلەی بۆ ئەنجامدراوە، تا ئێستا لەنێو جێگاکەی هەڵنەستاوەتەوە .زیبا، تەمەن 44 ساڵ، کە خێزانی عەزیزە، لەئەسڵدا خەڵکی شاری سەرپێڵی زەهاوە و خاوەنی 8 منداڵە. وەک خۆی باسیکرد دوو لەمنداڵەکانی کەمئەندامن.

عەزیزی مێردی زیبا، تەمەنی نزیکەی 50 ساڵ دەبێ، لەشولارێکی رێکوپێکی هەیە، لەنێو ماڵەکەیدا دێت و دەچێت بێ ئەوەی ورتەیەک لەدەمی بێتە دەرەوە و دواتر لەنێو جێگەکەی پاڵ دەکەوێت، بێ ئەوەی قسە لەگەڵ کەس بکات.

زیبا گوتی "عەزیزی مێردم بەر لەوەی نەخۆش بکەوێت، کرێکاری دەکرد، هەموو رۆژێک دەچووە سلێمانی، جاری وا هەبوو 15 رۆژ لەسەر یەکتر دەچووە سلێمانی ئیشی دەستنەدەکەوت، ناچار نیوەڕۆ بەسکی برسی دەگەڕایەوە".

لەبارەی نەخۆشییەکەی عەزیز، زیبا گوتی "عەزیز لەناکاو تووشی نەخۆشی گورچیلە بوو، نەشتەرگەریمان بۆ کرد، بەڵام تا ئێستا چاک نەبووەتەوە، لەناکاو زاری بەستراو تووشی لەبیرچوونەوە بوو، ئێستاش نە کەس دەناسێ و نەقسەش لەگەڵ کەس دەکات".

هاوسەری عەزیز لەنێو 8 منداڵ و هاوسەرێکی لە قسە و کارکەوتوو لە ژیانێکی زۆر ناخۆشدایە و دەڵێ "کاتێ خەسوم چاوی بە عەزیزی کوڕی کەوت جەڵتەی مێشک لێیداو ئەویش کەوتە نێو جێگە ".

زیبا بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە سەیری دوو منداڵە کەمئەندامەکەی کرد و گوتی "قوڕی کوێ بەسەرمدا بکەم، ئەو دوو منداڵە چۆن و بەچی بەخێو بکەم".

ئەو ژنە زیاتر لەبارەی دوو منداڵە کەمئەندامەکەی قسەی کردو گوتی "زارا تەمەنی 17 ساڵە و هەر لەمنداڵییەوە دووچاری ئیفلیجبوونی مێشک بووە، گوڵاڵەش تەمەنی 3 ساڵان بوو بە ئاوی گەرم سووتاوەو دەبێت نەشتەرگەری جوانکاری بۆ بکرێت".

لەو ماڵەدا تاکە کەسی ئیشکەر ماهیری 14 ساڵانە، کە لەبەر خراپی بژێوی ژیانی خێزانەکەی نەیتوانیوە لەخوێندن بەردەوام بێت و ساڵی رابردوو وازی لەقوتابخانە هێنا. ماهیر ئێستا رۆژانە تەنیا بە 3 هەزار دینار لەگەڵ غاز فرۆشەکان کار دەکات.

ماهیر گوتی "رۆژانە تەنیا 3 هەزار دینارم دەستدەکەوێت بۆ ئەوەی 10 کەسی پێ بەخێو بکەم". زیبا قسەکانی بەماهیر بڕی و گوتی " ئاخر 3 هەزار دینار بۆ خێزانێکی 10 کەسی و سێ نەخۆشی تێدابێت بەشی چ دەکات، مانگانە 40 هەزار دینار هەر بە دەرمان دەدەم بۆ عەزیز، ماڵی براکانم هاوکارییان دەکردم، بەڵام ئەوانیش هەر فریای منداڵەکانی خۆیان دەکەون، ئیتر مەگەر خێرخوازێک زەکاتمان بداتێ".

زیبا ئاماژەی بەوەدا تا ئێستا چەندین کەناڵی راگەیاندن خێزانەکەی ئەویان بەسەر کردووەتەوە، بەڵام هیچیان بارودۆخی ئەوانیان نەگواستووەتەوە بۆ بەرچاوی خەڵک و حکومەت. زیبا لەخوا دەپاڕێتەوەو دەڵێ "ژیانێکمان هەیە یاخوا کەس نەیبێ".

# د کەمپا موقبلێ دا 87 خێزانێن رۆژئاڤایێ کوردستانێ چار سالە دبن چادران دا

## دایکا ئەحمەدی: ژبەر هەژارییێ ئەحمەدی ب کەنەفا خیڤەتێ خوە ل سێدارەدا

**عەبدوڵڵا نهێلی**
**رووداو-دهۆک**

جابر ئەحمەد بریندار، تەمەن 42 سال و بابێ 10 زارۆکان، ل سوریا کارێ بازرگانیا پەزی دکر، پشتی حکومەتا سوری بەهانە پێگرتین و 37 رۆژان ئەو ل 7ی سپێدێ هەتا 2ی ئێڤاری دبرە دائیرێن ئەمنێ "تەنێ ئەز ل پرسگەها دهێلام و چنە دگۆتە من، بڤی رەنگی ئیهانا من دکر، لەوما ئەز ب نەچاری سالا 2005 هاتمە هەرێما کوردستانێ". جابر ئێکە ژوان سەدان هەزار کوردێن کو ل سوریا بێ ناسنامە و ل باشوورێ کوردستانێش بێ ناسنامەیە " هەتا نۆکە ئەز تەرقید قەیدم ل سوریا و من ماف نەبوو خانییەکی بناڤێ خۆ بکەم و بچمە ئوتێلێ بنڤم".

پشتی مە رازەمەندی ل قایمقامی و ئاسایشا سێمێلێ و رێڤەبەریا پەنابەرو دەربەدەرا یا دهۆکێ وەرگرتی ل نیڤرویەکێ (رووداو) سەرا کەمپا موقبلێ دا کو 87 خێزانێن کوردێن رۆژئاڤایێ کوردستانێ (کوردستانا بندەستێ سوریا) تێدا دژین.

جابر، ب بیرتینە کو ل سەرژمێریا 1966/10/5 سوریا پشکەکا زۆر ل کوردان بێ ناسنامە هێلان کو نۆکە هەژمارا وان دگەهیتە 500هەزار کەسان.

### رەفتارا خرابا خەلکی دگەل وان

جابر ئەحمەد، ل دهۆکێ هۆستایا دانانا کاشی دکەت "لێ هندەک جاران کار نییە، ئەڤە سێ هەیڤە ئەز بێکارم، لەوڕا ژیانا مە گەلەک یا بزەحمەتە". وی مخابنیا خوەژی دیارکر بۆ تێکەلیا خرابا خەلکێ هەرێما کوردستانێ دگەل وان و گۆت " ئەو هزرا مە ژ خەلکێ کوردستانێ دکر وەسا دەرنەکەفت، چونکە کوردێن ڤێ دەرێ ب چاڤەکی کێم تەماشەی مە دکەن و هندەک دبێژنە مە هین مترین و هندەک دبێژن هین ژبەر برسێ رەڤینە".

بەرخۆدان سەلاحیش کو قوتابییەکا کچە ل کەمپێ موقبلێ و دچیتە ئامادەییەکا دهۆکێ، هەر ل سەر رەفتارا خرابا خەلکی دبێژی "گەلەک جاران ل بازاری و هەتا خاندنگەهێ گەنج و کچ ژی ئاخفتنا دبێژنە مە".

ئەڤە د وەختەکی دایە، کو خەلکێ دەڤەرا بەهدینان هتا نۆکەژیهاریکاریا خەلکێ هەولێرێ ل بەر چاڤە ل دەمێ هندەک پاشماییێن ئەنفالا بادینان برینە دەوروبەرێن هەولێرێ.

جابر ئەحمەد، کوردێ پەنابەر ل سەر خاکا وەلاتێ خوە، د سەر ڤێ چەندێ را سوپاسیا حکومەتا هەرێما کوردستانێ کر و گۆت" حکومەتا هەرێما کوردستانێ و رێڤەبەرییێن کوردستانێ چ وەکو نەخوشخانە یان خاندنگە چ جیاوازیێ نائێخنە دناڤبەرا مە و خەلکێ هەرێما کوردستانێ دا و هەمی کارێن مە ل دووڤ یاسایێ رێڤە دچن".لێ ب توندی رەخنە ل رێکخراوێن مرۆڤایەتی و UN گرت و گۆت"ل چ وەلاتێن جیهانێ نینە چار سالان زارۆک و ژن پیرەمێر دبن چادران ڤەبن، تەنێ سالانە چادرەکێ بدەنێ "، جابر دبێژە پەنابەرییا سیاسی مافێ وانە.

کوردێن رۆژئاڤا کوردستانێ، هەمیشە هاریکارێن شۆرشێن پارچەیێن دیکە یێن کوردستانێ بوونە، ژبەر هندێ هندەک جارا تێت گۆتن کو ئەو سوتەمەنیێن شۆرشێن پارچەیێن دیکە یێن کوردستانێ بوونە، ل رۆژا 2004/3/12 ێش ل سەر قەبول نەکرنا دژون و خەبەر گۆتنا خەلکێ دێر زور دژی حکومەت و سەرکردێن باشوورێ کوردستانێ ل دەمێ یاریا تۆپا پێیا دناڤبەرا یانەیەکا قامشلۆ و دێر زوردا، خوینا وان هات رژاندن پشترا ژی وان راپەڕین ل سەرتاسەری باژارێن رۆژئاڤایێ کوردستانێ دژی زۆرداریا دەولەتێ و خەلکێ شۆڤێنییێ عەرەب کو بۆ تەعریبکرنێ ل رۆژئاڤایێ کوردستانێ ئاکنجی بووە.

تەنێ بەرخۆدان سەلاح، دووکچێن دی ل کەمپا موقبلێ دچنە دهۆکێ بۆ خواندنێ .ئەو دچنە ئامادەییا ئاواز دخوینیت . ئەڤ قوتابیە دبێژی " رەوشا مە یا دارایی یا لاوازە و هەیڤانە ئەم 50 هزار دیناران ددەینە هاتن و چۆنا قوتابخانێ ".

ژیان ل کەمپا ب چادران وەک سەعدیە یوسف، دایکا نەه زارۆکان دبێژی "پڕ زەحمەتە"، سەعدیە دبێژی " سەرەڕای زەحمەتا مە دگەل زارۆکان، زارۆکێن مە هەمی گاڤان دناڤ تۆزێدانە، ژبەرکو دەوروبەرێن چادرێن مە هەمی تۆزە ل زڤستانا دبیتە تەقنە، گەلەک جاران ژی ئەم دمینین بێ ئاڤ".

### گەم و سەرمایا بن چادران زارۆکان نەخوەش دکەت

عەدنان عەلی، تەمەن 29 سال، بڤێ گەرما نیڤرۆیا دهۆکێ دبن چادرا خوەدا دگەل هەر شەش زارۆک و خێزانا خوە رونشت بوو . ئەو ل مانگا ئەیلولا 2006 هاتییە هەرێما کوردستانێ " ل سوریا گەلەک ئاریشە بۆ من دروست دکرن لەوڕا من تەحمل نەکر و ئەز رەڤیم".

ئەو کو ل رۆژئاڤایێ کوردستانێ دارتاش بوو، دبێژە کارێ وی ل هەرێما کوردستانێ ب زەحمەتە "چونکە زارۆکێن من هەمی دبچیکن و پێدڤی ب پارەنە و دبن چادران دال هاڤینێ گەلەک گەرمە و زڤستانێ سارە، ژبەر هندێ ئەڤ زارۆکە هەردەم دنەخوەشن".

ئەڤ پەنابەرە دبێژی، ئەڤە شەش مەهە وان ئیقامە وەرگرتییە و هاتن چۆنا وان بۆ باژێرێن هەرێما کوردستانێ ئازاد بوویە، ئەڤی تا رادەیەک دلخۆشییەک دایە وی. هەروەسا گۆت ئەرزاقی ل دووڤ پلێتێن ئەرزاقی و وەکو خەلکێ کوردستانێ بۆ وان دابین دکە.

سوریا ب هیچ رەنگی رێکێ نادەت زارۆکێن کورد ب کوردی بخوینن، هەروەسا هەموو ئەو کوردێن ل سوریا خودان ناسنامەنە وەکی عەرەب هاتینە تۆمارکرن، ژبەر وێ ستەما عەرەبان، دەمێ زارۆکێن وی چۆینە قوتابخانێ ل هەرێما کوردستانێ نەهشتییە کو زارۆکێن وی بچنەڤە بەر خوەندنا عەرەبی " ماموستایان گۆتە من ئەگەر ب زمانێ عەرەبی بخوینن هەر ئێک دێ ل پۆلا خو خوینیت بەلێ ئەگەر ب زمانێ کوردی بخوینن دێ هەر ئێک سالەکێ باش ڤەچیت، لێ من گۆتێ ئەگەر هەمیان بیننە پۆلا ئێکێ بلا هەر ب کوردی بخوینن و ناهێلم ب عەرەبی بخوینن".

باڤێ سالار، تەمەن 54 سال، کوڕەکێ وی ل سوریا هاتیە کوشتن و ئێکێ دی دزیندانێ دایە. ئەو نها دگەل خێزانا خوە و شەش زارۆکان هاتیە هەرێما کوردستانێ. دەمێ باڤێ سالاری کامیرە دیتی ترسیا و گۆت ئەز دێ ئاخڤم، بەس نابیت هین وێنێن من بگرن "چونکی هەر گاڤا ئەز ل رۆژنامە و تەلەڤزیۆنا دەربکەڤم دێ سوریا کەسوکارێن مە ئەزیەت بدەت".

### زاڤاینیا ناڤ چادران

38 گەنج کو تەمەنێ وان 19-35 سالە ل کەمپا موقبلێ دژین . نەسیم نورەدین ئێک ل وان گەنجان. ئەو دبێژی پشتی وی خواندنا ئامادەیی ب دوماهی ئینای نەشیا بچیتە زانکۆیێ "چونکە ئەمنا سوری فەرمانا گرتنا من دەرئێخست و ئەز رەڤیم ".

ل وان گەنجێن کەمپا موقبلێ تەنێ نەسیم و چار هەڤالێن خوە ل زانکۆ و پەیمانگەهان دخوینن.نەسیم دبێژی دووریا وان ل دایک و بابێن گەلەکا نەخوەشە، ب تایبەتی وەختێ دبینن خێزانێن دی هەمی پێکڤە دژین" خودێ تۆلا مە ل حکومەتا سوری بکەتەڤە".

ل کەمپا موقبلێ، تیپەکا زارۆکان بناڤێ (ستێر) هەیە کو ژ 12 زارۆکان پێکدهێت و هەمی نەورۆز و بیرهاتنا چالاکیان ئەنجامددەت . نەسیم دبێژە ئەڤ تیپە تانۆکە یا بێ مۆلەت و هاریکارییە" بتنێ پارێزگارێ دهۆکێ جارەکێ هندەک پارە کرنە هاریکاری بۆ وێ تیپێ ". هەروەسا گۆت هونەرمەندەکێ شێوەکار و پەیکەرسازیش ل کەمپا موقبلێ دژیت .

کاوە خەلیل، نوێنەرێ قوتابیێن رۆژئاڤایێ کوردستانێ ئەوێن ل دهۆکێ دخوینن، بۆ (رووداو) دا خویاکرن کو هەژمارا وان بریتییە ل 45 قوتابیان کو پرانیا وان کوڕن ل زانکۆ و پەیمانگەهێن دهۆکێ دخوینین. کاوە دبێژی "هندەک ل وان قوتابیان د بەشێن ناڤخۆیی دا دژین و جهێ سوپاسێ یە کو حکومەتا هەرێما کوردستانێ هەیڤانە 100 هزار دینارا ددەنە و (ی.ق.ک) ژی هەیڤانە 50دۆلاران ددەتە مە".

کاوە کو دەرچوویێ 2007- 2008 کۆلیژا کارگێڕی و ئابوورییە، گۆت "ئاریشا مە ل هەرێما کوردستانێ ئەڤە ژبەر کو مە ناسنامە نینن ئەم نەشێین خوە دامەزرینین، لەوڕا داخازێ دکەین کو مە دامەزرینن".

ئەکرەم،گەنجەکێ دیکەیە کو ئەو بتنێ هاتیە بۆ هەرێما کوردستانێ بناڤێ، ئەکرەم- 26 سال، وەختێ بۆ (رووداو) د پەیڤی مژولی دروستکردنا چادرەکێ بوو، بۆ شەهیانا خوەو گۆت " ئەڤە دوو هەیڤە من کچەکا ڤێ کەمپێ خاستییە و ل مەها بێت دێ لبن چادرێ شەهیانا خوە کەم"، ئەکرەم دبێژە ژیان د بن چادران دا زۆر نەخوەشە "بەلێ مەجبورین دڤێت بقەتینین".

سێ کەس ژ خەلکێ کەمپێ سەرپەرشتیا کاروبارێن نێڤخوەیێن کەمپێ دکەن. ئێک ژوانا گێنجو سەعید، تەمەن 42 سالە. گێنجۆ کو باڤێ چار زارۆکانە دبێژە، پشتی راپەڕینا 2004 زۆر کورد ل بەر زۆرا دەولەتێ نەچاربوون بەرەڤ هەرێما کوردستانێ برەڤن . ژبەر هندێ ژی دبێژە "کێشا مە کێشەیەکا سیاسییە لەوڕا داخوازێ ل رێکخراوێن نێڤ دەولەتی دکەین کێشەیا کورد ل سوریا چارەسەر بکەن".

### 88خانی و 87 چادر

بەری دوو سالان پارێزگارێ دهۆکێ سەرا کەمپا موقبلێ دا، کو وی دەمی 88 خێزان ل کەمپێ دژیان و بڕیار دا خانیان بۆ وان ل معسکەرێ کومالگەها دومیز، 10 کم رۆژئاڤایێ دهۆکێ، بۆ وان دروستبکەن. (رووداو) سەرا خێزانێن وان خانیان دا.

فەیسەل یوسف ئەیوب، تەمەن 28 سال، ئێکە ل وان خێزانێن پەنابەر کو خانی بۆ هاتییە دروستکرن دبێژی پشتی سەرهلدانا 2004، کو مالا وی ل درباسیێ نزیکی حەسەکێ بوو، هەولا کوشتنا وی هاتە دان ژ لایێ حکومەتا سوریا، کو هەر دوی وەختیدا چەندین کەس هاتنە کوشتن و زێدەتری 500 کەسا هاتن گرتن. لەوڕا نەچاربوو ل 2004/4/20 ب رێکا قاچاخ ب 500دۆلاران خۆ بگەهینیتە باشوورێ کوردستانێ.

فەیسەل، کو نها دگەل ژن و دوو زارۆکێن خوە دڤی خانیدا دژی سوپاسیا حکومەتا هەرێما کوردستانێ کر، ل سەر ڤێ چەندێ و گۆت" پشتی ئەڤ خانیە بۆمە هاتینە دروستکرن رەوشا مە گەلەک باش بوویە و ئەم بۆخۆ کاردکەین و بتنێ ئاریشا مە ناسنامەیە".

### بابێ چار زارۆکان خوە خەندقاند

هەر دناڤا وان خانیان دا، دایکا ئەحمەد، کوخودانا 11 زارۆکانە و پشتی سەرهلدانا 2004 هاتینە هەرێما کوردستانێ، ب خەمگینی دژیت. چونکی ل مەها تەمموزا ئەڤسالێ، کورێ وێ ئەحمەد ل کەمپا موقبلێ خۆ سێدارەدا. وێ ئەگەرێن خوکوشتنا کوڕێ خوە، ئەحمەد- تەمەن 30 سالێ بۆ (رووداو) دا خویاکرن و گۆت " بەری سالەکێ ترۆمبێلا ئەحمەدی وەرگەڕیا و تێدا پێ وی بریندار بوو و نەشیا کار بکەت،رەوشا ئابووریا وی زۆر خراب بوو، ژنا وی ڤەگەڕیا سوریا دا هندەک پارەی بینیت، بەلێ نەشیای چ پاران ب دەست خۆڤەبینیت، زڤڕی کوردستانێ".

دایکا ئەحمەدی دەما ئەڤ چیرۆکە ڤەدگێڕا هەرچار زارۆکێن ئەحمەدی دابوونە بەرسینگێ خۆ و ب چاڤێن تژی رۆندک ڤە گۆت" ل نیڤا هەیڤا حەفتا ئەڤ سالە رەوشا ئابووریا ئەحمەد و خێزانا وی گەلەک خراب بوو، ژ بەرهندێ ئێکسەر ئێڤاریەکێ ب رستکا چادرێ خۆ ل سێدارەدا و نۆکە زارۆکێن وی ژی یێن ل دەڤ مە".

### UNHCR بڕیاردایە پەنابەریا سیاسی بدەتە وان

(رووداو) ئاریشە و داخازێن پەنابەرێن کەمپا موقبلێ رووبڕووی محەممەد عەبدوڵڵا، رێڤەبەرێ پەنابەر و دەربەدەران ل دهۆکێ کر . محەممەد عەبدوڵڵا دبێژی " هەر رێکخراوەکا دهێتە دەڤ مە، ئەم هەر ئێکسەر بەرێ وان ددەینە کەمپان و، بەری دوو سالان 88 خانی بو پەنابەرێن روژئاڤا هاتنە دروستکرن بەلێ پشتی ڤێ چەندێ بەردەوام پەنابەر ل سوریا دهێن و نۆکە 87 خێزان ل کەمپا موقبلێ دانە و دیسان 92 خێزانێن دی دخانیا دانە ل معەسکەرێ دومیز".

ئەڤی بەرپرسێ پەنابەران گۆت ب گشتی 871پەنابەر ل رۆژئاڤایێ کوردستانێ هاتینە هەرێما کوردستانێ. ب شێوەیەکی گشتیش 1700خێزانێن پەنابەر ل پارێزگەها دهۆکێ د پێنج کەمپادا دژین: موقبلێ، گرێ کەورێ، مسریکێ، حسێنیێ و دارەتویێ "بتنێ موقبلێ کوردێن رۆژئاڤایێ کوردستانێ لێ دژین، یێن دی هەمی کوردێن باکوورێ کوردستانێ نە".

رێڤەبەرێ پەنابەران ل دهۆکێ ب (رووداو) راگەیاند کو "ڤێ حەفتیێ ئەز و جێگرێ بەرپرسێ رێکخراوا UNHCR ل بەغدا، پێکڤە چۆینە سەرەدانا کەمپا موقبلێ و وی مزگینیا دا پەنابەرێن کەمپا موقبلێ کو ئەو ل UNHCR هاتینە وەرگرتن و دێ مافێ پەنابەریا سیاسی دەنە وان". هەروەسا گۆت پشتی وەرگرتنا پەنابەریا سیاسی "ئێدی رەنگە بشێن ناسنامان ژی بۆخو دروست بکەن".





دایکا ئەحمەدی وێنەیێ وی هەمبێز کرییە و چار زاروکێن وی ژی ل دۆرا داپیرا خوە کۆمبوونە (فۆتۆ:رووداو)



# ئابووری

## ڕۆژنامەنووسانی ئێران دەڵێن كەركووك بۆمبایە

ڕووداو-الوفاق

◆ ڕۆژنامەنووسانی ئێران لەو بڕوایەدان كە كێشەی كەركووك چەشنی بۆمبێكە كە لە ئانو ساتی تەقینەوەدایە و هەڕەشەش لەئایندەی عێراق دەكات.حەسەن هانی زادە، پسپۆڕ لەكاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەڵێ'كورد دەیانەوێ ماددەی 140 جێبەجێ بكرێت بۆ ئەوەی هەر زوو پرسی كەركووك یەكلایی ببێتەوە". ناوبراو كە پێشتر بەڕێوەبەری نووسینگەی دیمەشقی ئاژانسی فەرمی ئێران ئیرنا بووە، گوتی پسپۆران لایان وایە باشترین چارەسەر بۆ كەركووك ئەوەیە بكرێتە پایتەختی هاوینەی عێراق و سەر بە حكومەتی ناوەندی بەغدا بێت.

### ئەمریكا پشتگیری مالیكی دەكات

# ڕووداو پلانێكی مالیكی بۆ بە نا یاساییكردنی گرێبەستە نەوتییەكانی كوردستان ئاشكرا دەكات

عەلی حەمەساڵح
ڕووداو- هەولێر

پاش دوومانگ لەپێكهێنانی لیژنەیەكی باڵا لەبەرپرسانی بەدەسەڵات بۆ چارەسەركردنی گرفتی گرێبەستە نەوتییەكانی كوردستان و پرۆژەی یاسای نەوت و غازی عێراق، لیژنەكە تاوەكو ئێستا هیچ كۆبوونەوەیەكی نەكردووەو مالیكی و شەهرستانیش تا گۆڕانكاری لەدەستووردا نەكرێت یاسای نەوت و غاز نانێرنە پەرلەمان.

سەرۆكی لیژنەی نەوت لەپەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند هەر یەك لە مالیكی و شەهرستانی دەیانەوێت لەو گۆڕانكارییانەی لەپێداچوونەوەی دەستووردا دەكرێ، كەرتی نەوت بكەنە كەرتێكی مەركەزی و وەزارەتی نەوتیش بكەنە وەزارەتێكی سیادی، ئەمریكاش پشتگیری لە هەوڵەكانیان دەكات.

دوای سەردانە یەك لەدوا یەكەكانی شاندی حكومەتی كوردستان بۆ بەغدا، بۆ چارەسەر كردنی پرسە هەڵوسراوەكانی نێوان هەردوولا،بەتایبەتیش پرسی گرێبەستە نەوتییەكان، لەدوایین سەردانی وەفدی حكومەتی كوردستان بەسەرۆكایەتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەت لەكۆتایی حوزەیرانی 2008 دا، پێكهێنانی لیژنەیەكی سیادی بۆ چارەسەركردنی كێشەی گرێبەستە نەوتییەكانی كوردستان، لەنێوان بەغداو هەولێر ڕاگەیێندرا.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆكی حكومەتی كوردستان، لەڕۆژی 2008/6/29 لەپاش گەڕانەوەی لە بەغدا ڕایگەیاند كۆبوونەوەكانی ئەو لیژنەیە كە خۆیشی تێدا ئەندامە لە هەفتەی یەكەمی دوای گەڕانەوەكەی لەبەغدا دەست پێدەكەن وگوتی"كۆبوونەوەكانمان لەهەفتەی ئایندەوە لە بەغدا دەستپێدەكەن وهیوادارم بگەینە چارەسەرێك كەجێگای ڕەزامەندی هەموو لایەك بێت و لەبەرژەوەندی گەلی عێراقدا بێت".

پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو مانگ بەسەر پێكهێنانی ئەو لیژنەیەدا بە ڕێككەوتن لەگەڵ مالیكی،ئەو لیژنەیە كەدەبووایە لە بەغدا كۆببێتەوە تا ئێستا كۆنەبووەتەوە، بەپێی قسەی چاودێرانیش سەرۆكی حكومەتی عێراق خۆی لەگفتوگۆكان دەدزێتەوە.

عەلی حەسەن بەلۆ، سەرۆكی لیژنەی نەوت و غاز لەپەرلەمانی عێراق، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەولیژنە سیادییەی بۆ چارەسەركردنی كێشەی گرێبەستە نەوتییەكانی كوردستان پێكهاتووە تا ئێستا هیچ كارێكی نەكردووەو مالیكی و شەهرستانیش هیچ كۆبوونەوەیەكیان ئەنجامنەداوە بۆ چارەسەركردنی ئەوپرسە، كە ئەمەش بۆ خۆی گرفت دروستكردنە لەبەردەم چارەسەریدا".

حكومەتی كوردستان خاوەن 40 كێڵگەی نەوتییە، هەردوو كێڵگەی نەوتی زاخۆ و تەقتەق نەوتەكەیان ئامادەیە بۆ فرۆشتن، لەكۆتایی نیسانی ئەمساڵدا سەرۆكی حكومەت بۆ یەكەمجار ڕایگەیاند كە "حكومەتی هەرێمی كوردستان ئێستا دەتوانێ ڕۆژانە 100 هەزار بەرمیل نەوتی ئەو دوو كێڵگەیە بخاتە نێو بۆرییە نەوتییەكانی عێراق".

بەپێی زانیاری شارەزاییەكی نەوت، هەرسێ پارێزگەكەی ئێستای ژێردەسەڵاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان خاوەنی 50 ملیار بەرمیل نەوتی ژێر زەوییە لەگەڵ چەندین ملیۆن مەتر سێجا لەگاز و سامانە سروشتییەكانی دیكە.

حكومەتی كوردستان تاوەكو ئێستا 15 گرێبەستی دەرهێنانی نەوتی لەگەڵ كۆمپانیا بیانییەكان بەستووە، كە هەندێكیان لەقۆناخی گەڕاندان بەدوای نەوتدا دوو لەو كۆمپانیایانەش گەیشتوونەتە قۆناخی بەرهەمهێنانی نەوت، كە یەكێكیان كۆمپانیایەكی توركییە و لەكێڵگە نەوتییەكانی تەقتەق كار دەكات، ئەوی دیكەشیان كۆمپانیای DNOی نەرویجییە كە لەكێڵگە نەوتییەكانی زاخۆ كار دەكات.

ساڵی ڕابردوو پەرلەمانی كوردستان یاسای نەوت وغازی پەسەندكرد، بەپێی ئەم یاسایە حكومەتی كوردستان مافی خۆیەتی لەگەڵ كۆمپانیا جیهانییەكاندا گرێبەست بكات بۆ دەرهێنانی نەوت، بەڵام وەزارەتی نەوتی عێراقی هەرلەسەرەتای دروستبوونییەوە دژی ئەوەیە كەكورد ئەم دەسەڵاتەی هەبێت و ئەمەش بووە گرفتێكی چارەسەرنەكراوی نێوان هەردوو حكومەتی هەولێرو بەغدا.شەهرستانی لە هەڤپەیڤینێكیدالەگەڵ گۆڤاری (الاسبوعیە) كە گۆڤارێكی دەزگای خەندانی كوردییە، گوتی "لەڕێگەی گۆڤارەكەتانەوە بەخەڵكی عێراقی ڕادەگەیێنین كە ڕێ بەهیچ دەستێك نادەین كە سەربەخۆ دەست بۆ نەوتی عێراق ببات"، وەك ئاماژەیەك بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان.

سەرۆكی لیژنەی نەوت و غازی پەرلەمانی عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە حكومەتی عێراق بەتایبەتی د.نوری مالیكی و شەهرستانی جدی نین لەچارەسەركردنی كێشەی گرێبەستە نەوتییەكانی كوردستاندا "لەمانگی شەشی ئەمساڵدا ڕاپۆرتێكمان بۆ چارەسەركردنی كێشەی گرێبەستە نەوتییەكان خستە بەردەستی حوسێن شەهرستانی، بەڵام هیچ وەڵامێكی نەدایەوە، ئەگەر د.نوری مالیكی جیدی بووایە دەیتوانی فشار بخاتە سەر شەهرستانی".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) كەوتوون تاوەكو ئێستا هیچ ڕەشنووسێكی پرۆژە یاسای نەوت و غاز نەچووەتە پەرلەمانی عێراق، ئەوەش بریتییە لە پلانێكی سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری نەوتی عێراق، چونكە ئەگەر ئێستا یاساكە ببرێتە پەرلەمان بەپێی مادەی 141ی دەستوری عێراقی گرێبەستە نەوتییەكانی كوردستان یاسایین، چونكە بەپێی ئەو مادەیە هەموو ئەو یاسایانەی لەهەرێمی كوردستان دەرچووەو كاری پێكراوە لە ساڵی 1992 و تاوەكو كاتی دەرچونی دەستوری هەمیشەیی عێراق وەك خۆی كاری پێدەكرێت، بەپێی مادە 115ی دەستوری عێراقیش هەریاسایەك لە بەغدا دەردەچێ ئەگەر پێشتر یاسایەك سەبارەت هەمان مژار لە هەرێمێك دەرچووبێ ئەوا ڕای باڵادەست بۆ یاسای هەرێمەكە دەبێ.

عەلی حەسەن بەلۆ، دەڵێت"مالیكی و شەهرستانی كار بۆ ئەوە دەكەن لەچوارچێوەی ئەو گۆڕانكاریانەی بڕیارە لەدەستووری عێراقدا بكرێن، بەپێی مادەی 142 گۆڕانكاری لەدەستوری عێراقدا بكەن و مادەی 141 و مادەی 115 بگۆڕن، چونكە بەقەناعەتی شەهرستانی و مالیكی دەبێ كەرتی نەوت بەتەواوی لەدەست بەغدا دابێت، لەكاتێكدا لەدەستوردا وانییە، هەر بۆیەش ناردنی یاساكە بۆ پەرلەمان دوا دەخەن".

هاوكات لەگەڵ ئەوەی چاودێران پێیانوایە كێشەی گرێبەستە نەوتییەكانی كوردستان چارەسەركردنی ئاسان نییە، بەڵام سەرۆكی لیژنەی نەوت وغازی پەرلەمانی عێراق پێیوایە ویست نییە بۆ چارەسەركردنی گرفتی گرێبەستە نەوتییەكان "ئەگەر حكومەتی عێراق جیدی بووایە هیچ بیانوییەك نەبوو بۆ دواكەوتنی یاساكە، تائێستاش دیارنییە كەی یاساكە دەردەچێت".

سەرۆكی لیژنەی نەوت و غاز، پێیوایە باشترین چارەسەر بۆ گرفتی گرێبەستەكان كۆبوونەوەی لیژنە سیادییەكەیە "ئەم لیژنەیە هەر ناوەو هیچ كارێكی نەكردووە و كێشەی یاسای نەوتیش ئێستا كێشەیەكی سیاسییەو پێویستە ئەو لیژنەیە دابنیشێت و بڕیاربدات، چونكە ئەگەر ئەو لیژنەیە بیەوێت دەتوانێت لەماوەی چەند كاژێرێكدا ئەو گرفتانە چارەسەر بكات".

ماوەی دووساڵە گرفتی گرێبەستە نەوتییەكان لەنێوان هەولێر و بەغدا بەچارەسەرنەكراوی ماونەتەوە، لەگەڵ ئەوەی تائێستا ئەمریكاش هیچ هەڵوێستێكی فەرمی لەوبارەوە نەبووە، بەڵام بەپێی زانیارییەكان ئێستا ئەمریكا پشتگیری حكومەتی ناوەندی دەكات بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تەواو بدرێت بەناوەند.

د. مەحمود عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەرلیستی هاوپەیمانی كوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەمریكا بۆچوونی وایە نابێت كورد ڕاستەوخۆ گرێبەستی نەوت واژۆ بكات و دەبوایە كورد لەواژۆكردنی گرێبەستە نەوتییەكاندا بۆ ناوەند بگەڕێتەوە، بۆیە ئەگەر بەشێوەیەكی فەرمیش نەبێت ئێستا ئەمریكا پشتیوانی لەحكومەتی ناوەندی دەكات و پێیوایە كەرتی نەوت كەرتێكی مەركەزییە".

كۆمپانیایەكی توركی و DNOی نەرویجی گەیشتوونەتە قۆناخی بەرهەمهێنانی نەوت

بەرهەمی هەردوو كۆمپانیا لەڕۆژێكدا 100 هەزار بەرمیلە

لەپێنج ساڵی داهاتوودا ئەو سێ پارێزگایەی هەرێمی كوردستان توانای بەرهەمهێنانی 1 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەیە لەڕۆژێكدا




# عێراق گرێبەستی خزمەتگوزاری بۆ 8 كێڵگەی نەوت و گاز ئەنجامدەدات

ڕووداو- ئاژانسەكان

لە ڕاگەیێندراوێكدا كە لە كۆتایی مانگی شەشدا ئاراستەی كۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەكان كراوە، عێراق كردنەوەی دەرگای بۆ وەبەرهێنەرانی نێودەوڵەتی بواری پیشەسازی نەوت كردەوەو داوای گرێبەستی خزمەتگوزاری درێژخایەن دەكات بۆ شەش كێڵگەی نەوت و دوو كێڵگەی گاز.

بەپێی ئەو تەندەرە، كە یەكەمین تەندەری مۆڵەتپێدراوی عێراقە لەدوای هاتنی ئەمریكا بۆ عێراق لە ساڵی 2003ەوە، چەند گرێبەستێكی خستووەتەڕوو بۆ كێڵگە نەوتییەكانی كەركووك و بای حەسەن لەباكوور، لەگەڵ كێڵگەكانی ڕومێلەو زوبێرو قوڕنەی ڕۆژئاواو بوزورگان و فەوقەو ئەبوغرێب (كە بە گرووپی میسان ناسراون) لە باشوور،لەگەڵ كێڵگەی گازی عەكاس و مەنسورییە.

ئەو تەندەرە بەمەبەستی بەرزكردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقە بۆ 4 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێكدا، لەكاتێكدا ئێستا ڕۆژانە 2.5 بەرمیل لەڕۆژێكدا بەرهەمدەهێنرێن. واچاوەڕوان دەكرێت ئەو ئۆفەرانە تا كۆتایی ئاداری 2009 بخایێنێت.گرێبەستە بەراییەكانیش لەوانەیە تا مانگی شەشی 2009 ئیمزا بكرێن. ئەو كۆمپانیایانەی ئارەزووی ئەوگرێبەستانەیان هەیە پێویستە نووسینگەی خۆیان لە عێراق بكەنەوە و هاوبەشێكی نێوخۆییشیان هەبێت لە عێراق كە بەلایەنی كەمەوە 25%ی قازانجەكە بۆ هاوبەشە نێوخۆییەك بێت. لە شوباتی ئەمساڵدا، وەزیری نەوتی عێراق، حوسێن شەهرستانی، سەبارەت بەو تەندەرانە گوتی 41 كۆمپانیا بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشانكراون، گوتیشی "ئەو تەندەرانە پێویستە شەفاف بن". لەكۆتایی ساڵی ڕابردوو بەرپرسانی هەریەكە لە كۆمپانیاكانی BP و Exxon Mobil و Royal Dutch Shell First لە ئوردن چاویان بە وەزیری نەوتی عێراقی كەوت بۆ باسكردنی گرێبەستە نەوتییەكان. وەزیری نەوتی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئاشتی هەورامی، گوتی ئەو گرێبەستانە "واپێدەچێت فەشەل بێنن" و پێشبینی ناكرێت لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسند بكرێن.

هەروەها هەورامی ئەوەشی بەبیر كۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەكان هێنایەوە كە لەعێراق هیچ چوارچێوەیەكی كاركردن نییە . حكومەتی هەرێمی كورستان لە ئابی 2007 یاسای نەوتی پەسندكرد، بەڵام هێشتا حكومەتی عێراق لەسەر ئەوە ڕازی نەبووە. لەهەمانكاتدا، حكومەتی هەرێم چەند گرێبەستێكی هاوبەشی لەگەڵ چەند كۆمپانیایەكی بیانی ئیمزاكردووە. هەرچەندە بەغدا تاكە لایەنە كە گرێبەستی خزمەتگوزاری پێشكێش دەكات، واچاوەڕوان دەكرێت هەر زوو دوای پەسندكردنی یاسای هایدرۆكاربۆن، كۆمپانیاكان چەند گرێبەستێك مۆر بكەن. كۆمپانیای Exxon هەرچەندە پێشوازی لە تەندەرەكە دەكات، بەڵام دەڵێت ئەوان ستافی خۆیان ڕەوانەی عێراق ناكەن لەبەر هۆكاری ئەمنی، كۆمپانیای Total یش دەڵێت ئەوان پێشبینی ناكەن لە ساڵی 2009 هیچ گرێبەستێكی گەورە لە عێراق ئیمزا بكەن

بەغدا بەهیوای ئەوەبوو شەش گرێبەستی كورتخایەن لە 2008/6/30 ئیمزا بكات . شەهرستانی دەڵێت گرێبەستەكان كۆتاییان پێهات و ئیمزا نەكران "لەبەرئەوەی كۆمپانیاكان ڕەتیانكردەوە كە كاری ڕاوێژكاریی لەبەرامبەر بڕە پارەیەك بكەن"،بەڵكو ئەوان لەبری ئەو ڕاوێژكارییە داوای بڕێك نەوتیان دەكرد. شەهرستانی دەڵێت"ئەوانە گرێبەستی ڕاوێژكاریی بوون بۆ یارمەتیدانی ئێمە بۆ بەرزكردنەوەی بەرهەمی نەوت لە ماوەی گواستنەوە (انتقالی)دا"، بەر لەوەی گرێبەستە درێژخایەنەكان بەكاربێن.

هەروەها بەغدا ڕاشیگەیاند كە پلانی هەیە بۆ دامەزراندنی كۆمپانیایەكی نەوتی سەر بە دەوڵەت، بە ناوی كۆمپانیای نەوتی میسان، ئەوەش لە كۆمپانیای نەوتی باشوور جیادەكرێتەوە، كە بنكەكەی لە بەسرایە. ئەو كۆمپانیایە نوێیە بەرپرس دەبێت لە هەموو سەرچاوە نەوت و گازییەكان لە پارێزگای میسان، هەروەها كاری هەماهەنگیكردنیش لەگەڵ كۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەكان.





## قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان:

# کورد دەرفەتەکانی گێڕانەوەی کەرکووکی لەدەستدان

**قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، جگە لە سکرتێرایەتیکردنی حیزبێکی کوردستانی، بەهۆی ئەوەی ماوەیەک وەک نوێنەری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان، ســـەبارەت جێبەجێکردنی مادەی 140 دەستنیشانکرا، لەماوەی رابردوودا زۆر پەیوەست بووە بە کێشەی ناوچە بە عەرەبکراوەکانی کوردستان، لەو هەڤپەیڤینەیدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئەو ماوەیەی کاری خۆی و کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی مالیکی دەکات.**

**قادر عەزیز محەممەد ئەمین**

- لەساڵی 1954 لەهەولێر لەدایکبووە.
- لەساڵی 1976 بووەتە پێشمەرگە.
- لەکابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمدا بووەتە وەزیری کشتوکاڵ.

**ڕووداو: پێشبینیت چییە بۆ ماددەی 140، بەتایبەتی دوای هاتنە ناوەوەی دیمستۆراو هاتنە پێشەوەی ئەلتەرناتیڤی دیکە، پێتوانییە ئەو مادەیە بەکرداری تەواو بووە؟**

**قادر عەزیز:** ماددەی 140 ماددەیەکی دەستوورییە و وەک دیکۆمێنت و مافێکی دەستووری بۆکورد دەمێنێتەوە، ئێستا کار بە ماددەی 140 ناکرێت. تائێستا ماددەی 140 لەقۆناغی یەکەمدایە، کە مەسەلەی ئاساییکردنەوەو قەرەبووکردنەوەی عەرەبی هاوردەو گەڕانەوەی ئاوارەکانە، ئەویش بەشێوەی پچڕپچڕەو ئاستەنگی زۆری بۆ دروست دەکرێت. ئەگینا دوو قۆناخەکەی دیکە، کە زۆر گرنگن و ئەوانیش: سەرژمێری و ریفراندۆمن، وازیان لێهێندراوە.

**ڕووداو: هەردوولا وازیان لێهێناوە ؟**

**قادر عەزیز:** حکومەتی بەغدا جێبەجێی نەکردو کوردیش نەیتوانی حکومەتی بەغدا ناچار بکات ماددەی 140ی بۆجێبەجێ بکات. لەبەر ئەوەی پێشنیارەکانی دیمستۆراش، کەبەشی یەکەمی راگەیاندووەو لەمانگی داهاتوو بەشەکانی دیکەی رادەگەیێنێت، لەدەرەوەی ماددەی 140ن. بۆیە ئەم پێشنیارانە بەقازانجی کورد نابن. لەبەر ئەوە تاکە شتێک، کەبەقازانجی کورد بێت، ماددەی 140ەو هەر ڕێگەیەکی دیکەی تەوافوق و ئەوشتانە، کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان، وەک ماددەی 140 بۆ کورد ناگەڕێننەوە.

**ڕووداو: کەواتە ماددەی 140 هەر لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە؟**

**قادر عەزیز:** کورد هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات، بەڵام پێموایە دەرفەتی مێژوویی و لەبار بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 لەدەستدراوە. لەدوای رووخانی رژێمی سەددام، کە ئەوکات هاوکێشەکان بەقازانجی کورد بوون و کورد لەبەغدا بەهێز بوو، شیعەو سوننە شەڕیان بوو، دەکرا کورد ئەوکاتە فشاربکات و هەڵوێستی هەبێت و رێگە نەدات، دەستی دەستی بەماددەی 140 بکرێت. بەڵام ئێستا دۆخەکە گۆڕاوەو کورد لە بەغدا کاریگەرییەکەی جارانی نەماوەو ناتوانێ هیچ شتێک لەسەر حکومەتی بەغدا بسەپێنێت.

**ڕووداو: هەندێجار هەندێ ئاماژەی یەکتر تۆمەتبارکردن لەنێوان بەرپرسانی کورددا هەن، تۆ چۆن لەمە دەڕوانیت؟**

**قادر عەزیز:** کەس تاوانبار نییە، بەڵام کەمتەرخەمی و لەدەستدانی دەرفەت زۆرە. ئەویش پەیوەندی بەخودی خیتاب و سیاسەتی کوردەوە هەیە نەک تاکەکان. ئەم دۆخەش سەرکردایەتی دوو حیزبەکە لێی بەرپرسیارن. من ئەوە بەهەڵە دەزانم، کەسێک یەکێکی دیکە تاوانبار بکات،رەنگە کەسێک لەکەسێکیتر جیدیترو زیاتر کاربکات. زۆرجار باسی بەرپرسانی بەغدا دەکرێت، بەڵام سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی بەشێوەیەکی گشتی، چ لەبەغداو چ لەناوخۆو چ لەدەرەوە، بەیەکەوە ئەوسیاسەتە بەڕێوەدەبەن، ئەگەر ئەوسیاسەتە سەرکەوتوو نەبووبێت، ئەوان لێی بەرپرسیارن و نابێت بیخەنە ئەستۆی خەڵکانیتر.

**ڕووداو: بەڕای تۆ مالیکی تاچەند سەرکەوتوو بووە لەهەوڵەکانی بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد لەبەغدا؟**

**قادرعەزیز:** ئەمەی ئێستا هەیە هەوڵ نییە، بەڵکو پیلان وگەلەکۆمەکییە لەناوخۆی عێراق و وڵاتانی ئیقلیمیو هەندێک هێزی دەرەکی کە هەر هەموویان کار بۆ بچووکردنەوەی دەسەڵاتی کورد و سنووری هەرێمی کوردستان دەکەن. پیلانەکەی ئێستا ئەوەیە سەرەتا، کەرکووک و ناوچەدابڕاوەکان داگیربکەنەوە و ئەوجا پرۆژە بڕیاری ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەسەر کورددا تێپەڕێنن و پاشان کورد ناچار بکەن بۆ رازیبوون بەپێشنیارەکانی قۆناغی دووەم و سێیەمی دیمستۆرا، کەبەدڵنیاییەوە لەقازانجی کورد نابن. دواجار، دەسەڵاتی کوردی لەهەرسێ شارەکەی هەرێمی کوردستان قەتیس بکەن.

**ڕووداو: پێتوانییە بەرپرسانی کوردیش لەبەغدا وەک میوان مامەڵە دەکەن و خۆیان بەخاوەن دانانێن، لەبەر ئەوەی لای عەرەبانیش واسەیر دەکرێن؟**

**قادر عەزیز:** بێگومان. ئاستەنگی زۆر هەیە لەبەردەم کاری بەرپرسانی کورد لەبەغدا، بەڵام مالیکی نەک کورد بەتەنیا هەموو لایەنەکانی پەراوێز خستوون. تەوافوق و لایەنەکانی دیکە و هەتا خودی شیعەش گلەییان لەوبارەوە لە مالیکی هەیە. ئەوەی هەتا ئێستا ئینفیرادی کردووە بەدەسەڵات، حیزبی دەعوەو ئیئتیلافە و ئەوانیتر هەموو نارازین و ئەمەی ئێستا مالیکی پەیڕەوی دەکات، گەڕانەوەیە بەرەو دەسەڵاتێکی شمولی لەعێراقدا. ئەگەر رێگە لەوە نەگیرێت ئەوا لەسەر حسابی دیموکراتی و فرەیی و پێکهاتەکانی دیکەیە.

**ڕووداو: زۆرکەس لەوباوەڕەدان، کەمالیکی توانیویەتی ببێتە ئەندازیاری بەمەرکەزی کردنەوەی بێسنوری بەغدا، ئایا خەمساردی سەرکردایەتی کورد، یان زیرەکانە کارکردن بە کارتەکان ئەو دەرفەتەیان پێدا؟**

**قادر عەزیز:** هەردووکی. ئەوەی ئێستا مالیکی دەیکات، گەڕانەوەیە بۆ ئینفیراد کردن بەدەسەڵات و دەسەڵاتێکی شمولی، لەسەر حسابی کەمکردنەوەی دیموکراسی و فرەیی لەبڕیاردانی سیاسیدا. سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی، بەرپرسن لەوەی کەمالیکییان هێشتەوە و، ئەوانیش بەهێزیان کرد. چونکە ئەگەرئەوکاتەی هەموو لیستەکان لەحکومەت کشانەوە، پارتی و یەکێتیش بکشابانەوە، شتێک نەدەما بەناوی حکومەتی مالیکی. بەو ناکۆکیانەش لە بەغدا هەبوون تا ساڵێکی دیکەش حکومەتیان پێ دروست نەدەکرایەوە و بەلاوازی دەمانەوە. بەڵام ئێمە هەموو هاوکارییەکمان کردن و ئاشتمان کردنەوەو حکومەتەکەمان راگرت و بەهێزمان کردەوە، ئێستاش کەبەهێز بووەتەوە، یەکەم کاری ئەوەیە پەلاماری ئێمە دەدات.

**ڕووداو: دەگوترێ ئێستا ئەمریکییەکان گلەییان لەکورد هەیە، تۆ دەزانی ئەو گلەییانە چین؟**

**قادر عەزیز:** بەڵێ بێگومان ئەمریکاو بەغداو وڵاتانی دیکەش گلەییان لە گەندەڵی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و زۆر پێشێلکاریتر هەیە لەهەرێمی کوردستان. ئەگەر ئەو گلەییانە چارەسەر نەکرێن، سەرکردایەتی کوردی ئەوپشتیوانییەی هەیبووە، لەدەستیدەدات.

**ڕووداو: واتە پێتوانییە گلەیی ئەمریکا لەوەبێت کە بەپێی ستراتیژیەتی ئەمریکا هەڵسوکەوت ناکات؟**

**قادر عەزیز:** بەپێچەوانەوە، سەرکردایەتی کورد بەبێ بەرامبەر و بەبێ رەچاوکردنی مافەکانی گەلی کورد، هاوکاری ئەمریکا دەکات و کارەکانی ئەمریکا رایی دەکات. لەکاتێکدا پێکهاتەکانیتر، بەبێ بەرامبەر ئەوە بۆ ئەمریکا ناکەن. ئەمریکا لەوبارەوە گلەیی لەکورد نییە، بەڵکو گلەیی لەشێوازی حوکمڕانی کورد و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و ئەو گەندەڵییە لەرادەبەدەرە هەیە، کە لەئیدارەی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

**ڕووداو: لەسەروتارێکی ئاڵای ئازادیدا دەڵێی عێراقی نوێ تەواو بوو و پێویستە سەرکردایەتی کورد چیتر خەونی پێوە نەبینێ، بۆچی تەواو بوو؟**

**قادر عەزیز:** قسەی من ئەوەبووە، کەئەو عێراقە دەستوری و دیموکراسییەی کورد خەونی پێوەدەبینی دروست ببێت، وادەرنەچوو. ئەوەی ئێستا دەیبینین، گەڕانەوەیە بۆ شێوازو سیاسەتی شۆڤێنی عێراقی رابردوو، کەهەڕەشە لەدیموکراسی لەهەموو عێراق دەکات. ئەو نەفەسەی ئێستا لەبەغدا سیاسەت دەکات و قسەدەکات، هەمان سیاسەتی رژێمی پێشووە.

**ڕووداو: هەر لەوێدا دەڵێی پێویستە سەرکردایەتی کورد چیتر خۆیان نەخەڵەتێنن و ڕاستییەکان بەخەڵک بڵێن و ڕێگەیتر بگرنەبەر، ئەو ڕێگەیە چییە کەدەبێت بیگرنەبەر؟**

**قادر عەزیز:** ئەوەیە کە لە پێشبینی و لێکدانەوەکانمان بەهەڵەدا نەچین. کاتێک دەبینین ئەو عێراقەی ئێستا، عێراقی پێشبینییەکانمان نییە، دەبێت ئەو ڕاستییە بەخەڵک بڵێین، نەک ئەوبێت کوردستان داگیر بکات و هێشتا ئێمە پێمان وابێت عێراقێکی دیموکراتییەو دەستور جێبەجێدەبێت. خۆ لەکۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانی کوردستان، باس لەوەدەکرێت کەعێراق دەستوور جێبەجێ ناکات و هەنگاو بەرەو دیموکراتی نانێت و بەرەو سیاسەتێکی شمولی دەگەڕێتەوە. دەی پێویستە ئەوە بەخەڵکیش بڵێین و شتی پێچەوانە بەخەڵک نەڵێین. هەرهیچ نەبێت، بۆئەوەی خەڵک لەمەترسییەکان و هەقیقەتی ئەو عێراقە ئاگاداربێت.

**ڕووداو: تۆ نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووی سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی 140، بۆ لەو ماوەیەدا نەتتوانی وەک پێویست کاربکەی؟**

**قادر عەزیز:** کاری من تەنفیزی نەبوو، بەڵکو بەدواداچوون و ئاگادارکردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکانی مادەی140. ئەوەی لەسەر شانی من بووە کردوومەو رۆژانە بەنامەی تایبەتی سەرۆک و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانم لەکێشەکان و ئاستەنگەکان ئاگادارکردووەتەوە. تەنانەت لەراگەیاندنەکانیش، بەوپەڕی شەفافیەوە باسمکردووە. ئەوەی کەنەکرا، پەیوەندی بەمنەوە نەبوو. بڕیار بوو هاوکاریم بکەن و بچم لەکەرکووک نووسینگەیەکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بەماددەی 140 بکەمەوەو کۆمەڵێک خەڵکی پسپۆڕو شارەزا لەشارەکە بۆ نووسینگەکە دیاری بکەم ولەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووکدا کاری باش بکەم، بۆ رێگە خۆشکردن بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە و راستەوخۆو مەیدانی چاودێری جێبەجێکردنی ماددەی 140 بکەین، بەڵام نەکرا. پێموایە نەکرانیشی، پەیوەندی بەحساباتی حیزبی نێوخۆی خۆیانەوە هەبوو. من بۆ زەحمەتکێشان و حیزبەکەی خۆم نەچووم بۆ کەرکووک، بۆ کورد و ماددەی 140 چووم. نە لەڕووی ماددی و نەلەڕووی مەعنەوی، هیچ هاوکاری منیان نەکرد. ئەگەر ئەوەیان بۆ بکردینایە، نەک چاوێریکردنی ماددەی 140، دەمانتوانی شتێکی زۆر گرنگ بکەین.

**ڕووداو: هەر ئەوکاتیش هەندێ گلەییت هەبوو لە دۆخی نێوخۆیی کورد لە کەرکووک؟**

**قادر عەزیز:** ئەدای کورد لەکەرکووک، سەرکەوتوو نەبوو، ئێستا باش بووە. لەسەرەتای کارەکەوە ململانێی حیزبی زۆربوو، کە زیانێکی زۆری بەپرسی کەرکووک گەیاند. نەمانتوانی ئیدارەیەکی باشمان لەکەرکووک هەبێت و پێکهاتەکانی دیکە بۆلای خۆمان رابکێشین. سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی خۆشیان هەمان گلەییان هەیە وئەوە دەزانن.

**ڕووداو: ئێستاش هەر نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کورستانی بۆمادەی 140 ؟**

**قادر عەزیز:** تائێستا بەرەسمی ئاگادار نەکراومەتەوە، کەنوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان نیم. تەنانەت لەکۆبوونەوەکانیش لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی. تائێستا بڕیارەکانی پارتیو یەکێتی کە لە ناوخۆ دەدرێن کەس نایانزانێ، لەکاتێکدا پێویستە خەڵکی لێ ئاگادار بکرێ. بەو دواییە لیژنەیەکیان بەسەرۆکایەتی د.محەممەد ئیحسان و ئەندامێتی نوێنەرانی یەکێتی و پارتی و پەرلەمانی کوردستان و بەغدا دروستکرد، هەموو دەسەڵاتەکان لەولیژنەیە کۆکراوەتەوە، کەزۆر کردەیی بووە. کارەکانی باشە و دەستخۆشیان لێدەکەم. راشمگەیاندووە کە من وەکو نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کارناکەم.بەڵام دەبووا ئاگاداربکرێم کە تاچەند لە کارەکەم بەردەوام دەبم، کەئاگاداریش نەکراوم، من وەکو نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کارناکەم و هاوکاری ئەو لیژنەیە دەکەم.

**ڕووداو: چۆن دەڕوانییە گفتوگۆکانی ئێستای نێوان شاندی کوردی و بەغدا؟**

**قادرعەزیز:** زۆرگرنگە شتەکان بە ئاشکرایی لەگەڵ بەغدا باسبکرێن و هەموو شتەکانیان، بەبوون و نەبوون لەگەڵ ساخ بکەینەوە، بەڵام من هەرپێموانییە ئێستاش هیچ رێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا بەقازانجی کورد بێت. لەوانەیە شێوازەکە بگۆڕدرێت، ئەگینا کورد بەهۆی ئەوەی ئێستا هاوکێشەکان لەبەرژەوەندی کورد نین، ئێستا ناتوانێت بەر لەو پیلان و پرۆسەیە بگرێت کەبەغدا بەهاوکاری هێزە دەرەکییەکان، بۆکۆنترۆڵکردنی ناوچە داگیرکراوەکان گرتوویەتییە بەر. لەوانەیە شێوازی پرۆسەکە بگۆڕێت، ئەگینا خودی پرۆسەکە کۆتایی پێناهێنێت.

**ڕووداو: بۆچی کورد لەبەغدا ناتوانێ راشکاوانە قسەبکات، ئایا دیبلۆماسیەتێکی کاریگەری نییە، یاخود شەرمنە؟**

**قادر عەزیز:** سەرکردایەتی کورد لەرۆژانی ئەنفال وکیمیارانیشدا، شەرمن و ترسنۆک نەبووە، ئێستا چۆن ترسنۆک دەبێت. سیاسەت لەچوارچێوەی تەرازووی هێزەکان دەکرێت.بەڵام هەڵوێست وەرگرتن گرنگە،بەهۆی ئەوەی کورد لەماوەی پێنج ساڵی رابردوو لەسەر هیچ شتێک هەڵوێستی وەرنەگرت، ئەمە وایکردووە ئەدای سیاسەتی کوردی لەبەغدا، لاواز بێت. بەغدا ئەوەی قۆستەوە. عەللاوی دێت و ماددەی 140 جێبەجێ ناکات، کورد دەنگ ناکات. جەعفەری دێت و مالیکی دێت و هەروا کورد دەنگ ناکات. رۆژانە جۆرەها گۆرانکاری ئیداری دەکەن و کورد هیچ هەڵوێستی وەرنەگرت. هەر رۆژێک ئەوان بیان زانیبوایە کورد جیدییە لە کشانەوە لەپرۆسە سیاسییەکە، زۆر شتیان بۆکورد دەکرد، بەڵام کە زانیان هەرچۆن بجوڵێنەوە کورد بێ هەڵوێست و بێدەنگە و بەکۆمەڵێک بیانووی جۆراوجۆر نایەوێت لەحکومەتەکەو پرۆسە سیاسیەکە بکشێتەوە، ئەمانە بەغدایان هاندا هەرچی بیەوێت بیکات.

**ڕووداو: هەرئەوەش وای لەمالیکی کرد، دەرکردنی پێشمەرگەش تاقیبکاتەوە؟**

**قادر عەزیز:** بەڵێ. ئەگەر تاشەش مانگ لەمەوبەریش کورد بکشابایەوە،وانەدەبوو و حکومەت نەدەما، بەڵام ئێستا لەوانەیە حکومەتەکەی مالیکی پەکی نەکەوێت، بەڵام پرۆسە سیاسییەکە تێکدەچێت. چونکە کورد پێکهاتەیەکی گرنگە لەعێراقدا و ئێستا زۆر لەپێکهاتەکانی دیکەش نارازین لەو سیاسەتەی کە لە بەغدا هەیە.

**ڕووداو: ئێوە لەچوار حیزبەکە بەیاننامەیەکتان دەرکرد و مەترسی خۆتان لەداگیرکردنی کەرکووک دەربڕی، ئایا ئێوە ئامادەن شەڕ لەسەر کەرکووک بکەن ؟**

**قادر عەزیز:** هەموومان ئامادەین شەڕ لەسەر کەرکووک بکەین، بەپارتی و یەکێتیشەوەو پێشتریش شەڕ کراوە. بەڵام ئایا لەئێستادا شەڕ کردن گونجاوەو دوارێگەیە و کورد دەتوانێ ئەو شەڕە بکات ؟ ئەمە پرسیارەکەیە. بڕیاری شەڕکردنیش پێویستە لەلایەن سەرۆکایەتی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و خەڵکی کوردستانەوە دەربچێت.

**ڕووداو: دوا پرسیارم دەبەمەوە بۆ کەرکووک، گۆڕانکارییەکان بەشێوەیەک دەردەکەون، وەک ئەوەی بڵێی کەرکووک لەلێواری فت بوندا بێت. بەڕای تۆ تاکە ڕێگەی سەرکردایەتی کورد چییە، تا کەرکووک لەدەست نەچێت ؟**

**قادر عەزیز:** بەڕای من کەرکووک لەڕووی مێژووییەوە دەرفەتەکەی لەدەستچووە و، ئەمەی ئێستا دەکرێت زیاتر هەوڵدانە، چونکە لەسەرەتای دروستکردنەوەی عێراقدا، دەرفەتێک هەبوو کە کورد جارێکیتر بەبێ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بەشداریی لە دروستکردنەوەی عێراقدا نەکات. ئەمە گەورەترین کارت بوو بەدەست سەرکردایەتی کوردەوە. دوای ئەوەش، کاتێک کێشەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان خرانەوە چوارچێوەی دەستوورەوە، دیسان دەرفەت بوو کەرێگە نەدرێت، کابینەکانی حکومەتی عێراق دەستی دەستی بەکورد بکەن. ئەم دوو دەرفەتە لەدەستچووەو ئەوەی ئێستا هەیە هەوڵەکانی دیمستۆران، ئەمانەش لەدەرەوەی مادەی 140و دەرفەتە لەبارەکانن. دیمستۆرا نایەوێت کەرکووک، وەک ئەوەی لەماددەی 140داهاتووە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو دەیەوێت بەتەوافوق و رازیکردنی هەموو پێکهاتەکان چارەسەری بکات، ئەمەش بەقازانجی کورد نابێ و لەسەر حسابی کورد دەبێ. بەو شێوەیەش کەرکووک و ناوچەکانی دیکە بەوشێوەیە ناگەڕێنەوە کە کورد دەیەوێت و عەرەب و تورکمان، لەکەرکووکدا دەکاتە شەریکی کورد.

## ئەگەر پارتی و یەکێتی هاوکاریان بکردبام شتی زۆرباشمان دەکرد لە کەرکووک

## ئەمریکا گلەیی لەشێوازی حوکمڕانی و گەندەڵی هەرێمی کوردستان هەیە



سەرکردەکانی عێراق لە ئەحمەد حەسەن بەکرەوە تا مالیکی: پێداگیرییەکی بەردەوام لەسەر زەوتکردن و بەعەرەبکردنی کەرکووک (گرافیک:ڕووداو)



# هونەر

## گرووپی کچانی مەریەم خان هەڵوەشایەوە

فەیسەڵ شێخانی - هەولێر

◆ شێرزاد سەرسپی سەرپەرشتیاری گرووپی مریەم خان بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو گرووپە دوای هەشت ساڵ بەردەوامبوون لە کاری هونەری هەڵوەشێندرایەوە و، ئاماژەی بەوەشکرد ئەو گرووپە گرووپێکی مێینە بوو و لە12 مۆسیقاژەنی کچ پێکهاتبوو. سەرپەرشتیاری گرووپەکە هۆکاری هەڵوەشانەوەی ئەو گرووپەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە هەندێ لەئەندامانی بوونەتە مامۆستا و دامەزراون، هەروەها هۆکارێکی دیکەشی بۆ بڕیاری نەهێشتنی دوو مووچەیی گەڕاندەوە و گوتی "ئومێدێکی گەورەم بەدوارۆژی ئەو تیپە هەبوو".



## ئەکتەری کۆمیدی عەبۆ:

# تەلەفزیۆنێکی دوبەی کار لەدرامایەکی من دەکات

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

بەر لەوەی بێتە قسە 6 جار تەلەفۆنێکی بۆ ژمارەیەک کرد و وەڵامی نەدایەوە، بەڵام کە سەیری ژمارەکەی کرد بینی ژمارە مۆبایلی خێزانەکەیەتی، خێزانەکەشی لەژووری بەرامبەری دانیشتبوو سەیری عەبۆی دەکرد.

ئەکتەری کۆمیدی عەلی عەبدولباقی، زۆر سەرقاڵ دیارە، لەبەر ئەوەش بەردەوام ئەو هەڵانە دەکات "لەجیاتی جگەرە فڕێبدەم چەرخم فڕێداوە، ماستم کڕیوە لەبیرم کردووە بیهێنمەوە".

عەبۆ لەساڵی 1970 لەهەولێر لەدایکبووەو وەک خۆی دەڵێ تائێستا بەشداری لە 50 فیلمی کۆمیدیدا کردووە.

فیلمی کۆمیدی حەیدەر مەستەڕە، سەرەتای دەرکردنی ناوبانگی عەبۆ بوو، پڕ فرۆشترین بەرهەمیشی وەک خۆی باسیکرد فیلمی کۆمیدی (سێ کەللە پووت)ە کە "نزیکەی 20 هەزار دانەی لێفرۆشراوە"، فیلمی کۆمیدی (خوتەی فاشیل)یش دوایین فیلمە، کە عەبۆ بەشداری تێدا کردووە.

عەبۆ زۆربەی کات بەبێ ئەوەی خۆی پێبکەنێت، دەوروبەری دێنێتە پێکەنین، بۆیە لە ساڵی 1982 هاوڕێیانی قوتابخانەی بەزۆر دەینێرنە سەر تەختەی شانۆ. عەبۆ دەڵێت "بەشێوەیەکی ئاسایی قسەم دەکرد، بەڵام قوتابییەکان پێکەنینیان پێدەهات، بۆیە داوایان لێکردم بەشداری لەشانۆیەک بکەم، منیش ڕازینەبووم، بەڵام مامۆستایەکمان هەبوو گوتی ئەگەر بەشداری نەکەی لەهەموو وانەکان دەتکەوێنم، بۆیە لەترسان بەشداریم کرد".

لەدوای ڕاپەڕین، عەلی زیاتر لەکاری هونەری نزیک دەبێتەوە بەتایبەتیش شانۆ، لەساڵی 1996 وەک ئەکتەری سەرەکی بەشداری شانۆگەری (کێ ژنم لۆ دێنێ) دەکات" شانۆگەرییەکە بۆ ماوەی 18 ڕۆژ، ڕۆژانە 2 جار پێشکەش دەکرا".

هونەرمەندان، بەتایبەتی کۆمیدییەکان زیاتر بەهۆی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان بەسدیی نێوبانگ دەردەکەن "سیدی، ئەکتەر زوو بەبینەر دەناسێنێ".

ئێستا ئاسانترین کاری هونەری بەقسەی عەبۆ سیدی فیلمی کۆمیدییە"ئەو فیلمانە ئێستا لەماوەی 3-7 ڕۆژ تەواو دەبن، خاوەن نووسینگەکانی سیدی فرۆشتنیش بەو هۆیەوە زۆرترین قازانج دەکەن". بەگوێرەی قسەکانی عەبۆ ئەو کورتە فیلمانە لەناو کوردستانیانی دەرەوەی وڵاتیش بینەریان زۆرە"هەندێک کەس لەئەوروپا ژیانی لەسەر فرۆشتنی ئەو فیلمانەیە".

نێوەڕۆکی ئەو فیلمە کۆمیدیانە جێی ڕەخنەی هونەرمەندە بە ئەزموونەکانن، کە هەڕەمەکی و بێ مەبەستن، گاڵتەکردنی بەردەوامیشیان بە خەڵکی گوندنشین جێی ڕەخنەیە.

عەبۆ، لەفیلمی کۆمیدی (نەدی و بدی) ڕۆلی کەسێکی گوندی دەگێڕێ کە ئۆتۆمبێلێک دەکڕێ، لەزۆربەی دیمەنەکانی فیلمەکە گاڵتە بەخەڵکی گوند دەکات، بەڵام عەبۆ دەڵێت "ئێمە بۆ چارەسەری دیاردە ناشرینەکان وا دەکەین، خۆ ناڵێین خەڵکی لادێ هەمووی لەو شێوەیە، فیلممان لەسەر دیاردەی ژن بەژنی کردووە، لەسەر کۆتر بازی فیلممان دەرکردووە، کۆتر باز تەلەفۆنی بۆ کردووم گوتوویەتی ئێستا شەرم دەکەم بەدوای کۆتر بکەوم".

عەبۆ ئەوەشی ڕەتکردەوە کە بەشداریی لە فیلمە لاواز و بێ نێوەڕۆکەکان بکات "فیلم هەبووە 500 دۆلاریان پێداوم تەنیا بۆ یەک دیمەن، بەڵام نەچوومە چونکە دەقەکەی خراپ بووە".

ئەو ئەکتەرە جگە لەکاری هونەری، پۆلیسیشە، ئەو لەبارەی پیشەی پۆلیسیەوە بەسەرهاتی سەیری بۆ (ڕووداو) گێڕایەوەو گوتی "پێشتر لێکۆڵینەوەم لەگەڵ تۆمەتباران دەکرد، دەمگوت بۆ لەو کەسەت داوە، دەیگوت کاک عەبۆ وەڵڵا بڵێم چی؟ یان دەچوومە دوای تۆمەتبارێک، کابرا دەیگوت لەبەرخاتری عەبۆ نەبێت نایێم بۆ بنکەی پۆلیس".

عەبۆش وەک بەشێک لەهونەرمەندان ناتوانێت بەئارەزووی خۆی بچێتە هەموو شوێنێک، چونکە بەقسەی خۆی خەڵک هەراسانی دەکەن "زۆرجار کە لەناو بازاڕ دەڕۆم، کەسێک لەوبەری جادە یان لەناو ئۆتۆمبێل هاوار دەکات عەبۆۆۆ، بەڕاستی زۆر بێزار بوومە، هەر بۆیەش بەنیازم فیلمێک لەسەر ئەو بەزمە دەربێنم".

وەک زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی کە هەر قسە دەکەن ڕووی گلەیی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەن، عەبۆش گلەیی زۆرن، بەتایبەتی لەهونەرمەندە بەتەمەنەکانی ناو وەزارەت"هونەرمەندە بەتەمەنەکانی ناو وەزارەت دژایەتیمان دەکەن، چونکە دەترسن جێگەیان بگرینەوە".

ئەو دەقی درامایەکی خۆی بەنموونە هێنایەوە کە لەلایەن بەشی شانۆی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە ڕەتکراوەتەوە"دەقێکی درامام نووسی لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی هەولێری پێش 40 ساڵ، بەڵام وەزارەت بەهیچی دانەنا، دواتر کوڕی فازل عەباس گەورە دەرهێنەری بەغدا هاتە هەولێر، دەقەکەم پێشاندا، زۆر پێی سەرسام بوو، داوای لێکردم بۆی وەرگێڕم، ئێستا بۆ تەلەفزیۆنێکی دوبەی کاری تێدەکەن".

لەهەمانکاتدا ڕەخنەی لەبەڕێوبەرایەتی سینە ما و شانۆ گرت، کە بەدەیان کەسی وەرگرتووە، بەڵام ئەوی پەراوێز خستووە، عەبۆ گوتی "فەیسەڵ میقداد کە دکتۆرای لەشانۆ هەیە، هاتە هەولێر ئەو کەسانەی بەهونەرمەند وەرنەگرت، تەنیا بەمن ڕازی بوو".

عەلی عەبدولباقی جگە لەکاری فیلمی کۆمیدی لەچەند تەلەفزیۆنێکیش کاری کردووە، لەوانەش تەلەفزیۆنی ڤین تیڤی، ئەلعێراقییە، تەلەفزیۆنی تورکمان، بەڵام وەک خۆی گێڕایەوە بەهۆی کوردبوونی لەتەلەفزیۆنی تورکمان کێشەی بۆ دروستکرا "ساڵی 1996 لەکەناڵی تورکمانی هەولێر، کارم دەکرد، حەسەن جوڵشانی بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن کە زانیبووی من دەڵێم کوردم، داوای لێکردم واز لەو کوردایەتییە بێنم، ئەگەر نا زەرەر دەکەم، منیش گوتم بێمنەتم، ئەویش شەش مانگ مووچەکەی بڕیم".

## یەکەمین کۆڕی هونەری ژنان



فەرهاد ئەرسەلان- ئامەد

50 ژنی هونەرمەندی سەربە ناوەندی کلتوریی میزۆپۆتامیا، کۆڕی ژنانیان دامەزراند ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندەکەش دەڵێ " ئەو کۆڕەی هونەرمەندانی ژن زیاتر گۆرانی لەسەر ئەو ژنانە دەڵێت کە لەتێکۆشانی دیموکراسیدا گیانیان لەدەستداوە".

ئەو هونەرمەندە ژنانە دوای ئەوەی لە یەکەمین فیستیڤاڵی ژناندا لە2008/8/22 لە شارۆچکەی فارقینی سەر بە ئامەد (دیاربەکر)ی باکووری کوردستان دەرکەوتنە پێش جەماوەر بڕیاری دامەزراندنی ئەو کۆڕەیاندا، کە هەموو کاروبارەکانی بەدەست ژنانەوەن.

ئەو 50ژنە کە لە لقەکانی ناوەندی میزۆپۆتامیا لە باکووری کوردستان و تورکیا کاردەکەن، 30 لەو ژنانە سۆلیست دەبن لە کۆڕەکەدا، وەک یەکەمین تیپی هونەری ژنان دەچنە نێو مێژووی باکووری کوردستان. ئەسرا چیفتچی کە یەکێکە لە ئەندامانی کۆڕەکە، دامەزرانی کۆڕەکەیان بە یادی گیان لەدەستدانی هونەرمەند دەلیلا مەیاسر لەساڵی ڕابردوودا لەهەرێمی شرناخ لە شەڕێکدا لەبەرامبەر سوپای تورکیا دەبەستێتەوەو دەڵێ " ئێمە بیرمان لە سەر ئەو وتەیەی دەلیلایە کە دەڵێ بەر لەوەی گوڵ دەربکەوێت لەگەڵ خاکدا شەڕ دەکات، بەو شێوەیە دێتە سەر ڕووی خاک و جوانی خۆی پێشکەش دەکات"، بۆیەش بڕیارماندا هەموو سەختییەکان تەحەمول بکەن.

# حەماسونا داوا لە حەسەن نەسروڵڵا دەکات بە هەیفا بڵێ خۆی داپۆشێت

**ڕووداو-ئیلاف**

پەیوەندیی نێوان هونەرمەند و سیاسەتمەدار شوێنێکی بەرچاوی هەیە لە مێژوودا. بەڵام ئەمڕۆ شێوەیەکی جێی سەرسوڕمانی وەرگرتووە. بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵی ئیسلامی بەنێوی (حەماسونا) لە بەیاننامەیەکدا داوای لە حیزبوڵڵا و حەسەن نەسروڵڵای ڕابەری دەکات "داوا لە هەیفا وەهبی بکەن خۆی داپۆشێ". دوای ئەوەی هەیفا وەهبی لەچەند هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەڤانیدا، سەرسامی خۆی بە حەسەن نەسروڵڵا دەربڕی، گوتبووشی ئامادەیە هەر شتێک بکات کە (سەید) فەرمانی پێ بکات.

پەیوەندیی نێوان هونەر و سیاسەت پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە، بەدەر لەو بەرهەم و ئەفراندنەی تێکەڵبوونی هەردوولایان دەهێنێتە بەرهەم. مێژوو وامان پێدەڵێ، کە بە زۆری ئەو پەیوەندییە بە دەوری بەرژەوەندی و سوودی دوو لایەنەدا دەخولێتەوە. سەرکردەیەک شەیدای جوانی ئەکتەرێک یان گۆرانیبێژێک دەبێت، یان وەزیرێک سەماکەرێک بۆ ئاهەنگێک داوەتدەکات، هەروەها سەرکردەیەکی سیاسی سوود لە کارامەیی هونەر و جەستە وەردەگرێت و لە کاری سیخوڕیدا بەکاریدەهێنێ.

### هونەر و سیاسەت

هەندێک ژن هەن بە سەرکردە مێژووییەکان سەرسامن، هەندێکیشیان هەن سەرسامی سەرکردەی ئەو میلیشیا و گرووپە چەکدارانەن، کە نەیارانیان دەتۆقێنن . سەرسامبوونی سینەماکار ڕەغدە بە سەرۆکی پێشووتری عێراق سەدام حوسێن و، تەحیە کاریۆکا بە جەمال عەبدولناسر و، نەجوا فوئاد بە هینری کیسنجەر، سەماکەری سەرکردەکان سوهێر زەکی بە سەرۆکی کۆچکردووی ئەمریکا نیکسون و،دالیدا و میتران و، مادۆنا و مەکین، هەموو ئەمانە نموونەی زەق و ئاشکران. خانمە هونەرمەندێکی دیکەی لوبنانیش کە ناوی دانایە سەرسامییەکی تایبەتی بەرامبەر بە کەسایەتیی حەسەن نەسروڵڵا دەربڕی و ناوی ناوە (پارێزەرمان)، هەروەها سەرسامیی خۆشی دەرهەق بە پەرلەمانتار سەعد حەریریش دەربڕی.

بزووتنەوەی بەرگریی ئەلیکترۆنی، کە کورتەکەی "حەماسونا"یە، داوای لە حیزبوڵڵای لوبنان کرد هونەرمەندی بەناوبانگ هەیفا وەهبی هانبدات خۆی داپۆشێ،دوای ئەوەی هەیفا وەهبی لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی (العربیە نت) دا گوتی کە ئەو "لە ژێر فەرمانی سەید حەسەن نەسروڵڵادایە". پێشتریش ڕۆژنامەی "الرایە"ی قەتەری لە زاری هەیفا وەهبییەوە بڵاوی کردەوە کە ئارەزوو دەکات بچێتە ڕیزی (مقاوەمەی لوبنانی)یەوە بە سەرکردایەتیی حەسەن نەسروڵڵا. گوتیشی "دەزانم کە بۆمن زەحمەتە بگەمە لای سەید، بەڵام هەر هەوڵدەدەم بە دیداری بگەم، هەروەها ڕاستەوخۆ پێیدەڵێم کە من لە بن فەرمانی ئەودام بۆ هەر شتێک کە ئەرکی نیشتیمانیم دەخاتە ئەستۆ". درێژەشی دایێ و گوتی "مایەی شەرەفە بۆ من لە ژێر فەرمانی ئەودا بم".

وا دیارە بزووتنەوەی (حەماسونا) لێدوانەکەی هەیفای بە دەرفەت زانی کە بۆ (پۆشتەیی) هانی بدات، وەک ئەوەی بزووتنەوەکە باسی دەکات، هەروەها ڕایگەیاند.."..لەبەر ئەوەی گوتوویەتی لە بن فەرمانی سەید نەسروڵڵادایە بۆ هەر شتێکی کە سەبارەت بە ئەرکی نیشتیمانیی داوای لێ بکات، ئێمەش لە لای خۆمانەوە واز هێنان لە ڕووتی و پۆشینی جلوبەرگی پۆشتە لە پێناو پاراستنی نەوەی نوێ، بە یەکەمین ئەرکی سەرشانی ئەو دەزانین". چەند سەرچاوەیەکیش لە بزووتنەوەکەدا ڕایانگەیاند کە لەم قۆناغەدا داوا لە هونەرمەند ناکرێ حیجاب بکات، خۆ ئەگەر لەبەری کرد ئەوە خێر و بەرەکەتە، ئەگەر نەشیکرد هەر هیچ نەبێ لە جلوبەرگ و گۆرانی گوتندا واز لە خۆدەرخستن بێنێ خراپ نییە. بزووتنەوەکەش وای دەبینێ کە بۆیە جەخت دەکاتە سەر هەیفا وەهبی، چونکە لە خۆ ڕووتکردنەوەدا گەیشتووەتە ئەوپەڕەکەی، ئەگەر لە پۆشتەکردنیەودا سەرکەوتن، ئیدیدەرگایەکی گەورە بە ڕووی ئەوانەدا دادەخەن کە ئەو دەکەنە پێشەنگ.

### لە ئامێزگرتنی هەیفا

بزووتنەوەکە داوا لە حیزبوڵڵا دەکات هەیفا لە (ئامێز) بگرێت، لە بەیاننامەیەکی بزووتنەوەکەدا هاتووە: بەربڵاویی حیزبوڵڵا و جموجۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی، وا دەکات کە لە ئامێز گرتنی گۆرانیبێژێکی وەک هەیفا وەهبی کارێکی یەکجار ئاسان بێت، کە لە بەپلەی یەکەم ئەرکێکی ئایینی و کۆمەڵایەتییە، بەڵکوو ئەرکێکی نیشتیمانیشە، پاش ئەوەی هەندێ ئاژانس بڵاویان کردەوە کە چەند کۆمپانیایەکی بەرهەم هێنانی ئیسرائیل بە دوای هەیفا وەهبییەوەن، بۆ ئەوەی ڕازیی بکەن وێنە ناشایستەکانی لە خاکی فەلەستیندا بفرۆشرێن. لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ڕۆیتەرز هەیفا وەهبی ڕایگەیاند کە برایەکی لە شەڕی دژ بە ئیسرائیلدا کوژراوە، کاتێک لە ساڵی 2006دا شەڕ لە نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵادا بەرپا بوو. هەندێ چاودێر لایان وایە خواستی بزووتنەوەکە واقیعی نییە، چونکە حیزبوڵڵا هیچ پەیوەندییەکی بە لێدوانی هەیفاوە نییە، تەنانەت ئەگەر هەیفاش ستایشی حەسەن نەسروڵڵا بکات،چونکە نەسروڵڵا بە دڵنیاییەوە گوێ لە گۆرانییەکانی ناگرێت، هەروەها کەناڵی (مەنار)یش گۆرانییەکانی لێنادات. لە لێدوانێکی دیکەدا بۆ ڕۆژنامەی (القدس العربی) لە لەندەن، هەر ئەمساڵ هەیفا وەهبی گوتی: سەربەرزم کە کەسێکی وەک حەسەن نەسروڵڵا هەبێت و داکۆکی لە خاک بکات.



هەیفا وەهبی زۆر سەرسامە بە حەسەن نەسروڵڵا



کیسنگەر و نەجوا فوئاد، پەیوەندییەکی بەهێز تا لێواری هاوسەرییەتی

### مێژووی سەرسام بوون

جگە لە هەیفا وەهبی و نزیکبوونەوەی لە سیاسەت، مێژوو زۆر شت دەربارەی پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان هونەرمەندان و سیاسەتمەداران دەخاتەڕوو. نادیە لوتفی خانمە هونەرمەندی عەرەب گوتوویەتی گوایە ئەو بە شا حەسەنی دووەم و ڕۆشنبیرییەکەی سەرسامە. نەبیلە عوبێدی ئەکتەریش لای وایە شا حەسەنی دووەم کەسایەتییەکی تایبەتی کەمەندکێشە .شادیەی گۆرانیبێژیش شا حەسەنی دووەمی وەک خۆشەویستی سەر تەختی دڵ دەبینی. سەباحی گۆرانیبێژیش بە قسەی خۆی بێت، خۆشترین کاتی ژیانی ئەوە بووە، کە شا حەسەنی دووەم داوای لێدەکرد گۆرانی بڵێ.

### ڕەغدە و سەدام



ڕەغدە زۆر دڵخۆشبوو بە مووشەکەکانی سەدام

ئەکتەری سینەمای عەرەب ڕەغدە بە شێوەیەکی تایبەت بە سەرۆکی پێشووتری عێراق سەرسام بوو" لەبەر ئەوەی یەکەم کەس بوو مووشەکی لە ئیسرائیل دا، ئیدی بۆ پێی سەرسام نەبم؟".

نووسەرێکی میسری لە کتێبی (خانمە هونەرمەندێک ماکیاج ناناسێ)دا بە وردی باسی پەیوەندی نێوان تەحیە کاریۆکای سەماکەر و سەرۆک جەمال عەبدولناسر و ئەفسەرانی ئازادیخواز و ئەو بڵاوکراوانەی ئەویان گەیاندە زیندان دەکات. هەروەها باسی پەیوەندیی نێوان کاریۆکا و سەرۆکی پێشووی میسر ئەنوەر ساداتیش دەکات. پڕوپاگەندەیەکیش دەربارەی پەیوەندی خۆشەویستیی نێوان نەجوا فوئادی سەماکەر و هینری کیسینجەر وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکاش بڵاوبووەوە، دەگوترێ گوایە داوای لێکردووە شووی پێ بکات و نەجوا ڕەتیکردووەتەوە.

سەرۆکی کۆچکردووی فەرەنسا فرانسوا میترانیش یەکێکبوو لەوکەسانەی کەوتە داوی (دالیدا)وە، کاتێ پەیوەندیی خۆشەویستیی نێوانیان ئاشکرا بوو، هەرا و زەنایەکی ڕۆژنامەوانی نایەوە و وێنەی هەردوو دڵدار لە لاپەڕەی یەکەمی ناودارترین ڕۆژنامەکانی فەرەنسا بڵاوبووەوە.

### پامیلا و میری ئیمارات

دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاویان کردەوە کە خانمە ئەکتەری ڕۆژاوایی پامیلا ئەندرسن لە پەیوەندییەکی گەرم و گوڕی دڵداریدایە لەگەڵ کەسایەتییەکی دیاری ئیماراتدا. ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی ئاماژە بەوە دەکەن کە "خۆشەویستەکەی پامی زۆر جوانە و پامیش بە دۆستە عەرەبەکەی زۆر دڵشادە".

ئەم بەزمە هەر تەنیا لە نێو عەرەبدا نییە بەڵکو پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان سیاسەتمەداران و هونەرمەندان، گەلێ جار لە ڕۆژاواشدا ڕوودەدات. بۆ نموونە ئەمساڵ چەند نامەیەکی بێ پەردە کە بۆ سەماکەرێکی ڕووتی ناردبوو، پاش ئەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکرانەوە، ئیلیکا کانیرفا وەزیری دەرەوەی فنلەندایان بە دەرکردن دا.



76 %ی ئیسپانییەکان:
**کاسیاس لە ڤالدێز باشترە**

ڕووداو . barca4ever
◆ ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی ڕاپرسییەکی لەسەرانسەری ئیسپانیا ئەنجامدا، کە کامیان باشترە: ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی یانەی ڕیال مەدرید یان ڤیکتۆر ڤالدێزی گۆڵچی یانەی بەرشلۆنەی کەتالۆنی، لەئەنجامدا زیاتر لە 76% ی دەنگدەر کاسیاسیان بەباشترین گۆڵچی ئیسپانیا دەستنیشانکرد و، تەنیا 11 % ی دەنگەکان بۆ ڤالدێز دران.

## دەرگای گواستنەوەکانی هاوینە داخرا

# بەرشلۆنە باشترین بازرگانی ئەمساڵی یاریزانان بوو

**بەدواداچوونی ڕووداو**
هەفتەی ڕابردوو دەرگای گواستنەوەی هاوینەی یاریزانانی تۆپی پێ داخرا، کە یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی چالاکترین بازرگانی بازاڕی ئەمساڵی یاریزانان بوو، کە زۆرترین کڕین و فرۆشتنی ئەنجامدا.

دوای دوو ساڵ شکست ئیدارەی بەرشلۆنە بڕیاریدا گۆڕانێکی بەرچاو لەیانەکەیدا بکات، کە وێڕای گۆڕینی ڕاهێنەرەکەی، دوو لە گەورەترین ئەستێرەکانی جیهانیشی لە دەستدا: ڕۆناڵدینهۆی بەرازیلی بە زیاتر لە 23 ملیۆن یۆرۆ بە ئەی سی میلانی ئیتاڵی فرۆشت، دیکۆی پورتوگالیشی بە 10 ملیۆن یۆرۆ فرۆشتە چێلسی ئینگلیزی. زێدەباری فرۆشتنی کۆمەڵێک یاریزانی دیکە، کەلەبەرامبەریشدا کۆمەڵێک ئەستێرەی نوێی هێنایە ڕیزەکانی خۆی.

لەڕووی یاریزانانیشەوە، دیارترین بۆندەکان بەنێوی کارلوس تێڤێزی ئەرژەنتینی دەست پێدەکەن، کە گرانترین یاریزانی ئەمساڵ بوو، یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بە نزیکەی 75 ملیۆن دۆلار لە چنگ ئەستونڤیلا دەریهێنا و، بووە خاوەن گرانترین بۆند لەمێژووی پریمەرلیگی ئینگلیزی.

چەند یاریزانێکیش بوونە مایەی کێبرکێیەکی توند لەنێوان یانەکاندا، بەڵام دواتر هەر بەموڵکی یانەکانیان مانەوە، دیارترینیان کرستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالی بوو، کە ئیدارەی ڕیال مەدرید ئامادەبوو لەبەرامبەریدا 90 ملیۆن یۆرۆ بداتە ئیدارەی مانچستەر یونایتد، هەروەها ڕۆبینهۆی بەرازیلیش یاخیبوونی خۆی دژ بە ڕیال مەدرید ڕاگەیاند بۆ وەرگرتنی 45 ملیۆن یۆرۆ لەچێلسی، بەڵام لەدواساتەکاندا بەرامبەر 42 ملیۆن یۆرۆ چووە ڕیزەکانی مانچستەر سیتی ئینگلیزی و بریاتۆڤی بولگاریش بەرامبەر 30 ملیۆن یۆرۆ گوازرایەوە یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی.

بەنرخترین داخوازیش بەشی فرناندۆ تۆریسی هێرشبەری هەڵبژاردەی ئیسپانیاو یانەی لیڤەرپۆلی ئینگلیزی بوو، کە چێلسی ئامادەبوو 110 ملیۆن یۆرۆی بداتێ، بەڵام خۆی و یانەکەی ڕازینەبوون.

هەردوو ئەستێرەی ڤالنسیاش، داڤید ڤیای گۆڵکاری یۆرۆی 2008 و داڤید سیلڤا، زۆرترین ڕکابەرییان لەسەر کرا، کەگەورە یانەکانی ئەورووپا دەیانویست خراپی باری دارایی ڤالنسیا بقۆزنەوە، کە نزیکەی 300 ملیۆن یۆرۆ قەرزدارە، بەڵام ئیدارەی ڤالنسیا ئامادە نەبوو دەستبەرداریان بێت، سەرەڕای ئەوەی ڕیال مەدرید ئامادەبوو 52 ملیۆن یۆرۆ بداتە ڤیا .

چەند یاریزانێکیش هەر لە بنەڕەتەوە لەلایەن یانەکانیانەوە هێڵی سوور دانرا بۆ قسەکردن لەسەر کڕین و فرۆشتنیان، وەک سێرجیۆ ڕامۆسی یاریزانی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی، بەڵام کالدیرۆنی سەرۆکی یانەکە ڕایگەیاند" ڕامۆس بەهەموو سەروەت و سامانی دونیا نافرۆشین".

سەیرترین و گەورەترین بۆندیش دەبووە بەشی ساموێل ئیتۆی کامیرۆنی ئەگەر لەگەڵ یانەی کۆرفیشی ئوزبەکستانی ڕێککەوتبوایە، کە ئامادەبوو بۆ تەنیا 6 مانگ یاریکردن بڕی 40 ملیۆن یۆرۆی بداتێ.

وردەکاری زیاتر دەربارەی گواستنەوەکان لە (rudaw. net)دا بخوێنەوە.







کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ
مانچستەر یونایتد ئامادەنەبوو بە 90 ملیۆن یۆرۆ بیفرۆشێتە ڕیال مەدرید.

کارلۆس تێڤز
بە 75 ملیۆن دۆلار بووە گرانترین یاریزان لە مێژووی پریمەرلیک.

فرناندۆ توریس
110 ملیۆن یۆرۆی چێلسی ڕەتکردەوە

## تۆتنهام لە فرۆشتنی بریاتۆڤ پەشیمان نییە



**ڕووداو ـ hihi2**
دوای ئەوەی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بەرامبەر 30 ملیۆن یۆرۆ هێرشبەری بولگاری دیمیتری بریاتۆڤی لەیانەی تۆتنهام کڕی، بەرپرسانی ئەو یانەیە ئەو کارەیان بەراست لەقەڵەمدا، لەو بارەوە دانیێل لیڤی، سەرۆکی یانەی تۆتنهام گوتی"ئەوەی ڕوویدا کارێکی زۆر ڕاست و دروست بوو، کە نەدەکرا زیاتر دەست بەبریاتۆڤ بگرین، چونکە خۆی ئارەزووی یاریکردن لەگەڵ تۆتنهامی نەمابوو".

## پێشبڕکێ

- بەکورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
- لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudawnews@yahoo.com یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.





وەهبی مەهدی لە کۆیە بە لێدوانی: (**کەس هایژێ نینە ئەزیێ دمیزم**) بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.

## سەرۆکی یانەی وەرزشی هەولێر:

# لە وەرزی داهاتوودا یاریزانی عەرەب کەم دەکەینەوە

**کارزان کانەبی**
**ڕووداو ـ هەولێر**
سەرۆکی یانەی هەولێر ڕایگەیاند کە پلانێکیان لەبەر دەستدایە بۆ کەمکردنەوەی یاریزانە عەرەبەکان لەڕیزی یانەکەیاندا "بەڵام ئەوەش پێویستی بەماوەیەک هەیە بۆ ئەوەی هەموو یاریزانەکانمان بکەینە کورد".

لەهەڤپەیڤینێکی تایبەت بە (ڕووداو)دا، د.عەبدوڵڵا مەجید، سەرۆکی یانەی هەولێر ئەو قسانەی ڕەتکردەوە، کە یانەکەیان لەبەر خولی عێراق، ئاگای لەخولی کوردستان نەمابێت و ڕایگەیاند، کە ئەوان ویستوویانە تیپێکی بەهێز دروست بکەن بۆ پاراستنی نازناوی عێراق، ئەگەرچی لەوانەیە لەو پێناوەدا هەندێک قوربانیش بەخولی کوردستان بدەن" ئێمە چەند یاریزانێکی عەرەبمان هێنا بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشتی یاریزانەکانی خۆمان و بتوانین بە تیپێکی بەهێز بەشداری لەخولی عێراق بکەین، دەمانویست پارێزگاری لە نازناوەکە بکەین، بەبێ تیپێکی بەهێز نەماندەتوانی ئەو دەستکەوتە بپارێزین".

سەرۆکی یانەی هەولێر ئاماژەی بەوەشکرد کە پلانێکیان بۆ کەمکردنەوەی یاریزانە عەرەبەکان لەبەردەستدایە، بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر یاریزانی خۆماڵی پێبگەیێنن، لەترسی ئەوەی لەداهاتوودا تووشی کێشەی نەبوونی یاریزانی خۆماڵی ببنەوەو گوتی" چونکە لەوانەیە ڕۆژێک بێت ئەو یاریزانە عەرەبانە ئامادەنەبن یارییمان بۆ بکەن، بۆ ئەوەش پلانێکمان داناوە کە ساڵ بەساڵ هێنانی ئەو یاریزانانە کەمبکەینەوە، ساڵی داهاتوو یاریزانە عەرەبەکانمان کەمتر دەکەینەوە، تەنانەت ئەگەر بەشداری لەخولی ئاسیاشدا بکەین، بەڵام ئەم کارە دەبێ هەنگاو بەهەنگاو بێت و ناکرێت ئێمە بێ یاریزانی بەتوانا بەشداریی لە خولی ئاسیادا بکەین".

هەروەها سەرۆکی یانەی هەولێر گلەیی ئەوەی لەیەکێتی تۆپی پێی کوردستان کرد، کە کەمتەرخەمە لەپێگەیاندنی یاریزانانی کورددا" ئێمە دوو ساڵە قوتابخانەی تۆپی پێمان بۆ پێگەیاندنی یاریزانی لاو و تازەپێگەیشتوو کردووەتەوە، بەڵام یەکێتی تۆپی پێ پرۆگرامێکی نییە بۆ هاوکاریکردنی ئەو یاریزانە لاوانە، سێ ساڵە تیپی لاوانمان داناوە کەچی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان خولیان بۆ ناکاتەوە".

زۆر جار ئیدارەی یانەکانی کوردستان پارەیەکی زۆر دەدەنە یاریزانان، بێ ئەوەی سوودیان لێوەربگرن. ئیدارەی یانەی هەولێر بڕی 40 ملیۆن دیناری بەدوو یاریزانی کورد (کارزان و دارا) داوە، کەچی یاریشیان پێنەکردوون. د.عەبدوڵڵا پاساوی بۆ ئەوە هێنایەوەو گوتی" ئەوە کاری ڕاهێنەرە، ئەو بەرپرسە لەیارییپێکردنی یاریزانان، ئەگەرچی ئەمە بەلامەوە کارێکی ئاساییە، یانەیەکی وەکو بەرشلۆنەی ئیسپانی6 ـ 7ملیۆن یۆرۆ بەیاریزانێک دەدات و ڕاهێنەر بەدرێژایی یەک ساڵ، یەک چرکەش یاری پێناکات".

سەرۆکی یانەی هەولێر زۆر گۆڕینی ڕاهێنەرەکانیشی بە کارێکی ئاسایی دانا، کە لەماوەی ساڵێکدا سێ ڕاهێنەریان گۆڕیوەو گوتی" ئەگەر چوار ڕاهێنەریش بگۆڕین ئاساییە، ئەمە نەریتێکی باوی تۆپی پێیە، هەر کاتێک ڕاهێنەر نەیتوانی ئەنجامی باش بەدەست بێنێت، بێجگە لەئیدارەی یانە، جەماوەریش داوای گۆڕینی دەکەن".

سەبارەت بەگۆڕینی ڕاهێنەر ساڵح ڕازی کە بەیەکێک لەڕاهێنەرە باشەکانی ئێستای عێراق دادەنرا گوتی" ئەگەر ئەنجامە خراپەکانی یانە یاریزانان لێی بەرپرسیار بن ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام کاتێک ڕاهێنەر خۆی بەرپرسیار بێت و چەندین یاریزانی بەتوانای لەبەر دەستدابێت و خۆیشی دان بەهەڵەکانی خۆیدا بنێت ئەوا بۆ بەرژەوەندی یانەکە پێویستە ئەو ڕاهێنەرە بگۆڕێ"



د.عەبدوڵڵا مەجید



پێشانگای کوردستان
بۆ پەڕاوگەو کەل و پەلی خوێندن
و کتێب لە هەولێر

٢٠٠٨/٩/١٠ - ٩/٢٥
هۆڵی سەنتەری ئاوێزە

بەبۆنەی هاتنەوەی ساڵی خوێندن ٢٠٠٨/٢٠٠٩ بە چاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ وەزارەتی پەروەردە لە ڕۆژی٢٠٠٨/٩/١٠ تا ٩/٢٥ کات ژمێر ١٠ ی بەیانی چوارشەممە لە هۆڵی سەنتەری ئاوێزە پێشانگای کوردستان بۆ پەراوگە و کەل و پەلی خوێندن و کتێب بە هەماهەنگی کۆمپانیای هوما بە هاوکاری چەندین دامودەزگا و کۆمپانیای ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دەکرێتەوە .

ناونیشان : ٦٠م ـ هۆڵی سەنتەری ئاوێزە ـ بەرامبەر وەزارەتی پیشەسازی

mob: 0750 4451725 - 0750 462 0176
E-mail : homa_co@yahoo.com

# کاروباری ژنان

## ژنکوژی لەکوردستان بەرەو کەمبوونەوە



رووداو-دهۆک

◆ ئاری رەفیق، بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، لەسەمینارێکدا لە دهۆک رایگەیاند بەپێی ئاماری شەش مانگی رابردوو لەهەرسێ پارێزگەی هەرێمی کوردستان 51 ئافرەت کوژراون و سووتاون، لەکاتێکدا لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی رابردوودا 145 ئافرەت کوژرابوون و سووتابوون. هەروەها گوتیشی زۆربەی ئافرەتە سووتاو کوژراوەکان دانیشتووی گوند و شارۆچکەکان بوون.



### لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی کوڕەکەی لەگەڵ کچێکدا

# باوکێک دەخرێتە زیندانەوە



لەنجە عەبدوڵڵا
lanja@rudaw.net

رووداو- هەولێر

(خ)، لەژووری ئەفسەری بنکەی پۆلیسی خانەقا دانیشتبوو، بەوپەڕی هێمنییەوە قسەی دەکردو چاوەڕێی هەواڵێکی خۆشبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی، جارجار زەردەخەنەیەک دەهاتە سەر لێوەکانی، بەڵام چاوەکانی پڕبوون لەترس و چاوەڕوانی.

(خ)، ئەو کچە تەمەن 23 ساڵییەیە، دوای ئەوەی لەپەیمانگا پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی بەناوی (س) دەبەستێ، کەسوکاری لەسەر ئەو پەیوەندییە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن. هەر بۆیە (س) رادەکاتە دەرەوەی وڵات و (خ)ش داوایەکی یاسایی لەدژی (س) و بنەماڵەکەی لەلایەن پۆلیس تۆمار دەکات، پۆلیسیش باوکی (س) دەستگیر دەکات.

وەک لە قسەکانی (خ) دەردەکەوێت، ناردنە دەرەوەی (س) کارێکی پلان بۆ دارێژراو بووە" (س)م زۆر خۆشدەویست، دڵنیام کە ئەویش منی زۆر خۆشدەوێت، بەڵام دایک و باوکی ناردیانە دەرەوەی وڵات، چونکە ئەو منی خۆشدەویست".

(س) لەساڵی دووەمی خوێندنی پەیمانگا داوای پەیوەندی خۆشەویستی لە (خ) دەکات و بەڵێنی پێدەدات کە بیخوازێت، بەڵام ئەو ماوەیە هیچ یەکێک لەخێزانی هەردوولا بەو پەیوەندییە نازانن.

(خ) کە تا ئێستا متمانەیەکی زۆری بەخۆشەویستی (س) هەیە و نایەوێت باوەڕ بەوە بکات کە جێیهێشتووە "ساڵێک پرسیاری دەربارەی من کرد، ئینجا داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێکردم، دەیگوت لە تۆ زیاتر کەسم ناوێ و کەسیش ناخوازم".

ح،س، 43 ساڵ، کە باوکی (س)ە، ماوەی 11 رۆژە بەبڕیاری دادوەر لەبەندیخانەی ناوەندیی هەولێر راگیراوە، قسەکانی (خ)ی رەتکردەوەو گوتی " 3 مانگە زانیومە پەیوەندیان هەبووە، هەر کە زانیم کوڕەکەم نایهێنێت یەکسەر (خ)م ئاگادار کردەوەو پێمگوت برۆ شکات بکە، بەڵام ئەو گوتی دڵم نایێت شکاتی لێبکەم".

دوای ئەوەی لەلایەن کەسێک نهێنی پەیوەندی (س) و (خ)، بۆ مامی (خ) ئاشکرا دەکرێت، مامەکەی هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات، (خ) گوتی "باوکم 16 ساڵە مردووە، کچی گەورەی ماڵم، هەموو شتێکم بە مامم گوت، بەڵام ئەو لێم حاڵی نەدەبوو، خۆم و دایکم زۆر پاڕاینەوە کە نەمکوژێت تا کێشەکە چارەسەر دەکرێت".

(خ) بەسەرسوڕمانەوە گوتی "نازانم چۆن تا ئێستا نەیانکوشتووم".

هیمداد عارەب عەبدوڵڵا، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی خانەقا سەبارەت بەسکاڵای (خ) لەلایەن ئەو بنکەیە بۆ (رووداو) گوتی " (س) لەلایەن (خ)وە لە 2008/8/6 سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە، وەکو زانیاری ئێمە ئەو کوڕە چووەتە ئیتاڵیا بۆیە ناچار بووین باوکی کوڕەکە دەسگیربکەین، چونکە ئەو کچە هەڕەشەی کوشتنی لەسەرەو دەمانەوێت ئەو کوڕە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەربکرێت".

کەسوکاری (خ) ئەوکاتە دەکەونە هەڕەشەکردن لە (خ)، دوای ئەوەی گومان دەکەن کە (س) و (خ) پەیوەندی ناشەرعیان هەبووبێت، (خ) دەڵێ "زۆر بێ عەقڵ بووم، هیچم نەدەزانی هەموو شتێکم بەقسە دەکرد بۆیە وام بەسەرهات، بەڵام ئەو خۆشی دەویستم".

دوای ئاشکرا بوونی پەیوەندییەکە (خ) بەمەبەستی پشکنین رەوانەی پەیمانگای پزیشکی دادوەری دەکرێت. هەر لەو بارەیەوە نەقیب هیمداد گوتی "راپۆرتی داد پزیشکی گەڕاوەتەوە، ئەوە دەسەلمێنێت تا ئێستا (خ) بەکچێتی ماوەتەوە".

دوای ئەوەی (خ) رووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە و مامی دەچێتە ماڵی (س) و داوا لە باوک و دایکی دەکات کە بەزووترین کات کێشەکە چارەسەر بکەن، بەڵام ئەوانیش وەک ح،س ی باوکی (س) دەیگێڕێتەوە هیچ دەسەڵاتێکیان نابێت و دوای چەند رۆژێک کوڕەکەیان بڕیاری چوونە دەرەوە وڵات دەدات. باوکی (س) دەڵێ "زۆر داوام لەکوڕەکەم کرد بیهێنێت، بەڵام ئەو گوتی دەمێکە وازم لێهێناوە و ئەو لەکۆڵم نابێتەوەو من دەچمە دەرەوە".

گوتیشی "کوڕەکەم ئەوە سێیەمجارە هەوڵی چوونە دەرەوەی وڵات دەدات، هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو رێی لێبگرم، چونکە ئەو کوڕی گەورەمە".

(خ) وەک باسیدەکات لەسەرەتای مانگی 5ی ئەمساڵدا کێشەکەی لای زۆربەی خزم و کەسوکاری ئاشکرابووەو تا ئێستا دوو جار لەلایەن کوڕە پورەکەی هەوڵی کوشتنی دراوە "کوڕە پوورەکەم دووجار بەچەکەوە هاتە ماڵمان بمکوژێت، جارێک دراوسێکان نەیانهێشت جارێکیش لەسەربانەوە رامکرد، رۆژانەش بەتەلەفون هەڕەشەم لێدەکات".

(خ) ئێستا دووچاری دووڕیانێک هاتووە، لەسەر ئەو فشارەی لەلایەن (س)ەوە دەیخرێتە سەر، بۆ ئازادکردنی باوکی و ئەو هەڕەشانەی مامی ئەگەر باوکی (س) ئازاد بکات " (س) بەتەلەفۆن پەیوەندیم پێوە دەکات و داوام لێدەکات دەستبەرداری سکاڵاکەم بم، دەڵێت باوکم بەربدە دەگەڕێمەوە، بەڵام مامم دەڵێت ئەگەر دەستبەرداری سکاڵاکەت بیت دەتکوژم".

> **کوڕە پوورەکەم تاوەکو ئێستا دوو جار بە چەکەوە هاتووەتە ماڵمان تاوەکو بمکوژێت**
>
> (خ)

### لەپشت یاساکانەوە ژنان گەورە بەبچووک و ژن بەژنیان پێدەکرێت

# گوندەکان بوونەتە مایەی مانەوەی دیاردەی ژن بە ژنی



ئازیز مەحمود
azizshane@yahoo.com

رووداو- سلێمانی

ژنانی کوردستان هێشتا لەبەردەم هەڕەشەکانی دیاردەی گەورە بەبچووک و ژن بەژنیدان، ئەمە لەکاتێکدایە کە رێکخراوەکانی ژنان لەگەڵ پیاوانی ئایینی و لایەنە ئیسلامییەکاندا لەمشتومڕو کێشمەکێشمدان بۆ هەموارکردنی یاسای باری کەسی بەشێوەیەک کە رێگرییەکی تەواو لەو دیاردانە بکات.

لەکاتێکدا چالاکڤانەکانی ژنان خەریکی گۆڕانکاری بنەڕەتین لەیاسای باری کەسێتیدا، هێشتا لەناو گوندەکانی کوردستاندا دیاردەکە برەوی پێدەدرێت و چیرۆکی جۆراوجۆریش لەنێویاندا روودەدەن کە مەترسی گەورەن بۆ سەر ژیانیان.

(ن.م)، 27 ساڵ، یەکێکە لەوئافرەتانەی ژن بەژنی پێکراوە، دەڵێت "تەمەنم 13 ساڵان بوو، باوکم منی دایە پیاوێک زۆر لەخۆم گەورەتر بوو، ئەویش لەبەرامبەر مندا خوشکەکەی خۆی دا بەباوکم".

ئەو یەکێکە لەو دەیان ئافرەتانەی بەزۆرو لەبەرامبەر ژندا بۆ باوکی ژن بەژنی پێکراوە، ئێستا ژیانی خۆی بە ژیانێکی "پڕ کێشە" وەسفدەکات و نیگەرانە لەوەی بەرامبەری کراوە.

(ن.م) دانیشتوی یەکێک لەگوندەکانی سەر بەقەزای چەمچەماڵە، نەهامەتییەکانی کاتێک دەستیپێکرد کە تەمەنی گەیشتە پێگەیشتن و چاوی باوکی چووە سەری بۆ ئەوەی بیدات بەژنێک بۆ خۆی "باوکم بەزۆر بە شوی دام، باوکم دەیویست ئەو پیاوە خوشکی خۆی بداتێ ئەویش رازیبوو، بەڵام لەبەرامبەر داواکارییەکەی باوکم داوای کچێکی کرد بوو".

زۆرجار ژنان ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر دیاردەکە دەردەبڕن، بەڵام زیاتر ناڕازیبوونێکی شەرمنانەیە، چونکە زۆربەیان دڵنیان ئەگەر بڵێن "نا" چارەنووسێکی رەش چاوەڕێیان دەکات.

هەرچەندە مێردەکەی (ن) ژنێکی بە 4 منداڵەوە هەبووە، بەڵام کاتێک باوکی پێیگوتووە شووی پێبکات، داواکارییەکەی باوکی رەتنەکردووەتەوە "هەر دەگریام و نەشمدەوێرا بڵێم نایکەم، چونکە دەمزانی باوکم قبوڵی ناکات".

دواجار (ن) بەختی خۆی تاقیدەکاتەوەو جورئەت دەکات قسە لەگەڵ باوکی بکات و ناڕەزایی خۆی دەرببڕێ "بڕیارمدا لەگەڵ باوکم قسە بکەم، گوتم شوی پێناکەم ئەو زۆر لەمن گەورەترە، بەڵام باوکم ئەوەندەی لێدام وتی یەک جاری دیکەی قسەی وا بکەی دەتکوژم". هەناسەیەکی هەڵکیشاو گوتی "ژنانی گوند ناتوانن قسەی پیاوان بشکێنن".

باوکی (ن) 3 ژنی هێناوەو بە پێی وتەی (ن) خوشکە گەورەکەشی بەهەمانشێوە داوە بەژن بۆ خۆی.

(ن) دوای ئەوەی دەچێتە ماڵی ئەو مێردە بەتەمەنەی، رووبەڕووی ژیانێکی ناخۆش دەبێتەوە "مێردەکەم چەندین جار بەدارو بۆکس لێیداوم، نازانم چی بکەم، ناچارم قبوڵی بکەم".

گەورەبوونی کێشەکان زۆرجاروای لە (ن)کردووە، وەک سەدان ژنی دیکەی کوردستان بیر لەخۆکوشتن بکاتەوە، بەڵام وتی"کە بیر لەمنداڵەکانم دەکەمەوە پەشیمان دەبمەوە،هەرچەندە ماڵە باوکێکی واشم نییە رووی تێبکەم چونکە دەزانم باوکم قبوڵی ناکات". ئەو زۆر بەدڵتەنگی ئەوەی گێڕایەوە کە جارێک بە زیزبوون چووەتەوە ماڵی باوکی، بەڵام ئەو ئەوەندەی لێداوە کە جارێکی دیکە بیری لێنەکاتەوە "گوتی دەتەوێ حەیامان بەری".

هەرچەندە پیاوانی ئاینی ئێستا لەو بڕوایەدان کە بەزۆر بەشودانی کچان و ژن بەژن لەڕووی ئاینییەوە رێگە پێنەدراوە، بەڵام هەندێک لەپیاوانی ئاینی هێشتا لەمەراسیمی ژن بەژنە ئامادە دەبن و لەیەکتریان مارە دەکەن.

مەلا عەبدوڵڵا مەلا محەممەد هەڵەبجەیی، ئەندامی یەدەگی ئەنجوومەنی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان لە سلێمانی سەبارەت بە دیاردەی ژن بە ژن، گوتی"ژن بەژن دوو سێ جۆری هەیە، بەڵام ئەگەر لەو جۆرەیان بێت کە برا یان باوک، ژنێک دەهێنێت، خوشکەکەی یان کچەکەی خۆی دەکاتە مارەیی، ئەوا حەرامە".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی ئاماژەی بەوەشدا "لەحاڵەتێکدا ژن بە ژنیکردن حەرام نابێت ئەگەر ئەو ژنە منداڵی نەبێت و پیاوەکە منداڵی لێ بووێت یان ژنەکە حاڵی ژن و مێردی باش نەبێت لەگەڵ پیاوەکەیدا، لەو کاتەدا جائیزە پیاوەکە ژن بە ژن بکات".

بەپێی پرۆژەی ئامادەکراو بۆ یاسا باری کەسیی، کە تاوەکو ئێستا پەرلەمان دەنگی لەسەر نەداوە یاسا رێگردەبێت لەدیاردەکانی ژن بەژن و گەورە بەبچووک و شیربایی و ژن دان لەبری خوێن. هەڵسوڕاوانی ژنان ئەو هەموارکردنانە بەگۆڕانێکی گەورە وەسفدەکەن لەبارەی مافەکانی ژنانەوە، بەبەراورد بە یاسا کۆنەکە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە لەناو لەناو هۆڵی پەرلەماندا مشتومڕ لەسەر سڕینەوەی ئەو دیاردانە دەکرێت، بەڵام لەپشت ئەوانەوە دەیان ژن بەدەست ئەو دیاردانەوە دەناڵێنن.

(س،ف) 17 ساڵ، کاتێک لەسەر بێشەکەبووە لەبری ژنی دووەمی باوکی لەکوڕێک مارەکراوە، بەڵام هێشتا نەگوازراوەتەوە. کاتێک (س) تەمەنی لەپێگەیشتن نزیک دەبێتەوە، لەناو خزمان و کەسوکارەکەیدا پێیدەگوترێت بیر لەکەسی دیکە نەکاتەوە، چونکە لەسەر بێشکە لەکوڕێک مارە کراوە.

(س) گوتی"لەقوتابخانە دەریان هێنام، گوتیان تۆ پێویستیت بەخوێندن نییە، مارە براوی" .ئەو ئێستا هەست بەترس و دڵەڕاوکێ دەکات، چونکە کوڕەکە زۆر لەخۆی گەورەترە، ترسی ئەوەشی هەیە کە لەکاتی رەتکردنەوەیدا تووشی لێدان و کوشتن ببێت لەلایەن کەسوکارەکەیەوە.

(س)، جیاواز لەو کچانەی بەدڵی خۆیان شوو دەکەن و بە خۆشییەوە چاوەڕێی رۆژی زەماوەند دەکەن، ئەو رۆژی گواستنەوەو زەماوەندی بەرۆژێکی"شوم" وەسفدەکات و هەمیشە ترسی لێی هەیە "دەزانم، کە ژیانم دەبێتە دۆزەخ".



# تەرمی ژنێکی 60 ساڵی لەماڵەکەیدا دەدۆزرێتەوە

رووداو ـ سلێمانی

هەفتەی رابردوو هێزەکانی پۆلیس لەگەڕەکێکی کۆنی شاری سلێمانی تەرمی ژنێکی تەمەن60 ساڵەیان لەماڵەکی خۆیدا دۆزییەوە.

عائیشە حەسەن داود، کە بە تەنیا خۆی لە ماڵێکی گەورەدا دەژیا، لەچێشتخانەی ماڵەکەیدا گیانی لەدەستداو دوای چەند کاژێرێک لەگیان لەدەستدانی هێزەکانی پۆلیس تەرمەکەیان دۆزییەوە.

ماڵەکەی عائیشە دەکەوێتە گەڕەکی شێخ محیێدین لەشاری سلێمانی، ئێستا چۆڵە و کەسی تێدا ناژی، هەفتەیەک بەر لەمردنی عائیشە، دواهەمین کچی جێیهێشت دوای ئەوەی بڕیاریدا بچێتە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە.

مریەم حەسەن، 68 ساڵ، کە خوشکی گەورەی عائیشەیە، دەڵێ خوشکەکەی بەر لەرۆژێک لەماڵی ئەوان بووە، بەڵام دواتر بڕیاریداوە بچێتەوە ماڵەکی خۆی و نان بکات.

عائیشە وتی"خوشکەکەم تەنیا کچێکی لامابووەوە، ئەویش لەم ماوەیەدا شویکرد، عائیشەی خوشکم پەرکەم و فێی هەبوو، پێشتریش چەند جارێک کەوتووە بەسەر ئاگرو شتدا".

ژنانی دراوسێی عائیشە، لەداوی چەند کاژێرێک لەدیارنەبوونی، ماڵی مریەمی خوشکی ئاگادار دەکەنەوە، لەوەی کە دەرگای ماڵەکی کراوەتەوە، بەبێ ئەوەی خۆی دیاربێت.

دواتر مریەم لەگەڵ هێزەکانی پۆلیسی کەرتی رزگاری خۆی دەگەیێننە ماڵەکەی عائیشە، لەکاتی گەڕان و پشکنینەکەدا یەکێک لەژنە دراوسێکان تەرمی عائیشە لە مەتبەخی ماڵەکەیدا دەدۆزێتەوە.

بەپێی راپۆرتێکی نەخۆشخانەی دادپزیشکیی سلێمانی مردنەکەی عائیشە مردنێکی ئاسایی بووەو بەهۆی"پەرکەم و فێوە بووە".

راپۆرتەکە ئاماژە بەوەدەکات کە ناوبراو بەهیچ هۆیەکی دیکە نەمردووە، تەنها بەهۆی فێوە مردووەو گومانی شتی دیکەی لێناکرێت.

عەمید عەبدولرەزاق سەید ساڵح، فەرماندەی کەرتی پۆلیسی رزگاری بە (رووداو)ی راگەیاند کە لەدوای ئاگادارکردنەوەیان لەرووداوەکە دەستبەجێ گەیشتوونەتە ماڵەکەو دواتر تەرمەکەیان دۆزیوەتەوە.

وتیشی"مردنەکەی مردنێکی ئاساییەو هیچ کێشەیەکی بەدواوە نییە".

هەروەها وتی مردنەکەی چەند کاژێرێکی بەسەردا تێپەڕی و زۆر نەماوەتەوە.

توانا عەلی، لێپرسراوی راگەیاندن و پەیوەندییەکان، لەسەنتەری بەدواداچوونی توندوتیژییەکانی دژ بەژنان لەسلێمانی وتی بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان، بەدواداچوون لەهۆکاری مردنەکەی دەکەن.

وتیشی"دەڵێن نەخۆشی پەرکەمی هەبووەو تائێستا هیچ گومانێک لەمردنەکەی نییە، بەڵام راپۆرتی پزیشکی ئەمە یەکلایی دەکاتەوە".

## کۆمەڵایەتی

### لەپاکستان پێنج ژن زیندە بەچاڵدەکرێن



ڕووداو - ئاژانسەکان

◆ هەفتەی ڕابردوو لە پاکستان، لە ژێر ناوی پاراستنی شەرەف، پێنج ژن بەزیندوویی زیندە بەچاڵکران. دوای ئەو ڕووداوە چالاکڤانانی مافی مرۆڤ کە لەحەیدەر ئاباد، خۆپیشاندانێکی فراوانی نارەزاییان ئەنجامدا بۆ پرۆتستۆکردنی ئەو تاوانە و، خۆپێشاندەران وێنەی کچە ئافرەتە زیندە بەچاڵکراوەکانیان بەرزکردبووەوە و داوایان لەحکومەت کرد کوشتنی ژنان بەبیانووی شەرەف قەدەخە بکرێت.

# قەیسەری ژنان

ڕووداو- قەڵادزێ

کە بەپلیکانەکەدا دەچیتە خوارەوە، جگە لەدوکانداری ژن هیچ دوکاندارێکی پیاو نابینی، دوکانەکانیش لە بەشی پۆشاکی ژنان و منداڵان، جوانکاری، گوڵ و پێڵاو پێکهاتوون. لەهەر دووکانێکدا ئافرەتێک وەستاوە و باجێکی تایبەت بە قەیسەرییەکەی بەسینگەوە هەڵواسیوە.

ئافرەتێک بەهاوکاری پیاوێکی سەرمایەدار بازاڕگەیەک بۆ 20 ئافرەتی کەمدەرامەت دەکاتەوەو بازاڕگەکەش تایبەت دەکات بەفرۆشتنی جلوبەرگ و پێداویستی ئافرەتان، ئافرەتانیش دەڵێن چیتروەک جاران بەشەرمەوە جلوبەرگ بۆ خۆمان ناکڕین.

بازاڕگەکە، کە ماوەی یەک مانگە کراوەتەوە ناوی بازاڕگەی (هاین)ە،وەک خۆشەویستییەک بۆ پاڵەوانی زنجیرە درامای کۆری (چیرۆکی خۆشەویستییەکی خەمناک).

بازارگەی هاین دەکەوێتە ناوجەرگەی بازاڕی قەڵادزێ و لە 20 دوکان پێکهاتووەو سەرجەم دوکانەکانیش تایبەتن بەپێداویستی ژنان، کە لەلایەن 20 ژنەوە بەڕێوە دەبرێن.

نەسیبە محەممەد، 32 ساڵ، خاوەنی بیرۆکەی کردنەوەی ئەو قەیسەرییەیە و لەهەمانکاتدا سەرپەرشتیاری قەیسەرییەکەشە. ئەو سەبارەت بەدروستکردنی ئەو بازاڕگەیە بۆ (ڕووداو)دواو گوتی" ئەو پرۆژەیەم بەناوی پرۆژەی نگاری تایبەت بەخانمان لە 8ی مارسی ئەمساڵ پێشکێش بەهەردوو ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتان و یەکێتی ژنانی کوردستان کرد، بەڵام ئەوان گوتیان توانای دابینکردنی دارایی پرۆژەکەمان نییە، دواتر بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرمایەدارێک پرۆژەکەمان کردەوە".

ئێستا نەسیبە لەگەڵ ئەو سەرمایەدارە ڕێککەوتووە، کە ئەو کەلوپەلی قەیسەرەکە دابین بکات و خۆیشی وەکو سەرپەرشتیارو فرۆشیار لەگەڵ 20 ئافرەتی دیکە قەیسەرییەکە بەڕێوە ببات.

نەسیبە، لەبارەی هەڵبژاردنی کارمەندەکانی بازاڕەکە گوتی "بۆ بەڕێوەبردنی بازاڕەکە بەدوای چەند ژنێکی باش و بێ مووچەدا گەڕام بەتایبەتی ئەوانەی باری داراییان خراپە، بۆ ئەوەی لەپرۆژەکە سوودمەند ببن". مەبەستی ئەو ئافرەتە ئەوەیە ژنانیش ببنە خاوەن کار و لەماڵ بێنەدەرەوە، چونکە ئەو دەزانێ کاتێک ئافرەت دەبێتە خاوەن بڕیار کە داهاتی سەربەخۆی خۆی هەبێت.

ئەو ئافرەتانەی لەبازاڕەکەدا کار دەکەن خۆشحاڵن بەکردنەوەی بازاڕەکە، چونکە وەک خۆیان دەڵێن جگە لەوەی لەو بازاڕە داهاتێکیان دەستدەکەوێت، لەهەمانکاتیشدا فێری پیشەی دووکانداریش دەبن.

فاتیمە خدر، 34 ساڵ، کارمەند و فرۆشیار لەبەشی تەنورە و پانتۆڵ و مانتۆ لەبازارەکە، خۆشحاڵی خۆی بە کردنەوەی ئەو بازاڕە دەربڕی و گوتی "حەزدەکەم ئیش بکەم، داهاتێکم هەبێ بۆ ئەوەی کەمێک لە ئەرکی سەرشانی ماڵی باوکم کەم بکەمەوە، هەرچەندە ئەوان یارمەتیم دەدەن، بەڵام خۆشە ژن لەدەرەوە ئیش بکات".

فاتیمە، خاوەنی دوو منداڵە، هەرچەندە مێردەکەی شەهیدە، بەڵام ئەو مووچەیەی هەیبووە، ماوەیەکە لەلایەن وەزارەتی شەهیدانەوە لەگەڵ کۆمەڵیک شەهیدی دیکە بڕدراوە.

چرۆ ڕەسوڵ، 16 ساڵ، فرۆشیارو کارمەندە لەبەشی جلی ماڵەوە و پۆشاکی ژێرەوەی ژنان. لەبارەی هەڵبژاردنی ئەو کارە گوتی "ئەو کارە بەشتێکی باش و ئاسایی دەزانم کە هەڵمبژاردووە زۆر سەربەرزانە ئەم ئیشە دەکەم". چرۆ گوتیشی "هەرچەندە بازارەکە تازەیە، بەڵام فرۆشی باشە و وردە وردە خەڵک دەزانێت کە بازاری ژنان کراوەتەوە و زیاتر ڕوو لەبازاڕەکە دەکەن".

هەرچەندە لەهەندێک شوێنی دیکەش دوکانی تاک و تەرا هەن، کە ژن بەڕێوەی دەبەن. بەڵام ئەوە یەکەمجارە لەباشووری کوردستان، بازاڕگەیەکی بەم جۆرە تایبەت بۆ ژنان بکرێتەوە و تەنیا ژن بەڕێوەی ببەن و پێداویستی ژنانی تێدا بفرۆشن.

ئەو بازاڕە ڕۆژانە ژنێکی زۆر ڕووی تێدەکەن و پۆشاکەکانیشی زۆربەیان تورکی، ئێرانی، سوری، چینی، کۆری و لوبنانین. بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانیشەوە 25%ی نرخی کەلوپەلەکانیان داشکاندووە.

ئامینە محەممەد، ژنە کڕیارێکی 40 ساڵانە، لەناو بازارەکە بەدڵێکی خۆشەوە سەیری پۆشاکەکانی دەکردو دەیگووت "ئۆخەی حەساینەوە لەو دوو دڵی و شەرمەی کە هەمان بوو لەکاتی شت کڕین لەپیاوان، ئێستا زیاتر سەربەستین لەهەڵبژاردنی شتەکان و شەرممان نییە لەهەڵبژاردنی هەندێ پۆشاک، چونکە فرۆشیارەکانیش وەک خۆمان ژنن و هاو ڕەگەزی خۆمانن".

ئامینە ژنی ماڵەو دەستخۆشی لەو ژنانە دەکات کە ئەم کارەیان هەڵبژاردووە و لەدەرەوەی ماڵ ئیش دەکەن، سەبارەت بەنرخی کەلوپەلەکانیش لەو بازارە دەڵێ "نرخەکان گونجاون و جۆری پۆشاکەکانیشیان باشە". ئامینە هەر دوای ئەوەی زانیویەتی ئەو بازارە کراوەتەوە بۆ کڕینی پێداویستییەکانی یەکسەر بۆ ئەو بازارە هاتووە، پێش ئەوەی ئێمە ئەو جارە ببینین چەند جارێکی دیکەش هاتبووە ئەو بازارە.

هەر کارمەندێکی قەیسەرییەکە باجی تایبەتی بۆ کراوە و ناوی خۆی و بەشەکەی لەسەر نووسراوە. کارمەندەکان سەرەتا بە بڕی 75000دینار بۆ هەر مانگێک فرۆشیاری دەکەن، بەڵام بە وتەی سەرپەرشتیاری قەیسەرییەکە "وردە وردە تا بازاڕەکەیان دەناسرێت و فرۆشیان زیاد دەبێت مووچەی کارمەندەکان زیاد دەکەین".

ئازاد محەممەد، کە خاوەنی بازاڕەکەیە وەک خۆی باسیکرد پێشتر چەند دوکانێکی پۆشاکی ئافرەتانی لەقەیسەرییەکە هەبووە، بەڵام کاتێک خاوەنی پرۆژەی نگاری تایبەت بەخانمان داوای هاوکاری لێکردووە بۆ کردنەوەی قەیسەرییەکی تایبەت بە ژنان، سەرجەم دوکانەکانی قەیسەرییەکەی بۆ پرۆژەکە بەکرێ گرتووە "زۆر بەخۆشحاڵییەوە داواکارییەکەم قبوڵکرد، ئێستا من پێداویستییەکانیان بۆ دێنم ئەوانیش دەیفرۆشن".



دیمەنێک لە بازاڕی (هاین) لە قەڵادزێ

ئازاد گوتیشی "لەزۆربەی وڵاتانی دونیا ژن دوکانداری دەکات و بازاڕ بەڕێوە دەبات، زۆر ئاساییە لەکوردستانیش ژنان هەنگاو لەو شێوەیە بنێن و کاری بازاڕ بکەن".

# تووشبوانی نەخۆشییە دەروونییەکان لە سلێمانی لە زیادبووندان

## پزیشکەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە هاووڵاتیان نەخۆشییە دەرونییەکانیان دەشارنەوە



هەژان خالید
hazhanxalid@yahoo.com

ڕووداو- سلێمانی

لەکاتێکدا ساڵانە ملیۆنان دۆلار بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان و دروستکردنی باڵاخانە لەشاری سلێمانی خەرجدەکرێن، بەڵام ئەو شارە یەک ملیۆن کەسییە خاوەنی یەک نەخۆشخانەی دەروونیش نییە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەڵێن کە گرنگییەکی زۆریان بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان داوە.

ئامارەکانی بەشی دەروونی نەخۆشخانەی گشتیی سلێمانی ئەوە دەردەخەن کە لەماوەی 7 مانگی ڕابردوودا 683 کەس بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکانیان سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە.

پسپۆڕانی دەروونی لەشارەکەدا دەڵێن هێشتا خەڵکی سەردانی پزیشکە دەرونییەکان بە"عەیبە" دەزانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وتیان بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو ئاستی ڕاوێژکردن بە پزیشک و پسپۆرە دەروونییەکان لەناو هاووڵاتیاندا ڕووی لەزیادبوون کردووە.

بەپێی ئامارێکی بەشی دەروونی نەخۆشخانەی گشتیی لە ساڵی 2006 دا ئەوانەی سەردانی ئەو بەشەی نەخۆشخانەکەیان کردووە 369 کەس بووە، لەساڵی ڕابردووشدا ژمارەکە خۆی گەیاندووەتە 477 کەس.

بەڵام پسپۆرە دەروونییەکان دەڵێن ژمارەکە زۆر لەوە زیاترە، چونکە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان سەردانی کلینکە تایبەتییەکان دەکەن و ناوەکانیان لەنەخۆشخانە تۆمار ناکرێ.

سەلاح حەسەن، بەڕێوەبەری بەشی دەروونی نەخۆشخانەی گشتی و چارەسازی دەروونی لەهەمان نەخۆشخانە، وتی کە کێشەیەکی زۆریان لەنەبوونی شوێن هەیە ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ماوەی چەند مانگێکە بینای بەشەکەیان لەژێر نۆژەنکردنەوەدایە.

هەروەها وتیشی"تەنها چوار ژوورمان هەیە کە نەخۆش بتوانێت تێیدا بمێنێتەوە".

بەڕێوەبەری بەشی دەروونی وتی ئێستا هیچ ژورێکیان نییە تا بتوانن نەخۆشەکانی تێدا ببینن و ڕۆژانە قسەیان لەگەڵدا بکەن. بۆیەش بە ناچاری لەژوورێکدا کە جمەی دەهات لە قەرەوێڵەی شکاو نەخۆشەکان دەبینی.

ئەو زیاتر قسەی کردو وتی"ئێستا نەخۆشمان زۆر کەمە، چونکە هیچ شوێنکمان نییە تێیدا بمێننەوە".

نابراو هۆکارێکی دیکەی کەمی نەخۆشەکانی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە خەڵکی پێیانخۆش نییە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان سەردانی پزیشک بکەن. ئەوپسپۆرە دەروونییە پێناسەی ئەو نەویستنەشی کرد و گوتی"ئەم حاڵەتە پێیدەگوترێت سیگما، ئەویش بەمانای ئەوەی نەخۆش شەرمدەکات بچێتە لای پزیشکێکی دەروونی و باسی نەخۆشییەکەی بکات".

ئەو ژوورانەی تایبەتبوون بە نەخۆشەکان چەند قەرەوێڵەیەکیان تێدابوو کە ماوەیەکی کەم لەنێوانیاندا هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکاری نەخۆشەکان لە ژوورەکەدابوون و سەردانیان دەکردن و قسەیان لەگەڵ دەکردن.

دانیشتوانی شاری سلێمانی و دەوروبەری کە بە نزیکەی ملیۆنێک کەس مەزەندە دەکرێن، تائێستا نەخۆشخانەیەکی دەروونی تایبەتیان نییە.

نەخۆشخانە ئەهلییەکانیش خۆیان لەقەرەی وەرگرتنی ئەو کەسانە نادەن کە نەخۆشی دەرونییان هەیە بۆیە تەنیا شوێن بۆ مانەوەیان ئەو چەند ژوورەی نەخۆشخانەی گشتییە.

دکتۆر ئەفرام محەممەد، پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشییە دەروونییەکان وتی " ئەو شوێنەی ئێستا بۆ نەخۆشەکان دانراوە نەک مەرجی تەندروستی، مەرجی ژیانیشی تێدا نییە".

هەروەها وتیشی" نزیکەی دوو ملیۆن کەس تەنیا چوار ژووریان هەیە بۆ ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن".

ناوبراو درێژەی بەقسەکانیداو گوتی"ئەمە زۆر ترسناکە، کاریگەری زۆری کردوەتە سەر زۆرتربوونی نەخۆشییەکە، چونکە خەڵکی ناچارن پەنا ببەنە بەر شێخ و مەلاکان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان".

بە وتەی دکتۆر ئەفرام نەخۆشییە دەروونییەکان دوو جۆرن، جۆری یەکەمیان ئەوانەن کە هۆکاری ناوەکی تووشی نەخۆشییەکەیان دەکات، وەک بۆ ماوەی ئەوەی کە ئەمە تاڕادەیەک جێگیرە.

ئەفرام جۆری دووەمیانی بۆ هۆکارە دەرەکییەکان گەڕاندەوە، واتە هۆکاری کۆمەڵایەتی، ئابووری و کێشەکان کەسەکە ناچار دەکات تووشی نەخۆشییە دەرونییەکان ببێت.

دکتۆر ئەفرام وتیشی کە جۆری دووەمیان ڕووی لە زیادبوون کردووە "چونکە کێشەکان زۆرن و خزمەتگوزارییەکانیش لەئاستی پێویستدا نین، بۆیە کەسانی ئاسایی زووتر تووشی نەخۆشییە دەروونییەکان دەبن".

ئەو پزیشکە دەروونییە وتیشی ئێستا خەڵکی زۆرتر سەردانی پزیشکە دەرونییەکان دەکەن بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو، بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە کە خەڵکێکی زۆر تائێستا بڕوایان بە مەلاو پیاوانی ئایینی و شێخەکان هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان.

لەبارەی ئەو زیادبوونەوە دکتۆر ئەفرام وتی"هەندێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری باشیان هەیە لەسەر هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بۆ ئەوەی سەردانی پزیشک بکەن لەکاتی تووشبوونیان بەنەخۆشییە دەروونییەکان، ئەویش بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی پزیشک و پسپۆڕە دەروونییەکان، بەڵام هەندێکیتر لەو کەناڵانە تائێستا گرنگی زیاتر بە مەلاو شێخەکان دەدەن و ئەمەش وادەکات کەخەڵکی هانبدەن بۆ ئەوەی سەردانی ئەوان بکەن، نەک پزیشک".

ئێستا بینای بەشی دەروونی لەنەخۆشخانەی گشتیی سلێمانی لەژێر نۆژەنکردنەوەدایەو وابڕیارە لەسەرەتای ساڵی داهاتوودا کۆتایی بەنۆژەنکردنەوەکە بهێندرێت.

دکتۆر ئەفرام وتی"ئەگەر ئەو بینایە تەواوبکرێت و هەمووی بدرێتە بەشی دەروونی، ئەوا گۆڕانێکی گەورە لەسلێمانیدا ڕوودەدات".

# لەبەر نەختی زۆر ژن لەدهۆک ناهێنە خواستن

تەیار عادل گۆران
ڕووداو ـ دهۆک

زێرەڤان عومەرمزوری،25 ساڵ، دانیشتووی شاری دهۆک، ماوەی دوو ساڵە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێک هەیە، بەڵام تا ئێستا ناتوانێت بیخوازێت، چونکە ماڵی باوکی کچەکە داوای 10 هەزار دۆلاری لێدەکەن وەکو نەخت بۆ کچەکەیان، بەڵام زێرەڤان ئەو توانا داراییەی نییە.

زێرەڤان نمونەی سەتان گەنجی شاری دهۆکە، لەبەر زۆری ئەو نەختەی داوایان لێدەکرێت ناتوانن بەئاواتی خۆیان بگەن و خۆشەویستەکانی خۆیان بخوازن. زێرەڤان دەڵێ "دایک و باوک داوا لەکچەکەیان دەکەن داوای نەختی زۆر بکات، زۆرجاریش دایک و باوک بۆ خۆیان داوای ئەو نەختە زۆرە دەکەن".

بەهۆی زۆری داواکردنی نەختی ژنهێنان لەشاری دهۆک، هەموو گەنجێک توانای ژنهێنانی نییە و هەندێک لەخێزانەکانیش لەکاتی داواکردنی نەخت لەجیاتی پارە داوای خانوو یان ئۆتۆمبێل دەکەن .ئەوەش لەکاتێکدایە کە ژمارەی کچان لە عێراق بەگشتی 10% لەژمارەی کوڕان زۆرترە و، قەیرە کچان لە کوردستان لە زیادبوونێکی بەردەوامدان.

زێرەڤان، کە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆی لەکافتریایەکی بازاڕی دهۆک دانیشتبوو، دوای ئەوەی قومێکی لەپیپسییەکەی بەردەمیدا، باسی خۆی بۆ (ڕووداو) کردو گوتی "دوو ساڵە کچێکم خۆشدەوێت، ڕۆژێک بڕیارمدا بچمە خوازبێنی، دایکوباوکم چوون بۆ خوازبێنی، دوای مشتومڕێکی زۆر باوکی کچەکە داوای 10 هەزار دۆلاری کرد وەکو نەخت بۆ کچەکەیان، بەڵام باوکم گوتبووی خۆ ئێوە کچەکەتان نافرۆشن".

ئەو گەنجە تاوەکو ئێستاش پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەو کچە ماوە، بەڵام بەیەکتر گەیشتنیان پەیوەستە بە پەیداکردنی ئەو پارەیە بۆ نەخت"چونکە باری داراییم باش نییە و کچەکەش لەقسەی دایکو باوکی دەرناچێت و ئەوانیش زۆر پەست بوونە بە قسەکەی باوکم".

سەمیر محەممەد، 26 ساڵ، کە لەگەڵ زێرەڤان لەبازاڕ بەیەکەوە بوون، پێیوایە داواکردنی نەختی زۆر مانای ڕێگری کردنە لەپرۆسەی هاوسەرگیری و گەیشتنی کوڕان و کچان بە ئاواتی خۆیان. ناوبراو زێرەڤانی هاوڕێی خۆی بە نمونە هێنایەوە، کە لەبەر نەختی زۆر تاوەکو ئێستا بەئاواتی خۆی نەگەیشتووە. بۆیە سەمیر داوا لەڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان دەکات هەروەک چۆن داکۆکی لەمەسەلەی فرەژنی دەکەن و ڕەتیدەکەنەوە، بەهانشێوەش لەبەرامبەر مەسەلەی نەخت هەڵوێست وەربگرن و کۆمەڵگە هۆشیار بکەنەوە.

بەشێک لەدانیشتووانی شاری دهۆک تاوەکو ئێستاش لەبەرامبەر ڕازیبوون بە بەشوودانی کچەکانیان داوای نەختێکی زۆر دەکەن بۆ کچەکانیان، بەڵام بەهۆی خراپی باری ئابووری خەڵک بەتایبەتی لەو چەند ساڵەی دواییدا وایکردووە پرۆسەی هاوسەرگیری کەمببێتەوەو ڕێژەی قەیرە کچیش زۆر بێ.

لەلایەکی دیکەوە ئەوانەی قسەیان بۆ (ڕووداو) کرد ئاماژەیان بە کەمبوونەوەی دیاردەکە کرد بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو، جگە لەوەش ئاماژەیان بەوەدا کە داواکردنی نەخت گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئێستا لەجیاتی زێڕو پارە داوای خانوو و ئۆتۆمبێل دەکرێ.

سۆلاڤ سەلام، کچێکی باڵا بەرزە لەگۆڕەپانی سوپەرمارکێتی مازی دهۆک وەستاوە، ئەو پێیوایە ئەو دیاردەیە تەنیا لەنێو خێزانە عەشاییرییەکاندا باوی ماوە "خەڵکی دهۆک ئێستا وشیار بووەتەوە، نەخت تەنیا لەنێو خەڵکی عەشایریدا ماوە".

ئەو کچە تەنانەت ئاماژەی بەجیاوازی وەرگرتنی نەخت لەنێوان خەڵکی قەزاو ناحیەکان لەگەڵ سەنتەری شاری دهۆک کردو گوتی "ئەوانەی دەرەوەی شار ئێستاش پارە وەکو نەخت وەردەگرن، بەڵام ئەوانەی سەنتەری شار ئێستا داوای خانوو یان ئۆتۆمبێل لەگەڵ بڕێک زێڕو پارە دەکەن".

بەرزبوونەوەی ڕێژەی کۆچی گەنجانی دهۆک بەرەو ئەورووپا و زیادبوونی کێشە دەروونی و کۆمەڵاتییەکانی گەنجان، بەڕای مامۆستا محەممەد ڕەمەزان بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە هەموو گەنجێک توانای دابینکردنی نەختی ژنهێنانی نییە.

محەمەد ڕەمەزان، کە مامۆستای کۆمەڵناسییە، لەبارەی داواکردنی نەختی زۆر لەکاتی خوازبێنیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "داواکردنی نەختی زۆر هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری لەنێو گەنجاندا، چونکە هەموو گەنجێک توانای ئەو نەختە زۆرەی نییە".

گوتیشی "ئەو دیاردەیە زۆرجار گەنجان تووشی شۆک دەکات و دووچاری گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتییان دەکات، هەر ئەوەش وایکرد گەنجێکی زۆری شاری دهۆک، بڕوایان بەژیانی ئێرە نەمێنێت و ڕوو لەدەرەوەی وڵات بکەن".

ئەو کۆمەڵناسە ئاماژەی بەجیاوازی نەخت لە ئێستاو ڕابردووشداو گوتی "جاران پارەی ساف وەک نەخت دەهاتە وەرگرتن، کە 100 هەزار دیناری سویسری بوو، بەڵام ماوەیەکە لەنێو سەنتەری شاری دهۆک بەجۆرێکی دیکەیە، لەجیاتی پارە خانوو یان ئۆتۆمبێل لەگەڵ زێڕێکی زۆر بەکوڕەکە دەکرێن".



## کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال:

# جێبەجێنەکردنی سزای تاوانباران ئەنفالێکی دیکەیە



**سەلام سەعدی**
**ڕووداو- هەولێر**

نێوەڕاستی مانگی ڕابردوو، سەدان کەس لە کەسوکاری قوربانیان و پاشماوەکانی ئەنفال بەرامبەر دواکەوتنی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی تاوانبارانی دۆسیەی ئەنفال کە پتر لە ساڵێک بەسەر بڕیاری دادگادا تێپەڕیوە، خۆپێشاندانێکی ناڕەزاییان لەشارۆچکەی کەلار سازکرد.

دادگای تایبەتی باڵای تاوانەکان کە پاش ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق بۆ دادگاییکردنی سەرانی ئەو ڕژێمە دامەزرا، لەسەر ئەو تاوانانەی لەماوەی 35 ساڵ حوکمڕانیدا ئەنجامیان دابوو، ڕۆژی 2007/6/24 پاش چەندین دانیشتن کە نزیکەی 10 مانگی خایاند، سزای لەسێدارەدانی بەسەر هەریەک لە عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای سەددام، سوڵتان هاشم ئەحمەد وەزیری پێشووی بەرگریی عێراق، حوسێن ڕەشید تکریتی یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپای پێشووی عێراقدا سەپاندو ڕۆژی 2007/9/3یش دادگای پێداچوونەوە (تمیز) بڕیارەکەی پەسەند کرد. هەرچەندە بەپێی حوکمەکانی ماددەی 27ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکان جێبەجێکردنی سزاکە پاش وەرگرتنی پلەی قەتعی دەبێت لەماوەی 30 ڕۆژدا جێبەجێ بکرێت و هیچ کەسێک دەسەڵاتی ئەوەی نییە سزاکە سووک بکات یان هەڵیبوەشێنێتەوە، بەڵام پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێک بەسەر ئەوبڕیارەدا، هێشتا سزاکە جێبەجێنەکراوەو دیاریش نییە ئاخۆ جێبە جێ دەکرێت یان نا.

شارۆچکەی کەلار کە ئێستا سەنتەری ئیدارەی گەرمیانە، لەگەڵ ئەوەی زۆرترین ژمارەی کەسوکارو پاشماوەکانی هەڵمەتی ئەنفالی لەخۆگرتووە، بەڵام بۆ ئەو خۆپێشاندانەی مانگی ڕابردوودا سازکرا، ڕێکخەرانی خۆپێشاندانەکە هەر تەنیا 500-600 کەسیان بۆ کۆکرایەوە. شوان محەممەد ڕۆستەم ئەندامی لیژنەی باڵای داکۆکیکردن لە کەسوکاری ئەنفالکراوان کە خۆی 36 خزم و کەسی ئەنفالکراوی هەیە، هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی لەپشت ئەو خۆپێشاندانەوە نەبووەو هیچ حیزبێکیش نەیویستووە خۆپێشاندان بکرێت. شوان محەممەد جێبەجێنەکردنی سزاکە بۆ دەستێوەردانی سیاسی لە کاروباری دادگا دەگەڕێنێتەوەو دەستەی سەرۆکایەتی کۆماریش بە بەرپرسیار دەزانێت لەو دواکەوتنە.

دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار لە سەرۆک کۆمارو هەردوو جێگرەکەی پێکدێت کە یەکێکیان سوننەیەو ئەوی دیکەیان شیعەیە. تاریق هاشمی جێگرە سوننەکەی سەرۆک کۆمار کە سەرۆکی حیزبی ئیسلامیی عێراقیشە، یەکێکە لەوانەی بەتووندی داکۆکی لە سوڵتان هاشم وەزیری پێشووی بەرگری دەکات بەو پاساوەی کە ناوبراو تەنیا پلەدارێکی سەربازی بووەو لەکاتی هەڵمەتی ئەنفالدا تەنیا فەرمانەکانی سەرووی خۆی جێبەجێکردووە، جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماریش سەبارەت بە سوڵتان هاشم لەسەر هەمان ڕایەو وەکو دیکەش دژی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانەو تەنانەت سەدام حوسێنیش کە لەسەر دۆسیەی دوجێل حوکمی لەسێدارەدانی وەرگرت، بەبێ ئیمزای ئەو لەسێدارەدرا.

شوان محەممەد ڕایگەیاند کە پەیامی خۆپێشاندانەکەی ئەوان وەکو کەسوکاری ئەنفالکراوان ئەوەبووە کە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان جێبەجێ بکرێ، گوتیشی "مەسەلەکە کراوەتە قوربانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، ئەمریکاش دەستی لەو مەسەلەیەدا هەیەو ئەجێندەی تایبەتی خۆی هەیەو نایەوێ دڵی عەرەبی سوننە لەخۆی برەنجێنێ". بەبڕوای ئەو ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد هەروا بێدەنگ بێت لەم مەسەلەیە "دەرکەوتەی خراپی دەبێ" و گوتی "هەرئێستا کەسوکاری ئەنفالکراوان متمانەیان بە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان نەماوە، خەڵک تووڕەن و پێیانوایە ئەمە سوکایەتییە بەوان، کێشەکەش لەوەدایە بەرامبەر بەم نەرمی نواندنەی سەرکردایەتی کورد، عەرەبی سوننەوحکومەتی عێراق بەگشتی نەچوونەتە ژێرباری هیچ پابەندییەک، ئەگەر ئەم نەرمی نواندنە لەبەرامبەر هەندێ مەسەلەی گرنگدا بووایە، وەک جێبەجێکردنی ماددەی 140، کێشەی گرێبەستەکانی نەوت و سنووری کوردستان مایەی قبووڵ بوو، بەڵام هەمووومان دەبینین لایەنی عێراقی وەک ئەو کێشانە چارەسەر ناکات، ماددەی 24 لە پەرلەمانەوە تێدەپەڕێنێ و داوای کشانەوەی پێشمەرگەش لەناوچە بەعەرەبکراوەکان دەکات".

بەڵام شوان محەممەد هەڵوێستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەباش دەزانێت کە چەندین جار داوای جێبەجێکردنی بڕیاری دادگای کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت "هیچ بەدواداچوونێک نییەو تەرکیز ناکرێتە سەر ئەم مەسەلەیەو ناکرێتە گوشارێک لەسەر بەغدا".

مەلا سەعید ئەحمەد بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگاو تێکەڵکردنی بەمەسەلەی سیاسی بە "پێشینەیەکی خراپ و مەترسیدار" ناودەبات و باس لەوەش دەکات کە پشتگوێخستنی بڕیاری دادگا تووشی بێئومێدییەکی زۆری کردوون، لەکاتێکدا وەک خۆی گوتی "زۆر گوترا عێراقی نوێ، عێراقی یاسا دەبێت".

بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان لەگەڵ ئەوەدایە کە جموجوڵێکی بەرفراوان بۆ وروژاندنی ڕای گشتیی ناوخۆو دەرەوە دەست پێبکرێ و گوشارێک دروست بکرێت بۆئەوەی "یاساو عەدالەت ڕێچکەی خۆیان بگرن و دووربن لە دەستێوەردانی سیاسی".

مەلا سەعید لەگەڵ ئەوەی پێیوانییە کێشەکە پەیوەندی بە هەڵوێستی سەرۆک کۆمارەوە هەبێت، گلەیی لە هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد دەکات کە وەکو پێویست گوشار ناکات بۆ جێبەجێکردنی سزای تاوانباران، لەو باوەڕەشدایە "سازشکردن لەسەر مەسەلەیەکی وەها دەبێتە هۆی ئەوەی لەماددە دەستوورییەکانی دیکەشدا پاشگەزبوونەوە ببینین، وەک ئەوەی ئێستا دەیبینین".

دادوەر ڕزگار محەممەد ئەمین کە لە دادگای باڵای تاوانەکان، سەرۆکایەتی یەکەمین دادگای تایبەت بە تاوانی دوجێلی کرد، ئەوە بە سیاسەتێکی ڕاست دەزانێت کە سەرکردایەتی سیاسی کورد دەستی لەکاروباری دادوەری وەرنەداوە لەبەغدا، هەرچەندە زۆرکەس پێیانوایە دروستکردنی گوشار بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری دادگا بەمانای دەستوەردان لەکاروباری دادگا نییە، چونکە دادگا پاش چەندین دانیشتن بڕیاری خۆی داوەو ئەوە سیاسییەکانن کە ڕێگە نادەن عەدالەت و یاسا ڕێچکەی خۆیان بگرن.

پارێزەر هەدار بارزانی ئەندامی دەستەی داکۆکیکار لە قوربانیانی ئەنفال، کەخۆی ئامادەی زۆربەی دانیشتنەکانی ئەتال بووە دەڵێت "ئەوە شەرمەزارییە بۆ حکومەت، بۆ پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار کە ڕێز لەبڕیاری دادگاو دەسەڵاتی دادوەری ناگرن".

هەدار بارزانی، باوک و مام و خاڵ و چەندین کەس لە کەسوکاری لەساڵی 1983 لەگەڵ هەزاران بارزانی دیکە بێ سەروشوێن کران، باس لەوەدەکات کە ئەوان هەوڵی زۆریان داوە بۆئەوەی لایەنی کوردی گوشارێک دروستبکات بۆ جێبەجێکردنی سزای تاوانباران، بەڵام هەمیشە وەڵامەکە ئەوەیە کە ئەوان دەست لەکاروباری دادگا وەرنادەن، لەکاتێکدا وەک ئەو گوتی "ئەوەی ڕێگرە لەجێبەجێکردنی بڕیاری دادگا دەستەی سەرۆکایەتی کۆمارە، تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار سزای لەسێدارەدانی سوڵتان هاشم ئیمزا ناکات و سەرۆک کۆماریش دژی ئیمزاکردنی سزای لەسێدارەدانە بۆ هەموو کەسێک". ئەو پارێزەرە دەڵێت "بەڕاستی من جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگا بە ئەنفالێکی دیکە دەزانم".

هەدار بارزانی باس لەوەدەکات کە ئەمریکییەکان هەر لەسەرەتاوە ئامادەبوون عەلی حەسەن مەجید بدەنەوە دەست لایەنی عێراقی بۆ جێبەجێکردنی سزاکەی، ئێستاش ئەگەر لایەنی عێراقی بیەوێت ئەوان رادەستی دەکەن، بەڵام گوتی "من وەک ئەندامی دەستەی داکۆکیکار لە قوربانیانی ئەنفال و وەک کچە ئەنفالکراوێکیش بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەنیم تەنیا عەلی کیمیاویمان بدەنەوە".

دادوەر ڕزگار محەممەد ئەمین دواکەوتنی جێبەجێکردنی سزاکە بۆ دەستێوەردانی سیاسی لەکاروباری دادگا دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەو لەجیاتی دەسەڵاتی سیاسی و لایەنە سیاسییەکان ڕەخنە لە کەلتووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی دەگرێت کە یاساو دادگاکان تێیدا هەمیشە پاشکۆی سیاسەتن، بەتایبەتیش لەو مەسەلانەدا کە مۆرکێکی سیاسییان هەیە. بەبڕوای حاکم ڕزگار "کۆمەڵگای عێراق هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی قسەی کۆتایی تێیدا بۆ دادگا بێت".

پاش تێپەڕینی پێنج ساڵ بەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی عێراقدا، وا دێتە پێش چاو کە هەندێ کەس لە وێناکردنی عێراقی نوێدا بەوەی کە عێراقێکی دەستووری و یاسایی و دیموکراسی دەبێت دوور ڕۆیشتبوون، پاش تێپەڕینی پتر لەساڵێک بەسەر بڕیاری دادگادا هێشتا ناتوانرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە ئاخۆ چارەنووسی تاوانبارانی ئەنفال بەچی دەگات، وەک حاکم ڕزگار دەڵێت "لێرەدا ئەوەی گرنگە دەقێکی یاسایی تایبەت بە دادوەری پێشێلکراوەو جێبەجێنەکراوە، تازە گرنگ نییە سزاکە کەی جێبەجێ دەکرێت".



عەلی کیمیاوی



سوڵتان هاشم



حوسێن ڕەشید تکریتی

# ئەمساڵ 3 هەزار خێزانی عێراقی لە سوریاوە چوونەتە ئەوروپا

**بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لەسوریا ڕایگەیاند کە یەک ملیۆن ئاوارەی عێراقی لەسوریا هەن، کە نزیکەی 200 خێزانیان کوردن، ڕاشیگەیاند "هەر بەرپرسێکی عێراق بێتە سوریا بڕیارێک لەبارەی چارەنووسی ئاوارەکان دەدات".**

**کاوە ئەنوەر**
**ڕووداو-دیمەشق**

فایەق مەهدی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی سۆسالیست لەسوریا لەدیمانەیەکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاماژەی بەهەڵسوکەوتی بەرپرسانی سوریا کرد بەرامبەر بەکوردانی باشووری کوردستان و ڕایگەیاند کە هەر بڕوانامەیەک یان پێناسێکی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە تەسدیق نەکرابێ سووریا دانی پێدانانێت.

ئەو چەند نمونەی چەند قوتابییەکی هەرێمی کوردستانی باسکرد کە بەنیازن لەسوریا بخوێنن و گوتی "چەند قوتابییەکی کورد دەیانویست لەسووریا بخوێنن، بەڵام حکومەتی سوریا دانی بەبڕوانامەکانیان نەنا و پێیگوتن پێویستە بڕوانامەکانیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە تەسدیق بکرێن".

لەماوەی ڕابردوودا شاندێکی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانی کوردستان سەردانی هەر یەک لە تورکیا و ئێرانی کرد، دواتریش داوایان کرد سەردانی سوریا بکەن، بەڵام حکومەتی سوریا سەرەتا داواکەی ڕەتکردنەوە. فایەق مەهدی زانیاری زیاتر لەو بارەوە دەدات و دەڵێ "سوریا لەبەر چەند هۆیەک پێشوازی لەو وەفدە نەکرد، دواتر داوای لێکردن بێن، بەڵام لەبەر ئەوەی سوریا پێشتر پێشوازی لێنەکردبوون، بۆیە ئەوانیش داواکەی سوریایان ڕەتکردەوە".

لەدوای هاتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام و سەرهەڵدانی چەندین گرووپی توندڕەو لە عێراق، ژمارەیەکی زۆر لەهاووڵاتییانی عێراق ڕوویان لەسوریا کرد، بەپێی قسەی فایەق مەهدی ئێستا یەک ملیۆن ئاوارەی عێراقی لەسوریا دەژین.

فایەق مەهدی ئاماژەی بەوەدا تاوەکو ئێستا چەندین شاندی عێراقی، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ئاوارە عێراقییانە سەردانی سوریایان کردووە و گوتی "لەو ماوەیەدا شاندێکی پەرلەمانی عێراق بەسەرۆکایەتی عەبدولخالق زەنگەنە، بە مەبەستی گەڕاندنەوەی ئاوارە عێراقییەکان سەردانی سوریای کرد". ئەوە لەکاتێکدایە کە عێراق هانی ئاوارەکانی دەدات لە وڵاتان کە بگەڕێنەوە عێراق، مالیکی لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ میسر هاتنەوەی ئاوارە عێراقییەکانی بە فرۆکە کردە خۆڕایی.

فایەق مەهدی ئاماژەی بەوەدا کە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق،بڕیاریداوە بڕی یەک ملیۆن دینار بدرێتە هەرخێزانێکی عێراقی لەسوریاوە بگەڕێتەوە عێراق "بەڵام ئەو خێزانانە هیچ شتێکیان لەعێراق نەماوە تاوەکو بگەڕێنەوە، چەندین جار داوایان کردووە فۆرمی خۆراکیان بۆ بکرێت لەسوریا بۆیان نەکراوە، سوریاش هاوکاری ئەو خەڵکەی کردووە، ئێستا خواردن و هاوکاریان".

بەپێی قسەی بەرپرسی پەیوەندییەکانی حسدک لەماوەی ئەمساڵدا 3 هەزار خێزانی عێراقی لە ڕێگەی سووریاوە چوونەتە ئەمریکا، ئوستورالیاو کەنەدا "لەنێو ئەو خێزانانەدا عەرەبی شیعە و کوردیش هەن، زیاتریش ئەوانەن کە پێشتر ناوی خۆیان بۆ مافی پەنابەری لەدەرەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار کردبوو". گوتیشی "زیاتر لە 3 هەزار خێزانی کوردیش ناوی خۆیان تۆمار کرد بوو، بەڵام گەڕانەوە کوردستان".

ناوبراو ڕەخنەی لەبەرپرسانی حکومەتی عێراق گرت و گوتی "بەداخەوە بەهۆی لێدوانی بەرپرسانی عێراقی گرفتی زۆر بۆ ئاوارە عێراقییەکان لەسووریا دروستبووە، بۆ نموونە جاران خەڵک دەهاتە سوریا تا 3 مانگ هیچ شتێکی نەدەویست، بەڵام ئێستا هەر عێراقییەک بێتە سوریا بۆی هەیە یەک مانگ بمێنێتەوە، دوای ئەوە دەتوانێ ماوەکەی درێژبکاتەوە".

پەیوەندی نێوان عێراق و سوریا، ماوەیەک بەهۆی تاوانبارکرانی سوریا بە داڵدەدانی حیزبی بەعسی عێراق و ڕێگەدان و ئاسانکاری کردن بۆ گرووپە چەکدارەکانی قاعیدە، خۆش نەدەهاتە بەرچاو. فایەق مەهدی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و سوریای بە پەیوەندییەکی باش وەسفکرد، بەتایبەتیش دوای سەردانی ساڵی ڕابردووی وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ سوریا پەیوەندییەکە زۆر باشتر بووە "ساڵی ڕابردوو دوای ئەوەی کاک هۆشیار زێباری هاتە سوریاو ئاڵای عێراق هەڵکرا، چونکە باڵیۆزی عێراق تا پاریش لەژێر چاودێری باڵیۆزی جەزائیر بوو، لەوکاتەدا پەیوەندییەکانی سوریاو عێراق لەڕووی بازرگانییەوە زۆرباشەو وشاندەکان دێنە سوریا".



بەرپرسی پەیوەندییەکانی سۆسیالست تەوقە لەگەڵ عەممار حەکیم دەکات

ئەوزیاترلەبارەی پەیوەندییە بازرگانییەکان قسەی کردو گوتی "ئێستا ڕێککەوتنێک هەیە لەسەر زیادکردنی بۆرییەکانی بانیاس- کەرکووک کە هیڵێکی گشتی نەوتی عێراقە لەڕێگەی سوریاوە دەگاتە جیهان، جگە لەوەش هاتنی بارهەڵگرەکان لەسوریاوە بۆ ناو عێراق بەردەوامە، کە 50%ی کاڵاکانی عێراق لەسووریاوە دەهێنن".

سەبارەت بەپەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و سوریاش، فایەق مەهدی گوتی " ئەوەندەی من لەسوریام تاوەکو ئێستا نەمبینیوە شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی سوریا بکات، بەڵام پەیوەندی بازرگانی لەنێوان کوردستان و سوریا بەردەوامە".

خەڵکێکی زۆر ڕۆژانە لەڕێگەی دەروازەی سنووریی ڕەبیعەوە سەردانی سوریا دەکەن، بەڵام مەرجی سوریا ئەوەیە کە دەبێت ناسنامەی ژووری بازرگانیت پێبێت، بەپێی قسەی فایەق مەهدی حکومەتی سوریا بەردەوام ئاستەنگ لەبەردەم هاتووچۆی هاووڵاتییانی کوردستان دروستدەکات.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی سۆسیالست، ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە زۆربەی هاووڵاتییانی عێراق دەبێ ناسنامەی ژووری بازرگانیان پێبێت لەکاتی چوونیان بۆ سوریا "ئێستا وای لێهاتووە هەرچی دێت پێناسی ژووری بازرگانی پێیە، بەڵام حکومەتی سوریا دان بەپێناسی ژووری بازرگانی سلێمانی نانێت، دەبێ پێناسەکە لەلایەن ژووری بازرگانی عێراق تەسدیق کرابێ". گوتیشی "ئێمەش وەکو حیزبەکان دەتوانین خەڵک بێنین بۆ سوریا دوای ئەوەی ناوەکانیان بۆ سنوور ڕەوانە دەکەین، ئەوەش بۆ دڵنیا بوونە لەلایەنی ئەمنی".

نزیکەی نیو ملیۆن کورد لەڕۆژئاوای کوردستان دەژین، بەڵام حکومەتی سوریا وێڕای ئەوەی ئامادە نییە دان بەبوونی خاکی کوردستان لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا بنێت، لەهەمانکاتدا زیاتر لە 500هەزار کوردیش بێ ناسنامە کراون، هەرچەندە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لەلایەن بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا و بەرپرسانی دیکە بەڵێنی چارەسەری ئەو کێشەیە دراوە، بەڵام تا ئێستا وەک خۆی ماوەتەوە.

لەبارەی ڕەوشی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان فایەق مەهدی گوتی "ئێستا لەسوریا زۆربەی کوردەکان لەناوچەی قامشلۆ و حەسەکە نیشتەجێن، وەکو خزمەتگوزاری لەم دوو ساڵەی دواییدا گرنگییەکی زۆریان پێدراوە، هەندێک لەو کوردانەش ڕەگەزنامەیان وەرگرتووە، بەڵام ئەوانەی لە تورکیاوە هاتوون جارێ چارەنووسیان بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە".

مەبەستی فایەق مەهدی ئەو کوردانەیە کە لە سەردەمی شۆڕش و ڕاپەرینەکانی سەرەتا و نیوەڕاستی سەدەی ڕابردوو هاتوونەتە سوریا.

سوریا ماوەیەکی زۆر بنکەی مانەوەی بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بووەو، هەروەها شوێنی مانەوەو مەشقی لە سوریا و لوبنان دابووە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، بەڵام دواتر لە ساڵی 1999 لە ژێر فشاری تورکیا، ئۆجەلانی سەرۆکی PKK ی لە سوریا وەدەرنا.

فایەق مەهدی لەبارەی هاوکارییەکانی نێوان سوریا و PKK گوتی "کاتی خۆی بارەگاکانی PKK لەسوریا بوون، بەڵام ئێستا نەماون، هەرشتێک پەیوەستبێ بە PKK بێت لەسوریا ناکرێت، بەڵام ناوەندی ڕۆشنبیری و هەندێ شتی دیکەیان هەن کەلە بۆنەکان دەیانبینین بەناوی PKK قسە دەکەن و وێنەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان پێیە".

### (ڕووداو) خانووە کرێ هەرزانەکان نیشانی گەنجان دەدات

# هەرزانترین گەڕەکەکانی خانووی کرێ

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

سیامەند ئەحمەد،44 ساڵ،باوکی 7 منداڵە، دوای ئەوەی لەماڵی باوکی جیابووەوە نەیتوانی لەگەڕەکەکەی ئەوان (گەڕەکی نیشتمان) بمێنێتەوە، چونکە کرێی خانوو لەو گەڕەکە گرانە، بۆیە ڕوویکردە کۆڵانەکانی ئەسیراوا لەگەڕەکی نەورۆز، لەوێ لەگەڵ خزمێکیان خانوویەکی 150 مەتریان بە 240 هەزار دینار بەکرێ گرت.

سیامەند، کە وەک خۆی باسی دەکات داهاتی ڕۆژانەی تەنیا 16 هەزار دینارە، یەکێکە لەو کرێچییانەی بەهۆی زۆری کرێی خانوو لەگەڕەکە نزیکەکانی سەنتەری شار، پەنای بردووەتە بەر گەڕەکە دوورەکان "ئەگەر ناچاری نەبێت کەس ناتوانێت لەگەڵ خێزانێکی دیکە لەو گەڕەکانە لەیەک خانوودا بژیت".کێشەکانی دوو خێزان لەنێو یەک خانوودا هەمیشە زۆربوونە، بۆیەش هەموو کەسێک هێندەی بۆی بکرێ خۆی لەوە دوور دەگرێ، مەگەر بەناچاری پێی ڕازیبێ.

بەهۆی زۆری کرێی خانوو، زۆربەی کرێچییەکان ڕوو لەو گەڕەکانە دەکەن کە کرێی خانوویان هەرزانە، بەتایبەتیش ئەو گەڕەکانەی تازە بنیات نراون و دوورن لەسەنتەری شار.

بەپێی قسەی خاوەن نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو، ئێستا داواکاری لەسەر خانووی کرێ زۆرتربووە بەتایبەتیش لەو گەڕەکانەی لەسەنتەری شار دوورن و خزمەتگوزارییان بەتەواوی بۆ دابین نەکراوە "چونکە کرێی خانوو لەو جۆرە گەڕەکانە هەرزانترە".لەبەرئەوەی هیچ یاساییەک نییە بۆ دیاریکردنی کرێی خانوو، بۆیەش کرێیەکە پەیوەستە بە ڕێککەوتنی هەردوولا و تایبەتمەندییەکانی خانووەکە.

جەمال قادر، کە خاوەنی نووسینگەی ژیکەیە لەگەڕەکی مامۆستایان، دەڵێ هەفتانە زیاتر لە 10 کەس داوای خانووی کرێی لێدەکەن،سەبارەت نرخەکانی خانووش لەو گەڕەکە دەڵێ "خانوویەکی 200 مەتری لەگەڕەکی مامۆستایان کرێیەکەی لەنێوان 250-750 هەزار دینار دایە، ئەگەر خانووێکی مەکشوفیش بێت، بەتەواوی خزمەتگوزارییەوە کرێیەکی لەنێوان250-300هەزار دینارە".

بەپێی ئەو نرخانە کەنووسینگەی ژیکە بەکرێچییانی دەدات خانوویەکی 100-200مەتری لەگەرەکی شورتاوە کرێیەکەی لەنێوان 250-500 هەزار دینارە، بەڵام لەگەرەکی هەڤالان لەنێوان 300-700 هەزار دینارە، جەمال گوتی "نرخی کرێی خانوو لەگەڕەکی شورتاوە لەهەموو گەڕەکەکان هەرزانترە، چونکە خانووەکانی لەهەشتاکان دروستکراون و زۆربەیان مۆدیل کۆنن،ئینجاش گەڕەکی گوڵان و زانایان دێن لەرووی هەرزانییەوە".

نووسینگەی دلۆڤان، کە خانووەکانی گەڕەکەکانی بەهاری نوێ، کوردستان، شادی، بەکرێ دەدات، بەپێی قسەی مامۆستا قەرەنی خاوەن نووسینگەکە کرێی خانوو لەو گەڕەکانەدا تا ڕادەیەک هەرزانە "خانوویەکی 100 مەتری دوو نهۆم لەو سێ گەڕەکە بە 250-400 هەزار دینار دەستدەکەوێت، 150 مەتری یەک نهۆمیش کرێیەکەی لەنێوان 200-450 هەزار دینار دایە،



| کرێی خانوو | ڕووبەری خانوو | شوێن (گەڕەک) |
|---|---|---|
| 250- 750 هەزار دینار<br>250- 300 هەزار دینار | 250 مەتر/ڕۆژئاوایی<br>250 مەتر/ شەرقی | مامۆستایان |
| 300 - 700 هەزار دینار | 100 و 200مەتر | هەڤالان |
| 250 - 500 هەزار دینار | 100-200 مەتر | شورتاوە |
| 250- 400 هەزار دینار<br>200- 450 هەزار دینار<br>150- 200 هەزار دینار | 100 مەتر/ 2 نهۆم<br>150 مەتر / 1نهۆم<br>75 مەتر | بەهاری نوێ، شادی، کوردستان |
| 250- 300 هەزار دینار<br>200 هەزار دینار | 200 مەتر<br>100 مەتر/ 2 نهۆم | نەورۆز |
| 150 هەزار دینار | خانوویەکی مامناوەندی | 94، سەرکارێز، دڕکاوە |
| 300- 500 هەزار دینار<br>300- 700 هەزار دینار | 100 مەتر<br>200 مەتر | خانزاد (دۆلاراوە)،برایەتی |

هەروەها خانووی 75مەتریش کرێیەکەی لەنێوان 150-200 هەزار دینار دایە".

خانووی کرێ لەکۆڵانی ئەسیراوەی گەڕەکی نەورۆز لەزۆربەی شوێنەکانی شاری هەولێر هەرزانترە، خاوەنی نووسینگەی دلۆڤان، هۆکاری ئەو هەرزانییە بۆ کۆنی خانووەکانی ئەو جێگەیە دەگەڕێنێتەوە " لەو گەڕەکە خانوویەکی 200مەتری کرێیەکەی لەنێوان 250-300 هەزارە، ئەگەر 100مەتری دوو نهۆمیش بێ بە 200 هەزار دینارە".

بەپێی ئامارەکانی دادگاکانی کوردستان، ڕێژەی هاوسەرگیری بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو ڕوو لەکەمبوونە وەیە، بەگوێرەی بەدواداچوونەکانی حکومەتیش دەرکەوتووە کە نەبوونی خانووی نیشتەجێبوون هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق.

فەرمان ئەمجەد، 22 ساڵ، بڕیاریداوە تا نەبێتە خاوەنی خانوو ژن نەهێنێت "ئەگەر تا کۆتایی تەمەنم بێ ژن بمێنمەوە، ئامادە نیم بچمە خانووی کرێ".

هاووڵاتییان کەمتر چانسی ئەوەیان هەیە، لەسەر شەقامە سەرەکییەکان خانووی کرێیان دەستبکەوێت، ئەویش بەهۆی داواکاری ڕێکخراو و کۆمپانیا و فەرمانگەکانی حکومەت بۆ ئەو خانووانە، کەنرخی زیاتر لەهاووڵاتییان دەدەن.

خاوەنی نووسینگەی ژیکە، گوتی "ئەو خانووانەی لەسەر شەقامی سەرەکین، تەنیا بۆ کۆمپانیایەکانن، لەسەر شەقامی 100 مەتری لە 500 دۆلارەوە هەیە تا 1300 دۆلار".

هەرچەندە بەشێک لەگەڕەکە دوورەکان نرخی کرێییان زۆر هەرزانترە لەگەڕەکەکانی دیکە، بەڵام بەهۆی دوورییان لەبازاڕ و سەنتەری شار، هەموو کەسێک ئامادە نییە بچێتە ئەو گەڕەکانە. سەباح مەجید، خاوەنی نووسینگەی هۆزان لەگەڕەکی باداوە، لەوبارەوە دەڵێ"لەگەڕەکی 94، سەرکارێز و دڕکاوە دەتوانیت خانوویەکی مامناوەندی بە 150هەزار دینار بەکرێ بگریت، بەڵام لەبەر ئەوەی دوورە لەبازاڕەوە کەم کەس دەچێتە ئەو شوێنانە".

ئەو خاوەن نووسینگەیە، دەڵێ کرێی خانوو لەچاو ساڵانی رابردوو دابەزیوە "ئەو خانووەی پار کرێیەکەی 400 هەزار دینار بوو، ئێستا بە 300 هەزار دینارە". هۆکارەکەشی بۆ ڕۆیشتنەوەی زۆر لەو ماڵە عەرەبانە گەڕاندەوە کە پێشتر بەهۆی ناسەقامگیری باری ئەمنی شارەکانیان ڕوویان لەکوردستان کردبوو "لەبەرئەوەی عەرەب دەگەڕێنەوە شارەکانیان نرخی کرێی خانوو دابەزیوە".

هەندێک لەگەڕەکەکان هەرچەندە کۆنن و خزمەتگوزاریشیان کەمە، بەڵام نرخی کرێی خانوویان تێدا گرانە، هێمن خالیدی خاوەن نووسینگەی ڕۆشنایی،لە گەڕەکی باداوە بە نمونە هێنایەوەو گوتی "کرێی خانوویەکی 100 مەتری لەگەڕەکی باداوەی شاری هەولێر 350 هەزار دینارە، ئەگەر دوو نهۆمیش بێ کرێیەکەی لەنێوان 450-500 هەزارە، هەروەها لەگەڕەکی 94ی باداوە کرێیەکەی لە250 هەزار دینار کەمتر نییە".

جگە لەگەڕەکە دووورەکانی شار، نرخی کرێی خانوو لەقەزاو ناحیەکان بەبەراورد لەگەڵ شاردا زۆر هەرزانترە.

# گەنجانی لادێ شەق لەبەرد هەڵدەدەن

## نەوەیەک نایەوێ شوێن پێی باوباپیرانی خۆی هەڵگرێ

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

عەزیز ئەحمەد، 62 ساڵ، بە گلەییە لەکوڕەکانی،لەبەرئەوەی ناچاریان کرد ژیانە ساکارەکەی گوندنشینی کۆتایی پێبێنێ و لەناو جەنجاڵییەکانی شاردا، خۆی ون بکات "تاخۆم هێزم تێدا بوو ئەوانم بەسەربەرزی ژیاند، بەڵام کە زانیان توانام نەماوە، گوتیان ئیتر ئێمە لەلادێ ناژین ".

ئێستا ئەوپیاوە، لەجیاتی ئەوەی لەلانزار و گوێ چەمەکاندا خەریکی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانی بێت، تادرەنگانێکی ئێواران خۆی بەیاری دامەوە سەرقاڵ دەکات "گەنجی ئەو زەمانە، سەرلێشێواو و نانبڕە".

زۆربەی گەنجانی لادێنشین پشتیان لەکێڵگە و ڕانەمەڕ کردووەو کەسوکارییان ناچارکردووە ئاژەڵ بفرۆشن و واز لەکشتوکاڵ بێنن .

سەروان ڕەشید، 26ساڵ، لەدوای مردنی باوکییەوە، زۆر لەڕەزو باخەکانی فرۆشت و لەپێنجوێن خانوویەکی کڕی، ئێستا تەنیا باخێکی بچووکی گوێزیان ماوەتەوە.سەروان نموونەی چەندین گەنجی دیکەیە کە پشتیان لەپیشەی باو و باپیرانیان کردووە"ناتوانم بڵێم هیچ گەنجێک ئەو ئیشە ناکات، کە باو و باپیری بەدرێژایی تەمەنیان خەریکیبوون، بەڵام ئەگەر گۆلێک تەماتە ئاو بدات بۆڵە بۆڵی دونیا دەکات، هەر ئیشەکە لەکۆڵی خۆی دەکاتەوە ". بەبڕوای سەروان "گەنج لەبەر ئەوەی هیچ باوەڕێکی بەو جۆرە ژیانە نەماوە، بیشیکات سوودی نییە، چونکە تەنها کاتەکەی پێ بەڕێ دەکات ".

بەشێک لەگەنجانی گوندنشین، مەینەتییەکان بەکاریگەرییە خێراکانی جیهانگەرایی وەهەژموونی تەکنەلۆژیاوە دەبەستنەوە،لەهەمانکاتدا پەراوێزکرانی گوندەکانیش لەلایەن حکومەتەوە بەهۆکارێکی چۆڵبوونیان دادەنێن.

حامید جەلال، گەنجێکی گوندنشینە بەبێزارییەوە باسی ژیانی گوندنشینی خۆی دەکات و دەڵێ"گەنجی لادێ کشتوکاڵ بۆ کێ بکات، لەهەمانکاتدا دەزانێت وەک باوکی هیچی بەهیچ نابێت و، لەوکاتەیدا کە ئەو بە دوای بزن و مانگادا رادەکات گەنجانی شار خەریکی مەسێج و چاتکردنن لەگەڵ کچاندا".

حامید گلەییەکانی خۆی لە حکومەت و ڕێکخراوەکانی لاوانیش دێنێتە سەر زمان و دەڵێ "حکومەت پشتی لەلادێ کردووە، ڕێکخراوەکانی گەنجانیش هەرگۆرانی بۆ گەنجی شار دەڵێن، ئەگەر نا تۆپێکی یاریکردن چییە بیدەنە تیپێکی وەرزشی گوندێک ".

سەرتیپ عەلی، لێپرسراوی ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی شارەزور، ڕەتیکردەوە کە ئەوان پشتیان لە گوندەکان کردبێ "ئەوەی پێمان کرابێت لەدابینکردنی کەلوپەلی وەرزشی، بۆمان کردوون".بەڵام پێیوایە بەهۆی نەبوونی شوێنی سەمینار و چالاکی ڕۆشنبیری ناتوانن چالاکی ڕۆشنبیری لەگوندەکان ئەنجامبدەن.

بەپێی ئامارێک کە لەئیدارەی دەڤەری هەورامان و شارەزوور دەست (ڕووداو) کەوتووە، لەساڵی 2003وە تاوەکو ساڵی 2007 لە 45 گوندو 2 شارەدێی دەڤەری هەوراماندا 450 گەنج نیشتمانیان بەرەو هەندەران جێهێشتووە،کەتەنها لەشارەدێی بیارەدا، نزیکەی 300 گەنج ڕۆیشتون. هەروەها بەگوێرەی ئامارێکی ناحیەی سیروان لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا 138 گەنج لە 29 گوندی ئەو ناحیەیە چوونەتە ئەوروپا. تاوەکو لەژیانێکی دواکەوتووی گوندنشینی بەرەو ژیانێکی مۆدێرن بچن.

هیوا، گەنجە خۆشبەختەکانی گوند بەو گەنجانە دەزانێ کە دەرفەتیان وەرگرت وخۆیان گەیاندووەتە ئەوروپا. هەرچەندە ئەو خۆی بە یەکێک لە گەنجە بەدبەختەکان دادەنێ،لەبەر ئەوەی سێ جار لە ڕێگای ئەو سەفەرەدا سنورداشکراوەتەوە"ڕەنگە ڕۆژێک لەڕۆژان ئەوانەی خەڵکی شارەگەورەکانن بگەڕێنەوە،بەڵام گەنجێکی قوربەسەری لادێ بۆ کوێ بگەڕێتەوە کە باش دەزانێ لەکوێوە ڕۆیشتووەو خۆی لە چ عەزاب و دەردەسەریەک ڕزگارکردووە".هیوا پێیوایە ئەگەر لادێکان هەروا بە فەرامۆشکراوی بمێننەوە تا دەساڵی دیکە "بەدەگمەن گەنجێک لەلادێ

دەبینی خۆی بەمەڕوماڵات و کشتوکاڵکردنەوە خەریک بکات".

سیروان عومەر، بەڕێوەبەری بەکارخستن و ڕاهێنانی پیشەیی سلێمانی، لەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە وەزارەتەکەیان لەسێ ساڵی رابردوودا بەردەوام کاری بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان کردووە بەبێ جیاوازی شوێنی دانیشتنیان"چەند لیژنەیەکمان دروستکردو بەقەزاو ناحیەکاندا گەڕان، تافۆڕمی بێکاری بڵاو بکەنەوە، لە 15 قەزاو ناحیەی سلێمانیدا چەند هەزار فۆرم پڕکرانەوە، هەرچەندە فۆڕمەکان بەدەست هەموو کەس نەگەیشتوون، بەڵام 8845 فۆرم گەڕانەوە لای ئێمە، کە 6111 فۆرمیان نێرن و 2734 فۆڕمیش مێن، پێمانوایە هەموو خاوەن فۆڕمەکانیش بێکار نین". وەک بەڵگەیەکیش بۆ کاردۆزینەوەیان بۆ گەنجانی بێکار گوتی"لەماوەی 3-4 ساڵدا لەسلێمانی 1028 کەسمان بەکارخستووە، کە تەنیا 25- 30 کەسیان دەرچووی زانکۆن".

ئەو بەڕێوەبەرە داوا لە حکومەت دەکات بایەخ بە کەرتی تایبەت بدات بۆئەوەی ئەوانیش هەلی کار بۆ گەنجان بڕەخسێنن.

هەڵگەڕانەوەی گەنجان لەژیانی لادێ، کاریگەری نەرێنی کردووەتە سەر هەردوو بواری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، بەجۆرێک ڕۆژ بەڕۆژ ئاژەڵداری و کاری کشتوکاڵی ڕووی لەکەمبوونە.

بەپێی ئامارێکی ڤیتنەری سەیدسادق، لەئەنجامی ڕووپێوکردنی 51 گوندی دەڤەرەکە لەساڵی 2004 تاوەکو 2006، دەرکەوتووە 20351 سەر مەڕو بزن کەمبوونەتەوە. لەساڵی 2004دا 72507سەر ئاژەڵ لەو 51گوندەدا هەبووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵی 2006دا دابەزیوە بۆ 52156سەر ئاژەڵ. بێگومان ئەمساڵ بەهۆی وشکەساڵییەوە دۆخەکە زۆر خراپترە . ڤیتنەری سەیدسادق هۆکاری ئەو کەمبوونەوەیە بەپلەی یەکەم دەگەڕێنێتەوە بۆ چۆڵبوونی گوندەکان و بڵاوبوونەوەی هەندێ پەتا بەنێو ئاژەڵانی دەڤەرەکەدا.

ئەنوەر حەمە ڕەشید، جێگری بەڕێوەبەری ڕێنمایی کشتوکاڵی لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئاگامان لەو دوورکەوتنەوەیەی گەنجان هەیە و دەشزانین کە کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوشی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری هەیە، بەڵام دەستەوسانیش نەوەستاوین".

ئەوبەڕێوەبەرە ئاماژەی بەکردنەوەی چەندین خولی جۆراو جۆری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری کرد بۆ گەنجانی گوندنشین "هەرخولێک ماوەی هەفتەیەکی خایاندووەو نیوەی ئەوانەی بەشدارییان کردووە لەخولەکاندا، گەنج بوونە و ویستویانە ئەزموونی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری پەیدا بکەن".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی ڕێنمایی کشتوکاڵی، لەماوەی ساڵی رابردوودا، 48خولی ڕاهێنان لەگوندەکان کراونەتەوە، کە 28 خولیان بۆ جوتیارانی نێر بووەو ڕێژەی ئامادەبوونی گەنج لەو خولانەدا 40%بووە، 28خولیشیان بۆ ژنان و کچانی گوندنشین بووە، کە ڕێژەی بەشداری گەنج تێیاندا 60%بووە.

### ئامارو ئەنجامەکان

- لەماوەی سێ ساڵدا 588گەنج لە74 گوندی شارەزوور بەرەو ئەوروپا کۆچیان کردووە.
- لەماوەی ساڵێکدا 8845 فۆرمی بێکاری لە بەڕێوەبەرایەتی بەکارخستن و ڕاهێنانی پیشەیی سلێمانی پرکراونەتەوە، 1028کەسیان خراونەتە سەرکار .
- لەماوەی دووساڵدا، 20351 سەر ئاژەڵ لە51گوندی سەیدسادق کەمیان کردووە بەهۆی چۆڵبوونی گوندەکانەوە .
- لەساڵی 2007دا، بەڕێوەبەرێتی رینمایی کشتوکاڵی سلێمانی 48 خولی ڕاهێنانی کشتوکاڵی بۆجوتیارە گەنجەکانی گوندەکان کردووەتەوە.



## مەلا عومەر چنگیانی:

# سەرپۆش نەکردن و ماچکردنی ژن و پیاو رۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە

**رووداو-هەولێر**

مەلا عومەر چنگیانی دەڵێت ئەگەر ئافرەت سەرپۆش نەکات و لەگەڵ پیاواندا تەوقەش بکات، هەرچەندە گوناهە، بەڵام رۆژووەکەی بەتاڵ نابێتەوە. هەروەها دەڵێت "ئەو پێشمەرگانەی ئێستا لەسنوورەکانن و لەبارەگاکانی خۆیان نین رۆژوویان لەسەر نییە".

بەپێی شەریعەتی ئاینی ئیسلام، هەر کەسێک موسڵمان بێت و پێگەیشتوو و عاقڵ بێت پێویستە هەمووساڵێک مانگی رەمەزان بەرۆژوو بێت، جگە لەوانەی کە نەخۆشن یان پیرن، دوای چاکبوونەوەیان دەبێ رۆژووەکە بگرنەوە، هەروەها پیرەکانیش پارە (فیدیە) بدەن.

مەلاعومەر چنگیانی، کەسایەتی ئاینی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە لەمانگی رەمەزاندا ئەو کەسانەی لە پڕ ئازارێکیان بۆ دێت و نەخۆش دەکەون وناتوانن بە رۆژوو بن، پێویستە لەپاش رەمەزان و لەماوەی 11مانگەکەی دیکەدا بەپەرتی بیانگرنەوە، ئەو کەسانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە یان پیرن چاوەڕوانی چاکبوونەوەیان لێناکرێت، رۆژوو نەگرێت و بۆ هەر رۆژێک قەرەبوویەک بدات.



بەپێی دوایەمین فتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان "ئەو کەسەی فیدیەی لەسەرە لەبری رۆژوو نەگرتن پێویستە بۆ هەر رۆژێک بڕێک پارە بدات کە لە 2 هەزار دینار کەمتر نەبێت".

**لەترسی هەندێ ئەگەر شتەکان قورس کراون، بۆیە هەندێ مەلا پێیانوایە ئەگەر بڵێن رۆژوو بەبێ سەرپۆش دروستە لەوانەیە ئەمجارە سنگیشیان دەربخەن**

مەلا عومەر چنگیانی

عومەر چنگیانی باس لەوەش دەکات کە ئەو پێشمەرگانەی ئێستا دوورن لەخێزان و بارەگا سەرەکییەکانی خۆیان رۆژوویان لەسەر نییە "ئەوان لەبەرەکانی چاوەڕوانکردنی هێرشی ناوەختەی دوژمنن، فتوایان بۆ دەدەم، لەبەر ئەوەی لەبەجێهێنانی ئەرکێکی پیرۆزدان کە بەرگرییە لەنیشتیمان، بۆیان هەیە ئێستا رۆژووەکانیان نەگرن و پاشان لەکاتێکی دیکەدا رۆژوەکە بگرنەوە". ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەهۆی هاتنە ناوەوەی سوپا بۆ خانەقین و ناوچەکانی دەوروبەری و فشارەکانی بەغدا بۆ گرتنەوەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان، پێشمەرگە لە ئامادەباشیدایە بەرامبەر سوپای عێراق.

لەلایەکی دیکەوە مەلا عومەر چنگیانی رەخنە لەو کەسانە دەگرێت، کە ژنە دووگیانەکان ناچار دەکەن بەرۆژوو بن"ئافرەتی دووگیان نابێت زیان بەخۆی و منداڵەکەی بگەیێنێت،کەی منداڵەکەی بوو ئەگەر توانای هەبوو رۆژووەکە بگرێتەوە، ئەگەر نەیشیتوانی لەبەر ئەوەی شیردەدات بەمنداڵەکەی بانەیگرێت، چونکە هەموو منداڵێک مافی خۆیەتی دوو ساڵ شیر بخوات".

بەپێی ئاینی ئیسلام جوتبوونی ژن و پیاو لەکاتی بەرۆژوو بووندا دەبێتە هۆی بەتاڵبوونەوەی رۆژوو. مەلا عومەر، دەڵێت "سەرجێی کردنی ژن و پیاو لەدوای رۆژوو شکاندنەوە تاوەکو بانگی بەیانی ئاساییە"،هەروەها ئاو هاتنەخوارەوەی پیاو بەبێ خەوتن و خووە نهێنییەکان رۆژوو ناشکێنێ. سەبارەت بە ماچکردن لەکاتی بەرۆژووبوونیشدا دەڵێ " دەست لەملکردن و ماچکردن و تەوقەکردن بەرۆژیش لەنێوان ژن و مێرددا رۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە، ئەگەر بەحەزەوە نەبێت".

کاتێک مانگی رەمەزان دێت ئەو ئافرەتانەی پێشووتر سەرپۆشیان نەکردووە لەمانگی رەمەزاندا سەرپۆش دەدەن بەسەریاندا، لەکاتێکدا بەپێی ئاینی ئیسلام پێویستە ئافرەت لەهەموو مانگەکانی ساڵدا سەرپۆش بکات، بەڵام مەلاعومەرچنگیانی دەڵێت"ئەگەر ئافرەت بەرۆژوو بێت و سەرپۆشیش نەکات، رۆژووەکەی بەتاڵ نابێتەوە".

زیاتر روونکردنەوە لەو بارەیەوە دەدات و دەڵێت "هەر تەوقەکردنێکی ژن و پیاو کە بتوانرێت لەیەکتر مارە بکرێن حەرامە، بەڵام نابێتە هۆی بەتاڵبوونەوەی رۆژوو، وەک چۆن دەست بەریەکەوتنی کچ وکوڕیش نابێتە هۆی شکاندنی رۆژوو، بەڵام ئەگەرسەرکێشیان کردو ئاویان هاتەوە، رۆژووەکەیان بەتاڵ دەبێتەوە"، گوتیشی "ئافرەت ئەگەر سەرپۆشیش نەکات و هەر جۆرە جلوبەرگێکیش لەبەر بکات، رۆژووەکەی بەتاڵ نابێت، بەڵام لەلایەنێکی دیکەوە گوناهبار دەبێت".

لەکاتی بەرۆژووبووندا موسڵمانانی کوردستان ددانەکانیان بەمەعجون و فڵچە ناشۆن و پێیانوایە ئەم شۆردنە رۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە، بەڵام ئەو مامۆستا ئاینییە دەڵێت "دەم وددان شوشتن بەمەعجون و سیواک رۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە، بەمەرجێک لەگەروو نەچێتە خوارەوە".

ئەگەرچی هەندێک کەس وتەکانی مەلا عومەر چنگیانی بە دەرچوون لەشەریعەت و ئایینی ئیسلام دادەنێن، بەڵام ئەو دەڵێت زانایان بۆیە هەندێک شت توند دەکەن نەوەک ببێتە رێگا ئاسانییەک بۆ رەفتاری دیکە "بۆیە گوتراوە ئەگەر سەرپۆش نەکەیت رۆژووەکەت دروست نییە، چونکە پێیانوایە ئەگەر وانەڵێن لەوانەیە ئەمجارە سنگیشیان دەربخەن و کە گوترا سنگ دەرخستن ئاساییە، لەوانەیە دامێنیشی دەربخات، لەترسی ئەو ئەگەرانە شتەکان قورس دەکرێن".

تەماشاکردنی زنجیرە فلیم و دراماکان لە تەلەفزیۆن، کە لەمانگی رەمەزاندا پەخشدەکرێن و هەندێک دیمەنی، وەک مەشروب خواردنەوەو بایەخدان بەقومار و دەرخستنی جوانییەکانی مرۆڤ بۆ رەگەزی بەرامبەری تێدایەو بەپێوەری ئایینی لادەرن و هەندێک کەسیش پێیانوایە دەبێتە هۆکاری بەتاڵکردنەوەی رۆژوو.

بەڵام مەلا عومەر چنگیانی دەڵێت" سەیرکردنی ئەو دراماو فلیمانە، لەبەر خودی سەیرکردنەکە، نابێتە هۆکاری بەتاڵکردنەوەی رۆژوو، چونکە سەیرکردن نەخواردەمەنی و نەخواردنەوە و نەئارەزوو شکاندنە، بەڵام کاردەکاتە سەر خودی توانای بینین، کە یەکێکە لەبەخششە زۆر گەورەکانی خوای گەورە بۆ مرۆڤ ".

**ئەم لاپەڕەیە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی بابەتی گەنجان و بەدواداچوونی خوێنەران.**

rudaw@rudaw.net

# راگەیاندنی کوردی نەچووە ئۆلۆمپیاد

**رێباز بەکر**

ئۆلۆمپیاد بەگەورەترین رووداوی وەرزشی دادەنرێت لەسەرانسەری جیهان، هەموو یاریزانێک خەون بەبەشداریکردن لەئۆلۆمپیاد دەبینێت، زۆر لەوڵاتانی جیهان گرنگییەکی تەواوی پێدەدەن، بەئامادەکردنی یاریزان بەشێوەیەکی پرۆگرامکراو بۆ ئۆلۆمپیاد، تاکو ئاڵای وڵاتەکانیان تێدا بەرزبکەنەوە، بەڵگەی ئەو بایەخەش ئەمساڵ زۆربەی سەرۆک وڵاتانی جیهان ئامادەی ئاهەنگی کردنەوەی ئۆلۆمپیادی پەکین 2008 بوون، لەوانەش جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمریکا چووە چین و، ئامادەی چەند یارییەکی جۆراو جۆری هەڵبژاردە و پاڵەوانەکانی ئەمریکادا بوو بۆ هاندانیان بۆ سەرکەوتن.

دەزگاکانی راگەیاندن لە جیهاندا بایەخێکی زۆریان بە ئۆلۆمپیاد دا و پەیامنێرەکانیان لەوڵاتی چین ئامادە بوون بۆ گواستنەوەی هەواڵ و رووداوەکانی ئەم ئۆلۆمپیادە بۆ خوێنەران و بینەرانی خۆیان. ئەوەی جێی داخە کەناڵەکانی راگەیاندنی خۆمان نەیانتوانی بەشێوەیەکی رێکوپێک و جوان ئەم رووداوە بۆ بینەرانیان بگوازنەوە، لانی کەم دەیانتوانی یارییەکانی پێشبڕکێی تۆپی پێی ئەو ئۆلۆمپیادە بگوازنەوە، کە بینەرێکی زۆریان لەکوردستاندا هەیە. دەزگاکانی راگەیاندنی خۆمان ئەو رووداوە گەورەیەیان بچووک کردەوە، کە تەنیا بایەخیان بەیاری قۆناخی پێش کۆتایی نێوان ئەرژەنتین و بەرازیل دا.

پێویست بوو بایەخێکی جیدی بەو ئۆلۆمپیادە بدرابا، بۆئەوەی لەرووی ئامادەکردن و پێگەیاندنی یاریزان و بەڕێوەبردنی خول و پاڵەوانێتیەکانەوە سوودمان لێوەرگرتبا لە کوردستان.

# راستکردنەوەیەک بۆ کوردۆ باکسی



**قادر نادر - سوێد**

لە چەند رۆژی رابردوودا چاوپێکەوتنێکی ( کوردۆ باکسی ) م لەژمارە 18 ی رۆژنامەی (رووداو) خوێندەوە. یەکێک لەو پرسیارانەی ئاراستەی کرابوون لەبارەی مەسەلەی ناساندنی ئەنفال بەجینۆساید بوو لەوڵاتی سوێد، کە بە ئارەزووی خۆی لێکدانەوەی بۆ کردووە. لەهەمووی سەیرتر کوردۆ باکسی دەڵێت "ئەوە هەندێک برادەرن بەس ستایشی خۆیان دەکەن،راست ناکەن".

ئەو شێوە وەڵامە، منی تووشی شۆک کرد چونکە ئەو رۆژنامەنووسە، دەبێت بە ئەمانەتەوە راستییەکان باس بکات. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو لەبەردەم ئێمە بەنموونە دەمانهێنێتەوە، باشترین بەڵگەش دیدارێک بوو ساڵی پار لەگەڵم ئەنجامدا و لەرۆژنامەی ئاوێنە بڵاوکرایەوە. ئینجا دەبێ لەپشتەوە لە میدیاکان، چیترمان پێ بڵێت!.

کوردۆ، باش دەزانێت ئەوکارو چالاکیانە کۆمەڵێک برادەر نین! بەڵکو ئەوە رێکخراوێکە ئەم کارەی ئەنجامداوە، کە کاروچالاکییەکانی لە سوێد و کوردستان دیارە و لەسێ ساڵی رابردوودا،هێندەی سەرجەم پارت و رێکخراوە کوردستانییەکانی ئەم وڵاتە، خۆپیشاندانی بۆ بەردەم سەفارەتەکانی : ئێران، تورکیا، عێراق، ئەمەریکا، میسر ئەنجامداوە، سەرباری چەندین خۆنیشاندانی دیکە لە سەنتەری شار بۆ ناساندنی کێشەی کورد بەگشتی و تاوانە کۆمەڵکوژییەکان بەتایبەتی. بۆراستی ئەم وتانەشمان دەکرێت سەردانێکی پۆلیسی سوێد بکات ئەوکات دەزانێت چەند مۆڵەتی خۆپیشاندانمان وەرگرتوە.

دواتر دەڵێت "ستایشی خۆیان دەکەن"!، لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە رێکخراوێک بۆ یەکەم جار لەمێژووی کورد خەبات بۆ دۆسیەیەک بکات (ناساندنی هەڵمەتەکانی ئەنفال بەجینۆساید) کە ئەزموونێکی لە پێشووتری نەبێت، بتوانێت 42 ئەندام پەرلەمان و 3 پارت و 3 سەرۆک پارت و دەیان کەسایەتی سوێدی وا لێبکات واژۆی داوای بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال بکەن، ئەمە شتێکی بچووکە لای کوردۆ باکسی!؟ ئاخر هەموو کات کارە سەرەتاکان، سەرباری کەموکورتییەکانی، دەچنە ناو مێژوو. بەداخەوە حکومەتێکی نەخوێندەواری سیاسیمان هەیە، کە لە گرنگی ناوەندێکی وەک (چاک) تێ ناگات و گرنگی پێنادات کە تاکە رێکخراوە لەکوردستان و هەندەران رۆژانە کاروچالاکی بۆ کێشەی رەوای گەلەکەی ئەنجامبدات،نە دەیان رۆژنامەنووس و رۆشنبیری وەک کوردۆ باکسی. کە دەشڵێت من بۆ خۆشم زۆر هەوڵم بۆ ئەو دۆسیەداوە ؟ دەبێت ئەوە بڵێم لەسەرەتاکانی مانگی 10ی ساڵی 2006 دەستمان بەکەمپینەکە کرد، ئەوەندەی ئاگاداربم تا ئەوکات ئەزموونێکی بەر لە ئێمە نەبوو کە توانیبێتی واژۆی کۆمەڵێک ئەندام پەرلەمان و پارتی سیاسی بەدەستبێنێت. یەکێک لەو کارانەی ئەنجامماندا، پەیوەندیمان بە زۆر کەسایەتی چالاکی کوردی ناو پارتە سوێدییەکان کرد،چونکە هەر لەسەرەتاوە پێیان وتین ئێمە نازانین ئێوە کێن و چۆن ئیمزاتان بۆ بکەین ؟. بۆ مێژوو دەڵێم ئەو سێ کەسایەتییە کوردە کە دووانیان ئەگەر ئەندامی خۆشمان بن ( حەمەدۆستان و ئامینە کاکە باوە) بوون لەگەڵ کاک جەبار ئەمین، ئەوانەیتر هەموو بەبیانووی هەمەجۆر خۆیان دزیەوە. یەکێک لەوانەی پەیوەندیمان پێوە کرد ( کوردۆ باکسی ) بوو، بۆ مێژوو دەڵێم، داوامان لێکرد ئەو یاداشتەی کە بۆ پەرلەمانتارانمان نارد سەیرێکی بۆ کردین، لەگەڵ کۆکردنەوەی ئیمزای کەسایەتییە سوێدی و کوردییەکان کە ئەو سێ ناوی بۆ هێناین : خۆی وناڵین باکسی و مستەفاجان. ئیتر نازانم چیتری کردووە لەپشت ئێمە. دەبێت ئەوەش بڵێم کە ( مۆناسالین) پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەیە و سەرۆکی حیزبەکەیتی، ئێمە توانیمان ئیمزای پێ بکەین کەئەمرۆ کەسی یەکەمی سۆسیال دیموکراتە سەرباری ئیمزای چەند ئەندام پەرلەمانێکیان، بۆ کوردۆ باکسی هەوڵی نەدا؟

دواتر دەڵێت من دەزانم تاساڵی 2010 پەرلەمانی سوێدی مەسەلەی ئەنفال بە جینۆساید ناناسێت ! من نازانم کوردۆ باکسی چ عیلمولغەیبێکی پێیە ئاوا بڕیاردەدات. ئەوە بەندە بە کارو چالاکی کورد لەم وڵاتەدا و هاوکێشە سیاسیەکان، نەوەک بڕیارێکی رەهای کوردۆ باکسی، کەبێگومان ئەگەر وەک پارتە کوردستانی و زۆرینەی ئەندامە کوردەکانی ناوپارتەسیاسیەکان دابنیشین و بوونی زیاتر لە 50 هەزار کوردی خۆ بەفول نەتەوەیی زان کە 35 پارت وڕێکخراو داوایان لێ بکات لە بەردەم پەرلەمانی سوێدی خۆپیشاندان بکەین چونکە یەکەم جارە لەپەرلەمانی سوێدی گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرێت ئایا ئەنفال جینۆسایدە یان نا؟ کەچی 40 کەس ئامادەبێت، بێگومان تا ساڵی 2030 یش دانی پێدانانێن.

دەبێت ئەوەش بڵێین هەرلەم خۆپیشاندانە (کوردۆ باکسی) کە زانی ژمارەی خۆپیشادەران کەمە، وتی (کاری من زۆرە و دەبێت بچم ) چونکە ئەو تەنیا لەکاتی خۆپیشاندانە قەرەباڵخەکان ئامادە دەبێت و میک دەگرێت و خۆی دەکاتە خاوەنی.

کوردۆ باکسی باش دەزانێت لە وڵاتێکی وەک سوێد زۆربەی پارتەکان هاوسۆزن لەگەڵ کورد و ئەگەر فشاریان بخرێتە سەر ئەوا لەبەر بوونی دەیان هەزار دەنگدەری کورد، هەڵوێستیان دەگۆڕێت.

هەروەک چۆن لەهەر وڵاتێک ئێمە یان رێکخراوی دیکە کاری لەسەر ئەم دۆسیە کردووە پێشکەوتووە. دواتر کە دەڵێت پارتە گەورەکان لەپشتی نین ئەوەش راست نییە؟ پارتی سەنتەر دووەم پارتە سەرەتا هاتە پشتی، بەڵام لەژێر فشاری مۆدێراتەکان و سستبوونی ئێمە لەم بارەوە پاشەکشەی کرد. مونا سالین کەسی یەکەمی گەورەترین پارتی سوێدیە، دواتر ئێمە ساڵێک دەبێت بەهۆی دەیان هۆکارەوە نەمانتوانیوە درێژە بەم کەمپینە بدەینەوە. لێرەشدا ئەوە بەبیر باکسی دەهێنینەوە، بە خۆشحاڵیەوە لە 6/13 ی ئەمساڵ لەگەڵ ئەرمەنەکان خۆپیشاندانمان دەکرد کە ئێمە لەم بوارەدا زۆر لەپێش یانین. کە ئەوان بەردەوام بەنمونە دەهێنرێنەوە. ناشمەوێت بچمە سەر ئەوەی باس لەکوردۆ باکسی بکەم کە بەوە بەناوبانگە کارو چالاکی خەڵک بکاتە هی خۆی، خۆی بە چالاکی خەڵک بکاتە قارەمان هەروەک لە 2006/8/21 لەبەردەم سەفارەتی عێراق، یادی 20 ساڵەی هەڵەبجە کە ئێمە لەگەڵ رێکخراوی ومن ئاید خەڵکمان کۆکردەوە وچاک فرۆکەیەکی هەڵساند و هەزاران باڵۆنی هەڵدا کەچی ئەو لەمیدیاکان بووە قارەمان.

# سوپاس بۆ دەرخستنی راستییەکان، بەڵام..!

ئاشتی شەهباز

"نەک هەڕەشەم لە ئافرەتە چینیەکان نەکردووە بەڵکو هاوکاریشم کردوون" ئەمە ناونیشانی روونکردنەوەی ئەو کوڕەیە کە هەڕەشەی کوشتنی لە بەندە کرد، دوای دەربازکردنی دوو ئافرەتی چینی لەدەستی.

لەنجە عەبدوڵڵا کە لەژمارە 17ی رووداو ئەو بەدواداچوونەی کردووە، ئەوەی راپۆرتەکەی بخوێنێتەوە دەزانێ راستیەکان چین، ئەم دوو کچە لە سەنتەری نەوا بوون و لەنجەخان راستی کێشەکەیانی لەسەرزاری خۆیان گواستۆتەوە، دیارە کەسێک مەترسی لەسەر ژیانی نەبێ ناخرێتە ئەم سەنتەرە، ئەم دوو کچە رۆژێک بەر لە دیدارەکان لەلایەن بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر رەوانەی ئەم سەنتەرە کران، ئەگەر پۆلیس دڵنیانەبێ کەوا بەراستی هەڕەشەیان لەسەر رەوانەی سەنتەریان ناکات.

ئەو کوڕە کە ناوی (ئاشنا)یە لە روونکردنەوەکەیدا باس لەوەدەکات گوایە هەندێ شتی هەڵەی دەبارە گوتراوەو لە شوێنێکدا دەڵێ "رۆژی 2008/6/30 من ئەم دوو ئافرەتە چینیەم بە رێکەوت ناسی و بەهۆی ئەوەی کە شارەزای زمانی ئینگلیزی بووم داوای هاوڕێیەتیان لێکردم و منیش بۆئەوەی لەسنوور لانەدەن کە کۆمەڵگەی کوردی دابونەریتی تایبەت بەخۆی هەیە داواکەم قەبووڵکردن". لەوەدا راست دەکەی کە هاوکاریت کردوون، بەڵام نەک ئەو هاوڕێیەتیەی کە ئەوان داوایان لێکردبی، بەڵکو ئەوان بەهۆی بێکەسی و بێ لانەییەوە داوای یارمەتیان لە تۆ کردووەو تۆش ئەم دەرفەتەت قۆستووەتەوە بۆ مەرامە تایبەتییەکانت، وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر پێیگوتی (.....) کە وشەکە شایستەی خستنە سەر رووپەڕی رۆژنامە نییەو گوتی "گەر هەر بازرگانیکەری لە نێوان (لەشکرو فرۆشیار)دا بچۆ لە (......) ئەم کارە بکە" لەنجە خانیش ئەوکاتە لەوێ بوو بۆ شایەدی ئەم راستیە، دواتر لەسەر ئیفادە وەرگرتنی کچەکان تۆ لەلایەن پۆلیسەوە داواکرای، نەک بۆ چای خواردنەوە.

ئەم کوڕە لەبەردەم بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر گوتی (ئەمانە هیچ قەرزارم نین)، کەچی لەلای من دەیگوت پارەیەکی زۆری لەو کچانە سەرف کردووە بۆیە منیش ئەمەم بە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر راگەیاند، کەچی لە روونکردنەوەکەی دیسان دەڵێ "بڕی 1000 تا 1500 دۆلارم لە پێناو کێشەو گرفتەکانی ئەم دوو ئافرەتە سەرف کردووە".

ئەو ئافرەتانە بەهۆی بێ جێگەیی و بێ پارەیی و بێ خاوەنی، من پێشینیاری ئەوەم خستە بەردەمیان کە دەتوانن لە ماڵی من بمێننەوە تا کێشەکەیان چارەسەر دەکرێت یان لایەنێک خۆی لێدەکاتە خاوەن (کە تا نووسینی ئەم وەڵامەش کەس هەواڵی نەپرسیوون)، ئەو کوڕە باش دەزانێ بۆچی ئەوانەم بردەوە ماڵی خۆم، کەچی دواتر هەر خۆی لە شوێنێکی دیکەدا لە شێوەی پرسیارو گومان دەڵێ: "ئاشتی کە ئەم ئافرەتانەی لە ماڵی خۆی داناوە هیچ لایەنێک لێپرسینەوە لەوە ناکات ئایا بۆ تا ئێستا ئەم دوو ئافرەتەی لای خۆی هێشتۆتەوە".

منیش دەپرسم ئەو ئافرەتە بیانیانەی بە مەبەستی کارکردن دەهێندرێنە کوردستان، کەس هەیە بەرپرسیاریەتیان هەڵبگرێ لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی هەر حاڵەتێکی لەم جۆرە؟ ئەگەر نییە بۆچی؟ یان لە کوێن کە بە دەیانیان رووبەڕووی کێشەی جۆراوجۆر بوونەتەوە؟ بۆچی حکومەت بەرپرسیاریەتیان هەڵناگرێ؟ ئەو کوڕە راست دەکات، کاتێک دەپرسێ بۆچی لێپرسینەوە لەسەر ئەوە ناکرێت کە تا ئێستا بەندە ئەو دوو ئافرەتەم لای خۆم هێشتۆتەوە. پرسیارو گومانەکەی روونە، پێیوایە کەس نەماوە بەبێ بەرامبەرو بێ هیچ مەرامێک یارمەتی کەسێک بدات، ئەم تێگەیشتنەی باکگراوندی خۆی هەیەو لە روانگەی خۆیەوە قسە دەکات، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو کەسانە زەحمەت دەدۆزرێنەوە ئامادەی هاوکاری و یارمەتی کەسانی دیکەیان هەبێ بەبێ هیچ مەبەستێک.

لەبەشێکی دیکەدا دەڵێ: "سەبارەت بەوەی کە من لە پۆلیس دەستگیرکرابم وەک ئەوەی لە راپۆرتەکە بڵاوکراوەتەوە من بە هیچ شێوەیەک دەستگیر نەکرام و پێنووسیش نەهاتۆتەوە نێو پەنجەکانی من بۆ ئەوەی بەڵێننامە بنووسم تەنیا ئەوەندە نەبێت کە چیتر پەیوەندیم بەم ئافرەتانەوە نەبێت و منیش زۆر بە ئاسایی قبووڵم کرد". بەڵێ، منیش پێنووسم لەنێو پەنجەکانی نەبینی و بۆ تەنها یەک کاتژمێریش دەستگیر نەکرا، ئەو وێنەیەی لەگەڵ روونکردنەوەکەیدا بڵاوکراوەتەوە وێنەی مۆبایلی مایوفینەو گوایە بۆ خۆشی و پێکەنین ئەم نامەیەی ناردووە، ئەمە نەبووە بەڵگە بۆ پۆلیس، هەروەها ئیفادەکانیشیان.

ئەگەر ئەم دوو ئافرەتە لێرە بێ خاوەنن، بەڵام بێ وڵات و بێ حکومەت نین، پێموایە ئەمە باش لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکەوێ، ئەو رۆژەی ئەم دوو کچەم برد بۆ دۆزینەوەی کارو لە رێگا بووین ئەو کاتەی ئەو کوڕە بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردم، کە گوتم کارم بۆ دۆزیونەتەوە تووشی شۆک هات و کەوتە هەڕەشەکردن لەوەی جێگەی کارو شوێنیانم پێنەگوت، دواتر داوای کچەکانی کرد ئەوانیش ئامادەی وەڵامدانەوەو شوێنیانیان نەبوون و دەیانویست لەو کوڕە ون ببن، چونکە داوای شتی دیکەی لێکردبوون، شایەدی ئەم قسانەشم هەیە، هەروەها ئەو شەوەی کە لە سەنتەری نەوا مامەوە بە هۆی بارودۆخی خراپی دەروونی کچەکان، چەندین جار بە تەلەفۆن بێزاری کردم و شایەدی ئەوەشم هەیەو دەنگیشی بە تۆمارکراوی لامە. بەڵام هۆی سکاڵانەکردنم لە بەرامبەر ئەو کارەی دەرهەق بە بەندەو هەڕەشەو شکاندنی حورمەتی ماڵم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا کاتی هاتوچۆکردنی دوو سێ ساڵم نییە، لە نێوان دادگا و بنکەکانی پۆلیس.



## چارەسەری نەخۆشییەکانت لای زەکەریایە

تایبەت بەڕووداو

◆ سەرچاوەیەکی نزیک لە هونەرمەند زەکەریا بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە زەکەریا جگە لەکارە هونەریی و بازرگانییەکانی خۆی، بەردەوام یارمەتی هەژاران دەدات. ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، زیاتر ڕوونیکردەوە و گوتی "زۆر کەس ڕاپۆرتی تەندروستییان هێناوەتە لای زەکەریا کە چارەسەری نەخۆشییەکانیان لەدەرەوە بووە، ئەویش خەرجی چارەسەرییەکانی گرتووەتە ئەستۆی خۆی و هەندێکیشی ناردوونەتە دەرەوە". سەرچاوەکە گوتیشی، جگە لەوە چەندان کەسی دیکەش لەلایەن زەکەریاوە یارمەتیدراون بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان کە لەبارێکی ناڵەباری داراییدا بوونە.

## UN شانازی بە 2 منداڵی کوردەوە دەکات

**ڕووداو- کرماشان**

دوو منداڵی کوردی کرماشانی لەدەیەمین پێشانگای نێودەوڵەتی نیگارکێشی لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانUNەوە بڕوانامەی شانازیان پێبەخشرا.

کۆمەڵەی پەروەردەیی بیری منداڵان و نەوجەوانانی ئێران ڕایگەیاند کە لەپێشبڕکێی هاوبەشی ئاشتی، UN لەنێو 250 بەرهەمی نیگارکێشی منداڵان و نەوجەوانانی جیهاندا کە بەشداری ئەو پێشانگا نێودەوڵەتییەی نیگارکێشانیان کردبوو، بەرهەمەکانی مێهرۆ سەفاپووری تەمەن 10 ساڵان و حامید بەهرامی تەمەن 14 ساڵ، بەیەکەم هەڵبژاردن و بڕوانامەی شانازی پێبەخشین.

## کوردستان تیڤی لەخەون دا یەکەم بوو

**ڕووداو-خەون**

لەڕاپرسییەکدا کە 444کەس بەشدارییان تێدا کردووە، ماڵپەڕی (کوردستان تیڤی) بەکۆی 187 دەنگ بووە باشترین ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

لەڕاپرسییەکی ماڵپەڕی خەون دا، لەماوەی نێوان 5/1 تا 2008/8/31 بۆ دەستنیشانکردنی باشترین ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بەبەشداری ئەو کەناڵانە (زاگرۆس، کوردسات، کوردستان تیڤی، ڤین تیڤی، سەتەلایتی نەورۆز، ڕۆژهەڵات تیڤی، تیشک تیڤی، کورد کەناڵ، کۆمەڵە تیڤی، ڕۆژ تیڤی، کەناڵی نەورۆزی ئەورووپا، MMC) لەکێبڕکێیەکی گەرمدا، ئەنجامی کۆتایی ڕاپرسییەکە بەم شێوەیە بووە: ماڵپەڕی (کوردستان تیڤی) بە کۆی 187 دەنگ پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

بەپێی ڕاپرسییەکە کەناڵەکانی دیکەش بەپێی ڕیزبەند پلەی دووەم تا کۆتاییان بەدەستهێناوە کە بەوشێوەیەیە: ماڵپەڕی کەناڵی (کوردسات) 101 دەنگ، ڤین تیڤی 92 دەنگ، زاگرۆس تیڤی37 دەنگ، ڕۆژ تیڤی7 دەنگ، سەتەلایتی نەورۆز5 دەنگ، کورد کەناڵ 4 دەنگ، ماڵپەڕەکانی MMC، تیشک تیڤی، کەناڵی نەورۆزی ئەورووپا 3 دەنگ، ماڵپەڕەکانی ڕۆژهەڵات تیڤی، کۆمەڵە تیڤی 1 دەنگ.



## کاساری کورد بووەتە جیهانی

سینەماکاری جیهانی بەڕەچەڵەک کورد، ئەمیرە کاسار، لە فیسیڤاڵی سینەمایی ڤینیسیای ئیتاڵیا سەرنجی وێنەگرانی ڕاکێشا، کاتێک خۆی و تیمی فیلمە تازەکەیان (ئەمشەو) گەیشتنە فیستیڤاڵەکە، کە یەکێکە لەو فیلمانەی پاڵێوراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی شێری زێڕینی فیستیڤاڵەکە.

ئەمیرە کاسار ئەکتەرێکی بە ڕەچەڵەک کوردی دانیشتووی بەریتانیایە. لە 1971/7/1 لە باوکێکی کوردو دایکێکی ڕووسی لەدایکبووە. دایکی ئەمیرە گۆرانیبێژی ئۆپێرا بووە. ئەمیرە لە بەریتانیا و ئێرلەندا گەورەبووە. سەرەتا وەکو نمایشکاری جلوبەرگ لەلایەن وێنەگر هێلمۆت نیوتن بەهرەکانی ئاشکراکراون.

ئەمیرە کاسار بەشداری لە زیاتر لە 30 فیلمدا کردووە لە زۆربەیاندا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە،تائێستا چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە.



## بەنهێنی زەماوەندی گێڕا

نانسی عەجرەم، هونەرمەندی لوبنانی دوو ساڵ بوو ئەوەی ڕەتدەکردەوە کە پەیوەندی دڵداری لەگەڵ پزیشکی نێوداری ددان، فادی هاشم هەبێ، تەنانەت کە دوو هەفتە پێش ئێستا بڵاوکرایەوە، کە لە مانگی ئەیلول بە بووک دەچێ دیسان زۆر بەتووندی ئەوەی ڕەتکردەوەو گوتی "هەر کە بڕیارمدا ئەو پەیوەندییە ببەستم بەخۆم ئاشکرای دەکەم، بەڵام ئەوە تا ساڵێکی دیکە نابێت".

هەربۆیەش دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر بەسەرسوڕمانەوە ڕۆژی 2008/9/4 ئەو بەیاننامەیان لە نووسینگەی نانسییەوە وەرگرت" نووسینگەی هونەرمەند نانسی عەجرەم ڕادەگەیێنێ کە زەماوەندی نانسی لەگەڵ پزیشکی نێوداری ددان فادی هاشم لەڕۆژی 2008/9/1 لە دوورگەی قوبرس بەڕێوەچوو".بەپێی هەواڵەکان جگە لە خێزانی هەردوو و چەند خزمێکیان کەسی دیکە بۆ ئەو ئاهەنگە بانگەنکرابوو و بۆ بەسەربردنی مانگی هەنگوینیشی بەرەو دوورگەیەکی ئیتاڵی فڕین.

## ناودارانی سلێمانی کۆدەکرێنەوە

**ڕووداو — سلێمانی**

لەسەرەتای مانگی 7ئەمساڵەوە، شارەوانی سلێمانی پەیکەری عەبدولڕەحمان پاشای بابانی لەبەردەرکی سەرای سلێمانی لابردو سەرچاوەیەکیش لەشارەوانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کەلەبەرنامەیاندایە ئەو پەیکەرە بەشێوەی برۆنز دروست بکەنەوەو هەموو ناودارانی سلێمانی، لەناوپارکی ئازادیدا کۆبکەنەوە.

کامەران حەمە ساڵح، لێپرسراوی بەشی باخچەکان لەشارەوانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەمانەوێت پارکی پەیکەر دروست بکەین، کە ئەو پارکە تایبەتە بەپەیکەری هەموو کەسایەتییە ناودارەکانی سلێمانی و ئێستا کاری تێدا دەکەین". گوتیشی "ئەو پارکە لەناو پارکی ئازادیدا دەبێ".



## سەدام ل سەر زێ مەزن هاتە دیتن

**عەبدوڵڵا عەلی**

**ڕووداو-ئامێدیێ**

سەدام حسێن ل سەر ڕووبارێ زێ مەزن ل ڕۆژهەلاتێ ناحیا دێرەلوکێ هاتە دیتن، کو دگەل چەند هەڤالەکێن خۆ دا هاتبووە مەلەڤانیێ.

کارکەر حسێن، تەمەن 13 ساڵ، کو دناڤا هەڤال و کەسوکارێن خۆدا یێ بەرنیاسە ب سەدام، چێروکا ناڤێ خۆ بۆ (ڕووداو) ڤەگێڕا و گۆت"وەکی دایکامن ڤەگێڕای دەمێ ئەز پەیدابوویم ناڤێ من کرە کارکەر بەلێ پشتی ساڵەکێ سەرو چاڤێن من دخرپوون و دایکامن ب ناڤێ سەدام گازیدکرە من و ژبەرکو ناڤێ بابێ من ژی حسێنە لەوڕا دایکامن بڤی ناڤی گازی دکرەمن هەتا نۆکەژی مالامە و هەڤالێن من دبێژنە من سەدام".

کارکەر کو پێ نەخۆشە دبێژنە وی سەدام گۆت"بۆ من نەخۆشە دەمێ بڤی ناڤی گازی دکەنە من، ژبەرکو سەدام کەسەکێ زلمکار بوو و سەدامی زلمەکا مەزن بسەرێ کوردان ئینا، لەوڕا من نەڤێت بێژنە من سەدام".



## کچە ئیسرائیلییەک خەڵاتی مرۆڤایەتی وەردەگرێ

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری سینەمای ئەمریکی بەرەگەز ئیسرائیلی، ناتالی پورتمەن، لەفێستیڤاڵی سینەمایی ڤینیسیا، خەڵاتی مرۆڤایەتی پێبەخشرا.

ناتالی پورتمەن کە ئێستا سەرقاڵی دەرهێنانی کورتە فیلمێکە بەنێوی IF و دیمەنەکانی لە فێستیڤاڵی سینەمایی ڤینیسیا وێنە دەگیرێن، لەلایەن دەستەی ڕێکخەری فیستیڤاڵەکە خەڵاتی مرۆڤایەتی پێبەخشرا.ئەو دەستەیە هۆی ئەو خەلاتبەخشینەی بە ناتالی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەو لە فیلمەکانیدا زۆر گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی داوە. خەڵاتەکە بریتییە لە 50 هەزار دۆلاری ئەمریکی، جگە لەدروستکردنی پەیکەرێکی یادگاری بۆی.

## بەختی ڕووداو

**کاوڕ**
Mar 21-Apr 19

هەندێک پارە بۆکاتی پێویست پاشەکەوت بکە، هەندێک پلان دابنێ بتگەیێنێتە چەند شوێنێکی نوێ، ئاگاداربە هیچ زانیارییەکی خۆت و پیشەکەت مەدرکێنە، کەللەڕەقیت زۆر کارت لێ تێکدەدات.

**تەرازوو**
Sep 23-Oct 23

ئەوانەی بەتۆ سەرسامن چاوەڕێی دەرفەتێکی لەبار دەکەن بۆ ئەوەی سەرسامی خۆیانت بۆ دەربڕن، ڕێکوپێکی و جوانییەکانت بپارێزە، مەچووە نێو هەموو مامەڵەیەکی دارایی، ئەگەر ئەنجامەکەیت بۆ ڕوون نەبێت.

**گا**
Apr 20-May 20

پەیوەندییەکانت زۆر باشن، با خەم ساردییەکانت نەبنە هۆی لەدەستدانیان، دەرفەتێکی باش لەپێشە بۆ بەدەستهێنانی چەند هەواڵێکی خۆش، باشتروایە سەردانی دۆست و خزمەکانت بکەی لەجیاتی ئەوەی لەماڵەوە بمێنیتەوە.

**دووپشک**
Oct 24-Nov 21

پێویستە بڕو بیانوو مەهێنیەوە بۆ بەرنامەی مەشقێکی وەرزشی، کە زۆر سەرقاڵیت یان هیلاک و ماندوویت لەبەر ئەوەی وەرزش سوودی دەروونیت پێدەگەیێنێت، دوو دڵ مەبە لەو پرۆژە بچووکەی تایبەت بەخۆت، ڕای هاوڕێکانت وەربگرە تاکو سەرکەوتوو بیت.

**جمک**
May 21-Jun 21

تواناکانت بەشێوەیەکی باش بە کار بێنە ئەوکاتە دەتوانیت بگەیتە چەند خاڵێکی باش لەگەل بەڕێوەبەرەکەت، خەیاڵ ڕۆیشتن کێشەت بۆ دەنێتەوە، سۆز و خۆشەویستی بە هاوبەشەکەت ببەخشە لەبەر ئەوەی ئەو زۆر خۆشەویستیت پێدەبەخشێ.

**کەوان**
Nov 22-Dec 21

بەهیچ شێوەیەک داوای قەرز لەکەسانی دەوروبەرت مەکە، ئێستا کاتی ئەوە ڕەخساوە داوای هاوکاری لەکەسانێکی نزیکت بکەی، پەیوەندییە ڕۆمانسیە نوێیەکانت لەخاڵی سفرەوە دەست پێبکە، بەخت یاوەرتە کە لە لایەنی داراییەوە یارمەتی بدرێییت.

**قرژاڵ**
Jun 22-Jul 22

هاوڕێیەکت یارمەتیتدەدا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانت، چەند پەیوەندییەکی ڕۆمانسی نوێ بەڕێوەن، بەڵام پێویستە لەوە دڵنیا بیت هەنگاوەکانت دوور بن لەخۆپەرستی بەر لەوەی هیچ بڕیارێک بدەیت، کاتێکی باشە بۆ ئەوەی چەند کەسانێک بناسیت.

**کارژۆلە**
Dec 22-Jan 19

هاوڕێیەکی کۆنت هاوکارییەکت پێشکەش دەکات ڕەتی مەکەرەوە، تۆ ڕا ڕایت و بیر کردنەوە بە لاتەوە گرانە، بگەڕێوە سەر ئەو ڕێگایانەی خۆتی تێدا دەدۆزیتەوە، بە دوای کارو مامەڵەدا بگەڕێ و لانیکەم ئەو شتانە بکرە کە پێتوایە پێویستت پێیەتی.

**شێر**
Jul 23-Aug 22

مامەڵە داراییەکانت سەرکەوتن بە دەستدێنن،ڕێگا بە گرفتە بچووکەکانی ڕۆژانە مەدە ژیانت بشێوێنن، کەناڵەکانی پەیوەندیکردن پێویستە کراوەو ڕاستگۆیانە بن، لەوانەیە گلەییت لە ڕەوشی ئێستای خۆت هەبێت، بەڵام زوو چارەسەر دەبێ.

**سەتڵ**
Jan 20– Feb 18

خۆشەویستی ئێستاکەش لەگەڵتدایەو لەشادییەکی تەواو دەژیت، خۆت لەکێشە ناوخۆییەکان بەدوور بگرە، پەیوەندییەکی باشت لەگەڵ هاوڕێیەکتدا دەبێ، ئاگاداربە ڕێگا بە هیچ کەسێک مەدە دەستبەسەر ئەنجامی ئەو کارە دا بگرێت کە تۆ ئەنجامتداوە.

**گوڵەگەنم**
Aug 23-Sep 22

بەزیری هەڵسوکەوت بکە و خۆت لەهەڵچوون و تووڕەیی دوور خەرەوە، بایەخ بە کارەکەت بدەو خۆت لەکێشە سۆزدارییەکان بەدوور بگرە، لەکاتی چوونە بازاڕ دەست بڵاو مەبە، دەتوانی هەڵوێستی خۆت لەگەڵ هاوبەشەکەت چاک بکەیتەوە بەڕێگای بەسەربردنی کاتێکی خۆش.

**نەهەنگ**
Feb 19-Mar 20

ئاگاداری ڕەوشی دارایی خۆت بە لەبەر ئەوەی پێدەچێت شڵەژاو بێت و، تۆش هەروەکو خۆت سەرگەردانی، بەڵام شتێکی وا نییە مایەی نیگەرانی بێت، زۆر بیر لەسەفەر دەکەیتەوە، بەڵام پێویستە لەوە دڵنیا بیت کارەکەی خۆت بەبێ دواخستن ئەنجامدابێت.

## نوێترین ڕۆمانی ئۆرهان پاموک: مۆزەخانەی بێتاوانی

**ڕووداو- ئەڵمانیا**

ڕۆژی 2008/8/30 نوێترین ڕۆمانی نووسەری تورک بەناوی (مۆزەخانەی بێتاوانی- مەعسومییەت مویزەسی) کەوتە کتێبخانەکانی تورکیاوە. ئەمە یەکەم ڕۆمانی پاموکە لەدوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەبیات — 2006 و یەکەم کاری ئەوە کە سەرانسەر بۆ ئەڤین و ڕۆمانسی تەرخان کرابێ. بەڵام وەک ئەوەی لە سەرجەم ڕۆمانەکانی تریشیدا کردوویەتی، ئاوڕی لە ڕەهەندەکانی دیکەی ژیان و وردەکارییەکانی ڕۆژانەی مرۆڤیش داوەتەوە.

(مۆزەخانەی بێتاوانی) لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئیلەتیشم) لە ئیستەنبوڵ دەرچووە و سەرجەم لە 592 لاپەڕە، 3071 پەرگراف و 140366 وشە پێکهاتووە. ئەم کتێبە، لەدوای ڕۆمانی (جەودەت بەگ و کوڕەکانی — 1982، 616 لاپەڕە)، درێژترین ڕۆمانی ئۆرهان پاموکە.

بیرۆکەی ڕۆمانەکە پشت بە چیرۆکێک دەبەستێ کە نووسەر لە سەردەمی منداڵیی خۆیدا گوێی لێ بووە، بەڵام گۆڕیوێتی و بەرگێکی دیکەی بەبەردا کردووە. نووسەر کارێکی وای کردووە ڕووداوەکانی (مۆزەخانەی بێتاوانی) لە شاری ئیستەنبوڵی زێدی خۆی بقەومێن و ڕووداوەکانیش چەند ڕەهەندێکی وەک مێژوو، پێوەندیی سۆزداری، قەیرەیی، زگوڕتێتی، پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری و تەڵاق و جیابوونەوە لەخۆ دەگرن. پاموک لە نوێترین ڕۆمانیدا هەوڵدەدای دۆزینەوەی وەڵامە بۆ پرسیاری "کرۆکی خۆشەویستی چییە؟" و ڕووداوەکانی "مۆزەخانەی بێتاوانی" لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەست پێدەکەن و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان درێژ دەبنەوە. نووسەر هەوڵدەدات لەم ڕۆمانەدا ڕایەڵەیەک لە نێوان هەردوو چەمکی "خۆشەویستی" و "مۆزەخانە"دا ڕابکێشێ، چونکە کرۆکی بابەتەکە پەیوەستە بە "پاراستنی شتومەک"ەوە و دەپرسێ بۆچی ئەم شتومەکانە دەپارێزین، ئایا لەبەرئەوەی چێژ و خۆشیمان لێ وەرگرتوون، یاخۆ لە سۆنگەی ئەوەوە کە بەلامانەوە گرینگن؟ بۆچی دەمانەوێ بیانپارێزین و هەڵیان بگرین بۆ نەوەکانی داهاتوو؟ ئایا ئەمە بەڵگەیە بۆ خۆشەویستی.



کەمال، کوڕی خێزانێکی دەوڵەمەندی خاوەن کارگەی قوماشە لە خوێندندا سەرکەوتووە. فویسونی شۆخ تەمەنی هەژدە ساڵە و کچی خێزانێکی هەژار و خزمێکی دووری خێزانی کەماڵە. ناوەڕۆکی (مۆزەخانەی بێتاوانی) لە خوولگەی ئەڤینی نێوان کەمال و فویسوندا دەخوولێتەوە.

ئۆرهان پاموک ساڵی 2002 و ماوەیەکی کورت دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی بەفر، دەستیکردووە بە نووسینی (مۆزەخانەی بێتاوانی). دواتر ساڵێک ئەم ڕۆمانە وەلاوە دەنێ و دەست بە نووسینی کتێبی (ئیستەنبوڵ) دەکات. پاش تەواو کردنی و بڵاوبوونەوەی لە ساڵی 2003دا، دەگەڕێتەوە سەر ڕۆمانی (مۆزەخانەی بێتاوانی) و بێ پسانەوە پێنج ساڵی ڕەبەق سەرقاڵی نووسینی دەبێ. پاموک لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا، 2001-2008، لە زانکۆی بۆغازجی لە ئیستەنبوڵ، تیلبورگ لە هۆڵەندا، زانکۆی ئازادی بەرلین لە ئەڵمانیا، زانکۆی جۆرج تاون لە ئەمەریکا، زانکۆی مەدرید لە ئیسپانیا و زانکۆی ئەمەریکی لە لوبنان، دکتۆرای شانازی وەرگرت. هەر لەو ماوەیەدا نووسەر بووە ئەندامی شانازیی ئەکادیمیای هونەر و ئەدەبیاتی ئەمەریکا و ئەکادیمیای زانستی مرۆیی چین و لە ڕێی ڕۆیشتنیدا بۆ وەرگرتنی ئەو گشت دکتۆرا و خەڵاتانە، لە فڕۆکەدا بە ئاسمانەوە و لە ماوەی حەسانەوە لە ژووری هوتێلەکان و تەنانەت پێش دەست پێکردنی کۆڕ و کۆبوونەوەکانیش، هیچ پشووی نەدا و سەرقاڵی نووسینەوەی (مۆزەخانەی بێتاوانی)بوو.

(مۆزەخانەی بێتاوانی) بە تەنیا ڕۆمانێک نییە، بەڵکو لە هەمانکاتدا ناوی مۆزەخانەیەکیشە کە ئێستا لە چوکورجوما بۆ پاموک بنیاد دەنرێ. پاموک بەدرێژایی نووسینەوەی ئەم ڕۆمانە، سەردانی دەیان مۆزەخانەی وڵاتانی جیهانی کردووە و هەوڵیداوە بزانێ شتومەک لە مۆزەخانەکاندا چۆن دەپارێزرێن.

(مۆزەخانەی بێتاوانی) هێشتا لە قۆناخی نووسینەوەدا بوو کە مافی وەرگێڕانی بۆ 30 زمانی جیهانی وەرگیرا. چاوەڕێ دەکرێ هەفتەی دووەمی ئەم مانگە، چاپیی ئەڵمانیی ڕۆمانەکە لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (هانزەر)ەوە بخرێتە بازاڕەکانی کتێب لە ئەڵمانیا و لە وڵاتانی دیکەی ئەڵمانی زمان.

هەروەها پاموک دوو وتاری دەربارەی چۆنێتی نووسینی ڕۆمانی (مۆزەخانەی بێتاوانی) نووسیوە و چاوەڕێ دەکرێ لە ڕۆژانی داهاتوودا وتارەکان لە تورکیا و چەند



نەبەز گۆران
Nabaz.goran@yahoo.com

# کورد، تەنیاترین جەنگاوەری ڕۆژهەڵاتە!

## باسیاسیەکانمان وەک گرووپێکی هەڵپەرکێ بۆ دۆزینەوەی دۆستی نوێ دەستی یەکبگرن

لە رابردوودا جیهانی کورد جیهانی خوێن بوو، جیهانێک بوو لەژێر زەبری دراوسێکانیدا دەینالاند، جیهانێک بوو هەمیشە لەلایەن دراوسێکانیەوە لەپێش چاوی دونیا هەوڵی سڕینەوەی ئەو شوناسەی دەدرا کە کوردبوون بوو، ئێستاش سێ پارێزگامان بەدەستەوەیە چاوی هەموو دونیا کەوتووەتە سەرمان، برێک لەوچاوانە دەیانەوێت کورد وەک خۆی ببینن،هەندێکیشیان مەبەستیانە جارێکی دی مێژووی خوێن بۆ ئەم میللەتە دووبارە بکەنەوە!

هەمیشە چەمۆڵەی دراوسێکانمان تیژترین چەمۆڵە بووە بۆسەربوونمان لەم خاکەدا، بەڵام ئەمڕۆ بەهەرجۆرێک بێت دەمانەوێت خۆمان لەژێر چنگی ئەو هەموو چەمۆڵانە رزگاربکەین و هەناسەیەک بدەین،ئەم خۆ رزگارکردنەش کارێکی هێندە ئاسان نییە بتوانین بەیەک خۆ راچڵەکاندن ئیدی هیچ مەترسییەک لەسەر سڕینەوەی بوونمان نەهێڵین، ئەم هەفتەیە یەکێک لەبەرپرسە باڵاکانی کورد بەپێکەنینەوە پێیوتم" خۆشترین زەمەن بۆکورد ئێستایە، چونکە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان کوردێک نابینی سەرقاڵبێت بەکوشتنی کوردێکی دیکەوە، هێزێکی کوردی نابینی دژی هێزێکی دیکەی کورد شەڕی براکوژی بکات، ئەم حاڵەتەش حاڵەتێکی دڵخۆشکەرە کە وادەکات ئیدی کوردیش دەیەوێت وەک تیمێک بەشوێن مافەکانی خۆی بکەوێت و ئامادەنییە جارێکیتر یەکدی بکوژن". ئەگەر سیاسیەکانی کورد گەیشتبنە ئەو باوەڕەی شەڕەکانی سەرخوانی کورد ببەنە دەرەوەی ماڵی کورد کارێکی باشە، بەڵام ئەگەر زەبری زەمەن ناچاریکردبن یەکدی قبوڵ بکەن ئەم بێدەنگیەی کورد بەرامبەر بەیەکدی هێشتا لە مەترسیدایە.

دراوسێکانی کورد هەمیشە جێگەی مەترسین لەسەر ژیانی یەک بەیەکی تاکەکانی ئەم وڵاتە، رەنگە ئەوان لەشوێنێکدا دۆستایەتیمان بکەن، بەڵام لەکەلێنێکی دیکەوە هەوڵی کاڵکردنەوەمان دەدەن، وەک چۆن عەرەبە شیعەو سووننەکان بەو هەموو دژایەتیەی یەکدیەوە تیمێکی بەهێزن دژ بەکورد، گرنگە لەمڕۆدا ئێمەش پێکەوە وەک گرووپێکی هەڵپەرکێ سیاسیەکانمان دەستی یەکبگرن و بەشوێن دۆستی نوێدا بگەڕێن بۆ هەرێمەکەمان. راستە دەسەڵاتی هەرێمەکەی ئێمە چەندین برینی لەسەر رۆحی یەک بەیەکمان دروستکردووەونەیتوانی دەسەڵاتێکی عادل و پاک بێت، وەلێ لەو شوێنەی مەترسی کەوتە سەر ئەم هەرێمە واتای مەترسییە بۆ سەر ژیانی هەموومان، من هەمیشە وتومە کوردێکی بێئەزموونم پێباشترە لە عەرەبێکی یان تورکێکی بەعەدالەت. رەنگە ئەمەش پەیوەندی بەوەهەبێت بۆنەوەی ئێمە زۆر زەحمەتە بتوانین جارێکی دی لەژێر سێبەری دەسەڵاتی بێگانەیەکدا بژین، ئەگەر ئەو ئازارەی ژێرسێبەری بێگانە بۆ نەوەکانی پێش ئێمە سەخت بووبێت، بۆئێمە زۆر سەختترە، چونکە ئێمە وا راهاتووین ململانێکانمان لەگەڵ ئەو بەرپرسانەبێت کە بە کوردی قسەدەکەن و دەتوانین قسەیان لەگەڵ بکەین، ئەو چەند ساڵەش کە ئازاریان بەهەمووماندا گەیاند هەرگیز ئازارەکانی ئەوان هێندەی برینێکی بچووکی بێگانەیەک سەخت نییە.

ئەمجارە سیاسیەکانمان توانیان لەگەڵ سوپاکەی عێراق و دەسەڵاتی شیعەکانی عێراق نەهێڵن خانەقین و ناوچەکانی بکەونە ژێرهەیمەنەی عەرەب، بەڵام خۆ ئەمە کۆتایی یارییەکە نییە، ئەمە زەنگێکە بۆ ئێمەی کورد کە هەست بکەین لەم ناوچەیەدا تەنیاین، هیچکات وڵاتانی دراوسێمان ئامادە نەبوون پشتمان بگرن، هێزی ئەمریکاش هێزێکی بەرژەوەندی خوازەو مامەڵەی ئەو لەگەڵ عێراقدایە نەک لەگەڵ هەرێمەکاندا، سیاسیەکانمان چیبکەن بۆئەوەی لە ململانێ سەختەکەی داهاتوو کە کەرکووکە سەربکەون؟ ئایا ئیدی پێویست نییە کورد لەبەغدا لەبری رێککەوتننامە لەگەڵ حیزبەسیاسیەکانی عێراق یاری بکات؟ هەروەک چۆن ئەوان دەبنەیەک بۆدژایەتی کورد گرنگ نییە ئەو یەکبوونە بەگەمەی سیاسی هەڵبوەشێتەوە؟! سیاسیەکانی ئێمە چەند هەوڵیانداوە لە راگەیاندنی عەرەبیدا کاریگەریان هەبێت تاکو لەرێگەی زمانی خۆیانەوە وێنەیەکی بەهێزی کورد پیشانی شەقامی عەرەبی بدەن؟! بەباوەڕی من جگە لەناوخۆی عێراق و کوتلە سیاسیەکانی ناو پەرلەمانی عێراق، پێویستە سیاسیەکانمان لەناو راگەیاندنی عەرەبیدا هەوڵی دروستکردنی لۆبیەکی بەهێزبدەن بۆ ئەم هەرێمە، بەبێ دروستکردنی لۆبیەکی بەهێزی پێکهاتوو لە رۆژنامەنووسی عەرەب و کەناڵی راگەیاندنی عەرەبی بۆپیشاندانی دیوە راستەقینەکەی کورد، زۆر زەحمەتە بتوانین ململانێی کوتلە لاوازەکانی شیعەو سوننەش بکەین لەناو عێراقدا، چونکە لەپشت ئەوانەوە هەمیشە راگەیاندنێکی بەهێزی عەرەبی هەیە، باشترین دەرگاش بۆئێستای ئێمە بۆ سەرنج راکێشانی شەقامی عەرەبی بۆچوونە ناو جیهانی عەرەبی بەئاراستەی خۆمان، دەرگای دەزگاکانی راگەیاندنیانە، چونکە راگەیاندنی عەرەبی لەمڕۆدا هەم چاوی عەرەبەو هەم زمانی عەرەب، تاکو چیدی تەنیاش نەبین لەم ململانێیانەی دراوسێکانماندا، با هەوڵبدرێت لەدەرەوەی عێراق جیاواز لەگەمە سیاسیەکانی ناو کوتلەکانی عێراق لۆبی رۆژنامەنووسی بۆ کورد دروست بکرێت و لەرێگەی ئەوانەوە بچینە ناو ژیانی سیاسی و ئاستی کۆمەڵایەتی دراوسێکانمان، بەتایبەتی عەرەب، ئەگەر توانرا ئەمە بکرێت سەرکەوتنێکی باشمان دەستدەکەوێت.

---



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# پەڕۆیەک لە سیستانی دادڕن

هەفتەی رابردوو سیستانی لە رێگەی یەک لە گوتەبێژەکانیەوە، رەخنەی توندی لە بەڵێنی درۆ و کەمتەرخەمیی حکوومەت لە بەرامبەر هاووڵاتیان گرت. سیستانی دەڵێ خوازیارین هەندێک لەوانەی ملیۆنان دۆلاری ئەم وڵاتەیان دزیوە و فشەفش بە سەر خەڵکیشەوە دەکەن و دڵنیاین ژمارەیان گەلێک زۆرە، لە بەردەم دادگەدا ببینین. سیستانی داوای لە هاووڵاتیانیش کردووە ئەو زوڵم و کەمتەرخەمی و دزییە قەبووڵ نەکەن و هەڵوێست بنوێنن .

مەلای کورد، لە رۆژانی هەینیدا، شارەکانی کوردستان بە هاوار هاوار، هەراسان دەکەن، بۆ رۆژێکیش هەر بە رێکەوت نەمبیست مەلایەکی کورد، رەخنە لە کەموکوڕی خزمەتگوزاریی بۆ هاووڵاتیان بگرێ، هەر بۆ دەرمان نەمبیستووە، مەلایەک لە سەر خۆشگوزەرانیی هاووڵاتی کوردستان، بە حکوومەت بڵێ لەل، پێناچێ بەم زووانەش ببینین، ئاخر ئاغای سیستانی، کە ئەسڵەن هەر عێراقی نییە، بۆیە ئەوەندە دەنگی دلێرە، چونکە دەستی بۆ دەسەڵات و حکوومەت پان نەکردووەتەوە، ئەو، بە پێچەوانەی مەلای کوردەوە، دوای خەڵاتی ئاخیرەت کەوتووە و رەزای خوای مەبەستە. قەت بیستووتانە سیستانی بە مۆنیکا و پرادۆی دوامۆدێلەوە بسووڕێتەوە؟ چەند مەلای کوردتان دەوێ نیشانتان بدەم، کە دەسەڵات بە مۆنیکا و پرادۆ و خانوو و پارە، بێدەنگی کڕیونەتەوە.

لە هەرێمی سیستانی، باری ئاسایشی لێدەرچێ، بەنزین بە نیوەی ئێرەیە، کارەبا باشترە و نرخی هەموو شتێک لێرە هەرزانترە و ئینجاش رازی نییە و خەڵکی هاندەدا قەبووڵی نەکەن. لە کن مە، نان پەیداکردن لە قورگی شێرە، و یەک مەلای کورد، نقەی لێوە نایەت.

سیستانی، کۆڵەگەیەکی گرینگە لە ژیانی هەموو شیعە مەزەبێکدا، ئەو، بۆ خەڵکی خۆی هێندە زانیاریی بەخشە، کەس ناتوانێ دەستەبەرداری ببێت. مەلای کورد چونکە هیچ ژمارەیەک ناخاتە سەر زانیاریی بێسەوادترین هاووڵاتی کوردستان، بۆیە هێشتا مەلای کورد، نەبووەتە پێویستییەک کە نەتوانین دەستەبەرداری ببین. دوو هەینی پێش ئێستا لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی، کە دەبوا بۆ سلێمانی وەک ئەزهەری قاهیرە بوایە، مەلا چارک سەعاتێ باسی ئەوەی دەکرد چۆن پەرداخێ ئاو لە ژوورێکدا جێبهێڵی پاش هەفتەیەک کەم دەکات. مزگەوتەکانی هەولێر ئەوەندەی باسی درامای (نوور) دەکەن، نیو هێندە باسی (نوور)ی خودا ناکەن، مەلای کورد و هەرەشە دوو رووی یەک دراون، مەلا کارێکی کردووە هەر کە قسە دەکات، سڵی لێدەکەیتەوە، چونکە قسەکانی خۆشەویستییان تێدا نییە، تژین لە رق. مەلای کورد مووچەخۆری دەوڵەتە بۆیە ناتوانێ بەرگریی لە رووت و رەجاڵ بکات. جیاوازیی نێوان سیستانی و مەلای کورد ئەوەیە ئەویان چاوی بڕیوەتە دونیایەکی دوور و ئەمیان تۆزێک ئەولا بەرلووتی خۆی دەبینێ.

---



سیروان حاجی بەرکل – ئەڵمانیا
serwan@amude.com

## ئەنجامەکانی سەردانی سەرۆکی فەرەنسا نیکۆلاس سارکۆزی بۆ سووریا

# سووریا پێویستی بە دیموکراسی نییە

"دیموکراسی بۆ سووریا ئامانج نییە". سەرۆک کۆماری سووریا بەشار ئەسەد پێنج شەممەی رابردوو ئەم قسەیەی بە کەناڵی تەلەفزیۆنی فەرەنسا2 راگەیاند.لە هەمان رۆژدا سەرۆکی فەرەنسا نیکۆلاس سارکۆزی کە هاوکات سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەورووپاشە، سەردانەکەی بۆ سووریا کە دوو رۆژی خایاند، کۆتایی پێهێنا. لەگەڵ هەموو ئەو تکا و بانگەوازانەی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بۆ سارکۆزی، کە گوشار بخاتە سەر بەشار ئەسەد، تاکو زیندانیانی سیاسی لە نێو زیندانەکانی سووریا ئازاد بکات و کۆتایی بە چەوساندنەوەی کورد و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بێنێ، لێ سارکۆزی هەر بێدەنگ بوو. بە پێچەوانەی ئەوە، هەینی ئەو لە دیمەشقی پایتەخت بوو، بەشار ئەسەدیش بەو قسەیەی پێشووی وەڵامی لایەنگرانی مافی مرۆڤی دایەوە.

ئەوە دەمێکە رژێمی سووریا بەرامبەر بە سیاسەتمەدارانی ئۆپۆزسیۆن و چالاکڤانانی مافی مرۆڤ،، کە سیاسەتمەدار و چالاکڤانی کوردیشیان لە نێودایە، بە رقدا چووە. ئەو بە تەوژمێکی زیاترەوە هەر یەکەیان، بەدەم دووی دیکەوە دەخاتە نێو زیندانەوە. لە نێو کورداندا لە پێشدا سکرتێری پارتی چەپ لە سووریا محەممەد مووسای گرت. پاش چەند رۆژێک بەرپرسێکی دیکە لە بەرپرسانی بزووتنەوەی کورد لە سووریا گیرا: مەشعەل تەمۆ، بەرپرس و گوتەبێژی رەوتی ئایندە لە سووریا. لەگەڵ عومران سەید و تەلال مەحموود، هێزە ئەمنیەکانی سووریا دوو بەرپرسی دیکەی کوردیان رەوانەی زیندان کرد. لە پاش ئەوان لە قامشلۆ هاووڵاتییەکی کورد، محەممەد سەعید عەبدی گیرا، تەنیا لەبەر ئەوەی کوڕەکەی ناوی ڕامانە.وەک ئەوەی هێشتا بەس نەبێت، چوارشەممەی رابردووش رژێم ناوی شاعیری کورد، هۆزان بادلیشی لە لیستی زیندانیانی کورددا زیاد کرد.

گرتنی کورد لە سووریا شتێکی تازە نییە. وەلێ گرتنی بەرپرسانی پارتە کوردییەکان،شتێکی تازەیەو پێشتر رووی نەداوە. بەم گرتنانە رژێمی سووریا ئاشکرای دەکات، کە هەموو کەسێک لە بن گەفی گرتندایە. ئەو بە گرتنی کادیرانی کورد، پەیامێک بۆ تەواوی بزووتنەوەی کورد دەنێرێت، کە ئامادەیە هەموو شتێک بکات. وەلێ وا دیارە بزووتنەوەی کورد تا ئێستا لەو پەیامە حاڵی نەبووە. بێدەنگبوونی بزووتنەوەی کوردی، ئەگەر مرۆڤ نەڵێ پیرۆزبایی کردنە،ئەوا بێگومان بێدەنگبوون لە گرتنی بەرپرسانی سێ پارتی کوردی، ئەو گومانە پشت راستدەکاتەوە.

بزووتنەوەی کورد نەک هەر لە ئاستی گرتنی چالاکڤانانی کورددا بێدەنگە. ئەو لەو کاتەشدا هەر بێدەنگبوو کە سەرۆکی فەرەنسا نیکۆلاس سارکۆزی سەردانی سووریای کرد. ئەوان ئەو دەرفەتەیان نەقۆزتەوە، تا دەنگ هەڵبڕن و سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەورووپا سارکۆزی لە پێشێلکردنی مافی گەلی کورد و چەوساندنەوەی، ئاگادار بکەنەوە. وەک ئەوەی نەیانویستبێت هێڵی سوور تێپەڕێنن، کە رەنگە لە دیمەشقەوە بۆیان کێشرابن.



سارکۆزی و بەشار ئەسەد

لەبەر ئەم بێدەنگییەی ناوەوە، چ لە لایەن کوردەوە یان لە لایەن عەرەبەوە، هەروەها لەبەر بەرژەوەندیی فەرەنسا و ئەورووپا لەگەڵ سووریا، پرسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئەجێندای سەردانەکەی سارکۆزیدا نەبوو. لە ئەجێندای ئەو سەردانەدا پرسی گرنگتر هەبوون: کێشەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، هەوڵەکانی ئاشتیی نێوان سووریا و ئیسرائیل، چارەسەر کردنی کێشەی لوبنان و پرسی بازرگانی. چونکە سارکۆزی ژمارەیەک بۆندی بازرگانیی لەگەڵ سووریا ئیمزا کرد، وەک بۆندێکی پەترۆڵ، هەروەها بۆندێک بۆ فرۆشتنی فڕۆکەی ئیرباس بە سووریا.

نیکۆلاس سارکۆزی باوەڕی وایە و هەردەم ئەو باوەڕەی دووبارە دەکاتەوە، کە بە بێ سووریا کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست چارەسەر نابن. لەبەر ئەوە بەشار ئەسەدی دیکتاتۆر و رژێمەکەی لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا پیشان دا. بەم جۆرە ئەو بە پێچەوانەی هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەجووڵێتەوە، کە دەڵێ دەبێ گوشار بخرێتە سەر رژێمی سووریا، چونکە رژێمێکە پشتگیریی تیرۆر دەکات.

سەردانی نیکۆلاس سارکۆزی بۆ سووریا بۆ دوو کەس قازانجێکی مەزنی پێوەبوو: بۆ بەشار ئەسەدی دیکتاتۆر، لەبەر ئەوەی ئیسپاتی کرد کە ئەو تەنیا بە بەڵێنەکانی ئەوان دەتوانێ جیهان بخەڵەتێنێ، هەروەها بۆ سارکۆزی خۆشی، کە لە دوایین رۆژگاری سەرۆکایەتیی جۆرج بوشدا، دەخوازێت هێزی خۆی پیشانی جیهان بدات.

نیکۆلاس سارکۆزی بەم سەردانەی خۆی، هەم خۆی و هەم بەشار ئەسەدی دیکتاتۆری خۆشحاڵ کرد. ئەدی گۆڕانی دیموکراتییانە لە سووریا؟ ئەوە بۆ سووریا پێویست نییە!

---

## سەفەر بۆ وڵات (ماڵەوە)

# هەولێر وەکو هەولێرەکەی جاران نەمابوو

نووسینی: مەهاباد حەمەد
و/ کاوە ئەمین
kawe35@hotmail.com

هەمیشە وشەی "ماڵەوە" کە مەبەست لە کوردستانە، لە مێشکمدا دەزرینگێتەوە. من لە رێگای دایک و باوکمەوە، تێڕوانینێکی باشم لەسەر کوردستان هەیە، هەمیشە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە تەماشام کردووە.

کۆچ، زۆر شتی باشی فێرکردووین، بۆ نموونە قبوڵکردنی خەڵکانی دیکە وەکو خۆیان کە هەن، هەر ئەوەشە وای لە من کردووە تا رادەیەکی باش تێکەڵاویی کۆمەڵگەیی سوێد ببم. ئەوە جگە لەوەی کە من شانسێکی باشم هەبوو کە لە وڵاتێکی دیموکراسیدا گەورە بووم و ناچار نەبووم ئەو ژیانە سەختەی کە دایک و باوکم بەسەریان بردبوو، بەسەر بەرم. هەڵبەتە لێرە لە سوێد، هەم وەکو کورد هەمیش وەکو کۆچبەرێک رووبەرووی شتی دیکە بوومەتەوە، بەڵام نامەوێت لێرەدا بە قووڵی بچمە نێو ئەو باسەوە.

من بە زۆری خۆم بە بەشێک لە کۆمەڵگەی سوێدی دەزانم، ئەوەش زیاتر بەهۆی کارەکەمەوەیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، تا دەهات حەزەکانم گەورەتر دەبوون و وایان لێکردم کە بیر لە سەفەرێک بکەمەوە بۆ ماڵەوە (کوردستان). ئەوەبوو بڕیارمدا لە مانگی گوڵانی 2006 دا سەفەرێک بکەم بۆ باشووری کوردستان، ئاخر بە تاسەوە ئارەزووی بینینی کوردستانی ئازادم دەکرد، کە رۆژانە لە کەناڵە کوردییەکانەوە گوێبیستی دەبووم. لە ماوەی مانگێکدا هەلی ئەوەم بۆ رەخسا بگەڕێمەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە پێناسەی بەشێک لەوە دەکات کە ئاخۆ من کێم.

لە سەروبەندی سەفەرەکەمدا بیرەوەرییە خۆشەکانم بە بیر خۆم دەهێنایەوە، بەڵام هەمانکاتیش ئەو بیرەوەریە خەمنکانەی کە بۆ هەمیشە جێگایان لە نێو ژیانی مندا بەجێهێشتووە. بەشێک لەو بیرەوەرییە ناخۆشانە ئەوەیە کە تا ئێستایش موچرکە بە لەشمدا دێت کاتێک گوێم لە دەنگی فڕۆکە دەبێت، ئاخر کاتێک کە منداڵ بووم بە چاوی خۆم هێرشی فڕۆکەکانم بینی بوو کە چۆن هێرشیان دەکردە سەر ئەو گوندانەی گومانی ئەوەیان لێدەکرا داڵدەی پێشمەرگەیان داوە.

هەروەها ئەوەشم لە بیرە، کاتێک نەنکم چاودێری ئێمەی منداڵی دەکرد لەو کاتانەی کە دایکم سەردانی باوکمی دەکرد لە نێو چیاکاندا، هەروەها ئەو کاتانەی کە زیندانی دەکراین دوای ئەوەی رژێم ئاگاداری ئەوە دەبوو کە دایکم سەردانی باوکمی کردووە. ئاخر هەمیشە بەشی ئەوەندە خەڵک هەبوو کە لە پێناوی چەند هەزار دینارێکدا ئیخباری خەڵکیان بکرادیە.

کاتێک فڕۆکەکەمان لەسەر خاکی کوردستان نیشتەوە، ئیحساسێکی وا گرتمی کە ناتوانم بە وشە دەری ببڕم، سەربارە کوردەکانم بینی بە شانازییەوە پێشوازیان لە ئێمە دەکرد کە لە سوێدەوە گەڕابووینەوە، کاتێک پاسپۆرتەکانیان کۆنترۆڵکردین ئەو کەسەی چاوی لە پاسپۆرتەکان دەکرد پێیگوتین (بەخێر بێن بۆ کوردستان)!، هەمانکات ئاگاداری کردین لە بیرتان نەچێت ئێوە کە هاووڵاتی سوێدین دەبێت لە ماوەی دە رۆژدا داوای مانەوەی کاتی بکەن بۆ ئەو ماوەیەی لە کوردستان دەمێننەوە.

– لە دڵی خۆمدا وتم : پەحا، سەیرە، داوای ئیقامە بکەین!

هەرچەندێکم دەکرد نەمدەتوانی خۆم لەو هەستە رزگار بکەم کە بۆ دەبێت لە وڵاتی خۆمدا داوای ئیقامە و مانەوە بکەم.

کاتێک لە فڕۆکەخانە رزگارمان بوو و چووینە دەرەوە تا خزمانمان ببینین کە زۆر بەگەرمی بەخێریان هێناین. کاتێکیش بەرەو ماڵی خزمەکانمان کەوتینە رێگە، من بە هەر چواردەوری خۆمدا دەمڕوانی. شارەکەم گۆڕابوو. پێمخۆش بوو، بە ئاسوودەیی هەناسەم دەدا.

لە هەموو لایەکەوە هەر خانوو و باڵاخانە بوو دروستدەکران. پاشەڕۆژێکی رووناکمان دەبێت. ئاڵای کوردستانم دەبینی لە هەموو لایەکەوە دەشەکایەوە و جێگای ئاڵای عێراقی گرتبووەوە کە باش لە بیرم مابوو. شانازیم دەکرد!

کە گەیشتینە ماڵی خزمەکانمان، بە پرسیار دایانگرتینەوە. هێندەی نەخایاند دەنگۆی هاتنەوەی ئێمە بڵاوبووەوە و خزم و دۆستەکانمان کەوتنە میوانداری کردنمان. من لەو ماوەیدا هەر خەیاڵم لای نەنکم بوو کە لە لادێ دەژیا، بیرم دەکردەوە کە چەند خۆش دەبێت کاتێک لە ئامێزم دەگرێت.

شاری هەولێر وەکو هەولێرەکەی جاران نەمابوو، کە من بە جێمهێشتبوو، شوێنەکانم نەدەدۆزییەوە وەکو غەریبێکم لێهاتبوو لە شارەکەی خۆمدا.

لەم سەفەرەمدا، ئەزموونێکی نوێم پەیدا کرد کە دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانم ئەو مرۆڤەی پێش سەفەرەکەم بم، ئاخر هەستم بە دوورەپەرێزی دەکرد و ئەو هەستەی کە هەمبوو بۆ گەڕانەوە ڕیالیستیانە نەبوو. هەندێک پێیان وابوو کە من زۆر گۆڕاوم. هەر ئەو تێگەیشتنەیشە کە وامان لێدەکات جیاواز بین و ئەو جیاوازییەیش دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم نزیکبوونەوەی مرۆڤەکان لە یەکتری. ئێمەی مرۆڤ نامانەوێت لێکچوونەکانمان ببینین کە ناوکۆیی نێوانمانە، کەچی لەجیاتی ئەوە کوێرانە پێ لەسەر جیاوازییەکانمان دادەگرین. من ئەوەم هەم لە کوردستان و هەمیش لە سوێد بینیوە، ئەگەرچی ئەو دیاردەیە لە سوێد زیاتر هەستی پێدەکرێت.

ڕاستییەکەی من کە لە کوردستان بووم هەستم دەکرد زیاتر بە هەڵسەنگاندنە سوێدییەکانم راهاتووم، شتێک کە پێش سەفەرەکەم بڕوام پێیان نەبوو. هەندێک جار دەکەوتمە نێوان بەرداشی دوو کولتوورییەوە، چونکە ئەو جۆرەی کە من بیرم دەکردەوە لەگەڵ دەوروبەرەکەمدا نەدەگونجا. ئەو بیرەوەریانەی کە بۆ دەوروبەرەکەمم باسدەکرد، لای ئەوان ببوون بە مێژوو. پرسیارێک کە بەردەوام یەخەی دەگرتم ئەوەبوو کە چۆن بتوانم خۆم لەگەڵ ژیانی کوردستاندا رابهێنم، لە کاتێکدا دەمزانی ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەم لەبەردەمدا هەیە لە سوێد؟

بە بیرم دێت کاتێک کە لە زانستگە دەمخوێند، لە سمینارێکدا مەسعوود کەمالی پرسیارێکی ئاراستە کردین کە بە سێ وشە پێناسەی ئیدێنتیتێتی خۆمان بکەین. ئەو کاتە من "کورد"م وەکو گرنگترین وشە هەڵبژارد، پاشان وشەکانی دیکەم ریز کردن کە خۆم تێدا دەبینینەوە. بەڵام ئەو سەفەرەی کوردستان بیرێکی دیکەی خستۆتە مێشکمەوە ئەویش: "هاووڵاتی جیهان"یە، رەنگە ئەوە باشتر بگونجێت.

کاتێکیش سواری فڕۆکە بووم بەرەو سوێد، ڕاستییەکەی بیرم دەکردەوە کە ئاخۆ لە سەر خاکی "وڵات – ماڵەوە" دەنیشمەوە، یانیش هەر ئێستا لە "وڵاتەکەمەوە" گەڕاومەتەوە. بەڵام کاتێک خێزانەکەمم بینی لە فڕۆکەخانەی ئارلەندا (ستۆکهۆڵم) بەپیرمەوە هاتبوون بە خۆمم وت: "ئۆخەی کە هاتمەوە بۆ ماڵەوە"، ئاخر من ئەو هەستەم هەبوو. ئەندامانی خێزانەکەم کە چاوەڕوانییان دەکردم و نزیکم لێیانەوە، ئەو کەسانەن کە ژیانی خۆمم لەگەڵدا دابەشکردوون و بەو هیوایەی کە لە دوارۆژیشدا هەروابم. کاتێکیش دایکمم بینی زۆر دڵخۆش بووم و دەستەکانیم ماچ کرد.

دایکم لە ئامێزی گرتم و وتی: کچەکەم، بەخێربێیتەوە بۆ ماڵەوە!.

سەرچاوە: گۆڤاری سوێدی– کوردی سیروان.




پەیامی ڕووداو

# خۆماندوو کردن لەگەڵ عەرەب بێسوودە

لە دوای ڕاپەڕینەوە پارتی و یەکێتی بەلێشاو پارەیان لە کڵاوی بابردووی برایەتی کورد و عەرەب خەرجکرد، چەندین فێستیڤاڵیان بەو ناوە ڕێکخست و چەندین "ڕۆشنبیر"ی عەرەبیان بانگهێشتی کوردستان کرد و مەرایییەکی بێوێنەیان بۆ دەکردن، ئەمە لە کاتێکدا ڕۆشنبیری کورد لە ڕەوشێکی کولەمەرگیدا دەژیا. ئەم باوەشکردنەوە و بەخشندەییە بێوێنەیان بەو خەیاڵە بوو هەڵوێستی نێگەتیڤ و تاکلایەنانەی ئێلیتی عەرەب بەرامبەر کورد بگۆڕێ و لە کاتی پێویستدا لانیکەم دوو قسەی باش بۆ کورد بکەن. کەچی بە پێچەوانەوە ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین ئەوەیە ئەوانەی پارەو پوولێکی بێ هەژماریان لە کورد وەرگرتووە، لەسەر کەرکووک و تەنگژەی نێوان باشووری کوردستان و عێراق بەر لەهەموویان شیرو تیر لە کورد دەسوون.

ڕاستیتان دەوێ عەرەب بە ڕۆشنبیر و نەخوێندەوارەوە نایانەوێ لە ڕەوایی پرسی کورد تێبگەن و، هەر هێندە دانوویان لە گەڵ کورد دەکوڵێ کە عەرەب بە برا گەورە بزانێ و بەپێی پێوەرەکانی ئەوان (کورد) بێ، دەنا کورد هەر چەتە و ڕێگر و یاخی و دژە قانوونە. یەکێک لە هۆکارە هەرە گرینگەکانی ئەم تێگەیشتنەی عەرەبیش، کورد خۆیەتی، چونکە هەمیشە خۆی بە بچووکتر و نزمتر لە عەرەب و تورک و فارس دەبینێ.

لە تەنگژەی ئەمجارەی نێوان کورد و بەغدا، بەرپرسانی عێراق زوو زوو باسی دەستوور دەکەن و دەڵێن بەپێی دەستوور (هەرێمی کوردستان) تەنها هێلی شین (هێلی 36) دەگرێتەوە، لێ هیچ بەرپرسێکی کورد بە مالیکی و دەست و پێوەندەکانی ناڵێ هەر بەپێی ئەو دەستوورەی ئێوە باسی دەکەن ئارتیکلی 140 دەبووایە جێبەجێ بکرێ، زمانی کوردی لە سەرتاسەری عێراق زمانی فەرمی بێت و دەیان شتی دیکەش.

بۆچی میدیای عەرەبی و عەرەب بەگشتی پێیانوایە خوێندەڤانانی کوردستان پێیان خۆش بێت یان نا دەبێ زمانی عەرەبی لە خوێندنگە و زانستگەکان بخوێنێ، لە کاتێکدا عەرەبی عێراق نەک هەر ئامادەنین بە کوردی بخوێنن بەڵکو گاڵتەشیان بەزمانی ئێمە دێ؟ بۆچی چاوی عەرەب و میدیای عەرەبی دەچێتە پشتی سەریانەوە ئەگەر لە کوردستان تابلۆی بازاڕەکان و شوێنە گشتییەکان و تابلۆکانی هاتوچۆ و ڕێگاوبانەکان تەنها بەکوردی بێت، مەگەر لە بەغداو نەجەف و بەسرە یەک وشەی تابلۆیەک دەبینی بە کوردی؟

هەقە سەرکردایەتی کوردستان ئیدی واز لە دڵڕاگرتن و مەراییکردن بۆ عەرەب بێنێ و خۆی پێ نزم و بچووکتر نەبێ، چونکە ئەزموونی چەندین ساڵەی ڕابردوو پارتی و یەکێتی لە ڕاکردن بەدوای کڵاوی بابردووی برایەتی کوردو عەرەب جگە لە ڕەنج بەخەساری و کات بەفیرۆدان هیچ ئەنجامێکی دیکەی نەبووە.

**نوورەدین وەیسی**
**کەنەدا**



## سەرکردەکانی کورد
# سارکۆزیتان بیر نەچێت

هێمن عەبدوڵڵا – هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

ئەو پیاوە بە بنەچە هەنگارییەی ئەوڕۆ سەرۆکایەتی فەرەنسا و یەکێتی ئەورووپا دەکات، پیاوی کردەوە چاوەڕواننەکراوەکانە. کاتێک ماسیگرەکانی وڵاتەکەی ماندەگرن، ئەو دەچێتە لایان بۆ ئەوەی بیاندوێنێت، بەڵام یەکێکیان پێیدەڵێ: بۆت بێمە خوارەوە پڕشەقت دەکەم. جارێکیش لە سەردانێکیدا بۆ ڕووسیا، لەگەڵ پوتینی سەرۆکی ئەو کاتی ئەو وڵاتەدا بە سەرخۆشی لەسەرتەلەفزیۆن دەردەکەوێ. هەمان شتیش لە کۆبوونەوەیەکی جی هەشتدا دووبارە دەکاتەوە.

هەر ئەو پیاوە ڕۆژێک لە کاتی سەردانی فەرمییدا بۆ لای پاپای ڤاتیکان، مۆبایلەکەی دەردێنێ و خەریکی ناردنی کورتە نامەی ئەلیکترۆنی دەبێت.

لێ هیچ یەک لەوانە ئەو ڕاستییەیان پێ ناگۆڕدرێت کە فەرەنسا لە سەردەمی سارکۆزیدا بە قۆناخی گۆڕانێکی ڕیشەییدا تێدەپەڕێت. ئەو لەو سەرۆکانەیە کە نەریتی باو دەشکێنن. زۆر شت دەکات کە سەرۆکەکانی پێش ئەو بە هیچ بارێکدا ئامادە نەبوون بیکەن. بۆ خۆی بانگەشەی ئەوە دەکات کە مێتۆدێکی تازەی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پێ نییە، بەڵام چاودێرانی کۆشکی ئەلیزێ باس لە پەیدابوونی ڕێبازێکی فیکریی تازە دەکەن" ئەو خۆی ڕێبازێکی فیکرییە، سارکۆزیسم خەریکە فەرەنسا دادەگرێ!". سارکۆزی دەڵێت" ئەوەی من دەیکەم ئەوەیە کە چارەسەر بۆ کێشە بێ چارەسەرەکان دەدۆزمەوە". لێ کامانەن ئەو کێشە بێ چارەسەرانە؟ ئایا دۆزی نەخۆشیارە بولگارییە گیراوەکانی لیبیا کە لەسەر دەستی ئەو کۆتایی پێهات یەکێک بوو لەو کێشانە؟ یانیش ئەو ئامادەییە بەهێزەی سارکۆزی و گوێڕاداشتنە دوو لایەنەکەی ڕووسیا و جۆرجیا لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی چەند هەفتەی ڕابردووی نێوانیان، نموونەیەکی دیکەیە لەو کێشانەی مامە سارکۆ چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە؟

نیکۆلاس سارکۆزی ئەو پیاوەیە کە خەونی ئامادەیی چەلەنگانەی فەڕەنسای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا زیندوو کردووەتەوە. ئەو دەیەوێت هاووڵاتیی فەرەنسی قایلبکات کە چیدی بۆ گەیشتن بە پلەی بەرزی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی پێویستیان بە هەبوونی باکگراوندی خانەوادەیی و پشت بە پشت بۆ بەجێماو نییە، ئەو دەیەوێ بڵێت: باوەڕتان بە خەونی ئەمریکی هەبێت. واتە باوەڕتان بەوە بێت کە لە فەڕەنسای نوێدا کەنناسێک دەتوانێت بە سەختکۆشی و ماندووبوون ببێتە ملیۆنێر یان تەنانەت سەرۆکی دەوڵەت. ڕەنگە ئەوەش بێت ئەو سارکۆزیسمەی کە چاودێرەکان بە ناوی ئەوەوە گرێیدەدەن.

سارکۆزی دەربارەی هاتنە ناوەوەی تورکیا بۆ یەکێتی ئەورووپا هەڵوێستێکی ڕوونی هەیە:" یەکەمجار چارەسەری کێشەی کورد بکەن، ئینجا باسی هاتنە ناوەوە بکەن!". بە هەبوونی کەسێکی وەک بەڕێز کۆشنەریش لە پۆستی کاروباری دەرەوەی حکومەتەکەیدا، ئەو یەکێک لە گونجاوترین سەرۆکە ئەورووپییەکانە کە کوردستان دەکارێ دۆستایەتی درێژخایەنی لەگەڵدا بکات. بۆیەش وا چاکە لە بیر نەکرێ.



# تاڵەبانی و مانەوەی ئەمەریکا لە عێراق

زڤی بارێل*

لەمانگی ڕابردوودا دانیشتووانی کوردستان ڕووبەڕووی ڕۆژانێکی پڕ تەنگژە بوونەوە، ئەوەبوو سەرۆکی عێراق و سەرکردەی کورد جەلال تاڵەبانی بەمەبەستی ئەنجامدانی نەشتەرگەری دڵ بەرەو نەخۆشخانەی مایۆکلینیک لە مینیسۆتا بەڕێکەوت. تاڵەبانی کە تەمەنی 74 ساڵە پێشتر لە ساڵی 2007 بەهۆی ماندووبوونەوە و بۆچارەسەری نەخۆشی دڵ گەیێنرایە نەخۆشخانەی شا حوسێن لە عەممانی پایەتەختی ئوردن، ئەمجارە تاڵەبانی کاتێکی باشی هەبوو کە وەسیەتی سیاسی خۆی بکات ئەگەر نەشتەرگەرییەکەی لە ئەمەریکا سەرنەکەوت.

پێش سەفەرەکەی، تاڵەبانی سەرکردەکانی حیزبەکەی کۆکردەوە و بڕیاریدا، کێ جێگەی وی لە یەکێتی و سەرۆکایەتی کۆماردا بگرێتەوە، هەندێ سەرچاوە لە کوردستان بە "هائەرێتز"یان ڕاگەیاند " هیچ شتێکی نا سروشتی لەوپرسەدا نییە، پێویستە سەرۆکی حکومەتێکی بەرپرسیار ئاوا هەڵسوکەوت بکاو بڕیاربدا، هەروەها سەرۆک عەشیرەتێکی خۆ بەبەرپرسیارزانیش هەر ئاوا ڕەفتار دەکا، ئەو کاندیدانەی لەلایەن تاڵەبانییەوە بۆ جێگرتنەوەی خۆی دەستنیشان کران کەسانی شایستەن و ئامادەکاریشیان تێدایە".

هەرچۆنێک بێت کارەکان بەباشی بەڕێوەچوون، تاڵەبانی لە نەخۆشخانە هاتە دەرەوە و توانی بگاتە و اشنتن بەر لەوەی بگەڕێتەوە عێراق، ئەمەریکاش ئێستا دەتوانێ هەست بەئاسوودەیی بکات دوای سەرکەوتنی نەشتەرگەریەکەی تاڵەبانی، چونکە لەماوەی سێ ساڵی بوونی بە سەرۆک کۆمار، تاڵەبانی سەلماندی کە گرنگترین نێوانگیری نێوان هێزە سیاسییەکان و پەرلەمان و حکومەتی عێراقە، ئەو دەزانێ چ کاتێک پێویستە هەڕەشە بکات و چ کاتێک بێدەنگ بێ و خۆی بەدەستەوە بدا، لەگەڵ کێ نیوەشەو بە تەلەفۆن قسە بکا و پشتیش لە کێ وەرگێڕێ، بەپێی قسەی سەرچاوەیەک لە کوردستان " ئەگەر تاڵەبانی نەبووایە حکومەتی عێراق تائێستا بەردەوام نەدەبوو".

بەڵام ڕکابەرو بەرهەڵستکارەکانی تاڵەبانی، ئەو وەک ستەمکارێک دەبینن کە ڕێگە بە ئۆپۆزیسۆن نادات لەناوچەی کوردنشین. بەرهەڵستکارەکانی دەڵێن" ئەو دەست لە هەموو مەسەلەیەک وەردەدات، تەنانەت لە شەڕو ناکۆکی نێو بنەماڵەکان و دەستنیشانکردنی ژوانی ڕۆژنامەنووسان لە ڕۆژنامە نێوخۆییەکان، ئەو وەک سەرۆکی عەشیرەتێک هەڵسوکەوت دەکات نەک کەسێکی مۆدرێن".

ڕۆژنامەوانێکی گرینگی کوردستان دەڵێت" هەوڵبدە لە ڕۆژنامەکانی سلێمانییەوە یەک ڕەخنە بدۆزیەوە کە ئاراستەی ئێران کرابێت، بێگومان هیچ نادۆزیەوە، تاڵەبانی ڕەخنەگرتنی لە ئێران قەدەخە کردووە، چونکە ئێران سەرچاوەی هاتنی پێداویستی و کەلوپەل و شمەکی کوردستانە، کاتێک تورکیاو ئێران گوندەکانی کوردستانیان بۆردوومان دەکرد، زۆر ڕەخنە لە تورکیا دەگیران، بەڵام لەبەرامبەر ئێران بێدەنگ بوون و وەک ئەوەی ئێران هیچی نەکردبێت".

ڕۆڵی کاریگەرانەی ئێران لە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، وایکردووە کە لە ڕێککەوتنی نێوان ئەمەریکاو عێراق نیگەرانییەکانی ئێران لەبەرچاو بگیرێن. و اشنتن بەهیوای ئەوەبوو تا کۆتایی مانگی جولای ڕێککەوتنەکە مۆربکرێت، بەڵام دواخرا چونکە ئەمەریکا داوای نەرمینواندنێکی زیاتر دەکات، لەکاتێکدا حکومەتی عێراق دەیەوێ ماوەیەک بۆ چوارچێوەی کارکردنی هێزە ئەمەریکییەکان دابنێت. و اشنتن هەروەها دەیەوێ هێزەکانی تا ساڵی 2015و تا ماوەی دووەمی سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا لەعێراق بمێننەوە، بەڵام حکومەتی عێراق دەخوازێ تا 2010 عێراق بە جێبێڵن.

دانوستانەکە لەسەر ئەوەیە کە هێزەکانی ئەمەریکا تا ساڵی 2011 لە عێراق بمێننەوە، حکومەتی بوش دەیەوێ دڵنیابێت ئەگەر باراک ئۆباما لە هەڵبژاردنەکان دەرچوو ناچاربێت پەیوەست بێت بەسیاسەتەکانی بوش لەمەڕ عێراق، و اشنتن هەروەها دەیەوێ عێراق وەکو بنکەیەک بۆهێرشکردنە سەر "دوژمنانی عێراق" و بەمانایەکی دیکە ئێران بەکاربێنێ، بەڵام ئەوە نەک تەنها لەلایەن شیعەکان بەڵکو لەلایەن سەرکردەکانی کورد و تاڵەبانیشەوە ڕەتدەکرێتەوە و بەرهەڵستی دەکرێت.

لەم ساتەدا ئاستەنگی سەرەکی، شێوەی قانوونی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە لەعێراق، ئایا حکومەتی عێراق حەسانە دەبەخشێتە هێزەکانی ئەمەریکا کە خەڵکی سیڤیلی عێراقی ئازاردەدەن؟. هاودەنگییەک لەنێوان سەرکردەکانی عێراقدا هەیە کە حەسانە نەدەنە هێزەکانی ئەمەریکا چونکە ئەوە دژی سەروەری عێراقە، بەڵام پرسیار ئەوەیە چ سەربازێکی ئەمەریکی لە عێراق دەمێنێتەوە ئەگەر بزانێت کە ئەو قابیلی دادگاییکردنە لە دادگایەکی عێراقی.

لەهەموو ئەو پرسانەدا دەستێوەردان و هاتنە ناوی تاڵەبانی زۆر سەرەکی و پێویستە. ئەمەریکاییەکان لەوباوەڕەدان کە تاڵەبانی دەتوانێ ڕێککەوتنێک و شێوەیەکی دانوستان بدۆزێتەوە کە هەموو لایەک لەسەری ڕێکبکەون.جگە لەوەی کورد چەندین کارتی گرینگیان لەبەرامبەر حکومەتی عێراق بەدەستەوەیە وەک پرسی کەرکووک و قانوونی فیدراڵی نەوت و گاز. لەوانەیە بەکارهێنانی ئەو کارتانە بەسوود بن بۆ ئەمەریکا بۆ گەیشتنە ڕێککەوتنێک لەگەڵ عێراق کە لە قازانجی و اشنتن بێت.

قسەکەرێکی کورد بە ڕۆژنامەی (هائەرێتز)ی ڕاگەیاند " بێگومان ئەمەریکاییەکان دەتوانن پشت بە کورد ببەستن لەهەموو ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە، بەڵام ئەوان لەکوێ بوون کە ئێمە پێویستمان پێ بوون؟ بۆچی تا ئێستا تاکە بنکەیەکی سەربازی ئەمەریکایی لەکوردستان نییە؟ بۆچی ڕێگە نادەن کۆمپانیا ئەمەریکییەکان لە بواری نەوتی کوردستاندا وەبەرهێنان بکەن ؟"، ئەوانە پرسیاری باشن.

*** ڕۆژنامەوانێکی ناسراوی ئیسرائیل و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (هائەرێتز)ە.**

**لە ڕۆژنامەی " Haaretz" وە 2008/9/2**



# ئیتر ئیسلامییەکان چییان دەوێت

هاوڕێ باخەوان – هۆڵەندا
hawreh@bakhawan.com

لە هەشتاکاندا بەهۆی خوێندنەوە ماوەی چوار ساڵ لە شاری موسڵ ژیام، لەو چوار ساڵەدا لە جارێک زۆرتر ڕێکەوتی مانگی ڕەمەزانم کرد. ڕەمەزان لەو شارەدا زۆر جیاوازتربوو لە سلێمانی. ئەوکات لە سلێمانی تەنها بەهۆی پەردەی ڕێستورانتەکان لە ڕۆژدا و تەراویحی شەوانەوە دەتزانی ڕەمەزانە، بەڵام لە موسڵ شەو تا بەیان قەرەباڵغی و یاریکردن بوو. ئەو دیاردەیە بۆ من نوێ بوو، لە چاخانەکاندا یارییەکیان دەکرد پێیاندەگووت "محێبس". بەکورتی هەرچی موسڵ بوو خەریکی ئەو مانگە بوو و زۆر تایبەت بوو بۆیان.

کە هاتمە هۆڵندا، دیارە ئەوسا نەک ئێستا، جاری وا هەبوو ڕەمەزان تەواو دەبوو و جەژنیش دەڕۆیشت هێشتا من پێم نەدەزانی! بەڵام ئێستا لەسایەی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و میدیای کوردییەوە پێش مانگێک دەیزانی.

ئێستا ڕەمەزان زۆر خۆشەویست بووە، یان خۆشەویست کراوە. سەدان هونەرمەندی کورد پێش چەندین مانگ خەریکی پرۆڤەکردن و دروستکردنی زنجیرە درامایەک دەبن تاوەکو لەو مانگەدا پیشانبدرێت.

حکومەتی هەرێم ماوەی کارکردنی فەرمانبەرەکانی کەم دەکاتەوە بەهۆی مانگی ڕەمەزانەوە، دیارە باسی ئەندامانی پەڕلەمانی کوردستان ناکەم، ئەوان لە هەموو کەسێکی کارکەری ئەم سەر ڕووی زەمینە پشوویان زۆرترە!.

پاش تەواوبوونی مانگی ڕەمەزانیش بەهۆی جەژنەوە، جەژنانە دەدرێتە فەرمانبەران.

پارێزگاری هەولێر دەست لە کاروباری پۆلیس و دادگا وەردەدات و بڕیاری ئەوە دەردەکات کە هەرچی لە مانگی ڕەمەزاندا جگەرە بکێشێت یان شتێک بخوات دەبێت 5 ڕۆژ زیندانی بکرێت!.

لەو قەیرانی قەرەتەپە و خانەقینەدا وەزارەتی ئەوقاف هەموو کوردی بەبینینی مانگەوە خەریک کردبوو!. وەک بە بینینی مانگ مادەی 140 بێتەدی و کێشەکانمان چارەسەر ببێت.

ماوەیەکی دیکەش حیزب و حکومەت ئێواران دەست دەکەن بە پێشکەشکردنی خوانی بەربانگ بۆ مەلا و سەرۆک خێڵەکان، وەک ئەوەی ئاوارەکانی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە برسی نەبن!.

بەکورتی ئەوەی لە مانگی ڕەمەزان لە کوردستان ڕوودەدات لە عەرەبستانی سعودیەش ڕوونادات. ئیدی بۆچی درۆی عیلمانی بە ئێمە دەفرۆشن و باسی دیموکراتی دەکەن. ئیتر بۆچی ئەو حکومەتە ناونانێن "حکومەتی هەرێمی ئیسلامیی ئێڕاق"!.

ئەگەر ئێمە پێش ئەوەی کورد بین، ئیسلام بین! ئیتر ئەم درۆی کورد و کوردستانییە بۆ و چ کێشەیەکمان لەگەڵ ئێڕاقی عەرەبی هەیە! هەموومان برای ئایینین و پێکەوە بەبێ هیچ کێشەیەک دەژین! دەبێت شانازیش بکەین بەو پێکەوەژیانە چونکە ئەوان لە ئێمە ئەفزەڵتر و چاکترن، ئەی قورئان ڕوو لە عەرەب ناکات و دەڵێت "كنتم خير أمة أخرجت للناس- ئێوە باشترین نەتەوەن کە تاوەکو ئێستا دروست بوون"! ئەی ئەوە خێر و بەرەکەت نییە ئێمە بووینەتە دراوسێی ئەو عەرەبانە!.

ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە ئایا حیزبە ئیسلامییە کوردییەکان چییان دەوێت؟!. وڵاتێکی ئیسلامی، بیرکردنەوەی ئیسلامی، دابونەریتی ئیسلامی و قوتابخانەی ئیسلامی! بەڕاستی ئەوەی ئەوان چەند ساڵە بانگەشەی بۆدەکەن و گوێی کوردی بۆ دەبڕن! ئەوەی کە پێی دەگوترێت حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێڕاق بە دەستپاکییەوە بۆی کردوون! هەربۆیە دەتوانم بەبێ دوودڵی بڵێم سەرکەوتووترین حیزبی کوردستان، حیزبە ئیسلامییەکانن و بەباشترین شێوە ئاواتەکانی خۆیان و بەرنامە عەرەبییەکانی عەرەبستانی سعودیەی ڕابەریان هێناوەتەدی!.



## بردنەوە ڤیاگرایە

**رووداو- UBA**

لەراپرسـیـیـەکدا 30%ی ئەمریکییەکان لەو بڕوایەدان هەر کە ئەو یانە تۆپی پێیەی هانیدەدەن سەردەکەوێت چالاکی سێکسییان باش دەبێت، لەهەمانکاتدا 10% دەڵێن لەکاتی دۆڕانی یانەکەیاندا چالاکی سێکسییان کەمدەبێتەوە.

ئەو راپرسـیـیـە کە لەماڵپەڕێک بە هاوکاری کۆمپانیای سـیـزرز بوکۆنـۆ ئەنجامدرا و 391 هانـدەری پیاو و 235 ژنـی هاندەری یاری تۆپی پێ بەشدارییان تێدا کرد، هەر 1 پیاو لە کۆی 4 پیاو ئامادەن یەک مانگ سێکس نەکەن ئەگـەر سـەرکەوتنی یانەکەیان گرەنتی ببێت و 11%یش هیچ دوودڵ نین کە تا بردنەوەی یانەکەیان سێکس نەکەن.

## لەکوردستان پشیلەش ژنان دەکوژن



**رووداو –شێخانی**

لەگەڕەکی راپەڕینی شاری سلێمانی لەوکاتەی کە خێزانێک لەسـەربانی ماڵەکەیان خەوتبوون پشـیلەیەک لەسەر دیواری سـەربانەکەوە خۆی هەڵداوەتە خوارەوە و بەر ژنەکە کەوتووە و لەگـەڵ بە ئاگا هاتنی دەسـتبەجێ تۆقیـوەو گیانی لەدەستداوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لەخێزانەکە رایگەیاند کە شەو درەنگانێک لەوکاتەی کە تەواوی خێزانەکە، لەبـەر کەم کارەبایـی لەسـەربانی ماڵەکەیان خەوتبوون، پشـیلەیەکی رەش لەسـەر دیواری سەربانەکەوە خۆی هەڵداوەتە خوارەوە و بەر ژنی ماڵەکـە کەوتووەو ژنەکەش لەگەڵ بەئاگا هاتنی و بینینی پشیلەکە زراوی چووەو گیانی لەدەستداوە.

## هەیفا بەرۆژووە



**رووداو- ئاژانسەکان**

هەیفا، کەهەمیشـە بەجلوبەرگی نیمچە رووتەوە کۆنسێرت دەکات و دەردەکەوێت، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند کە لە مانگی رەمەزاندا کۆنسـێرت سازناکات " لەبەر ئەوەی بەهیچ شـێوەیەک ناتوانم لەم مانگەدا ئاهەنگ سـاز بکەم، داهاتەکەشـی هەرچەندبـێ، چونکە هـەر لەمنداڵییەوە لەمانگـی رەمەزاندا بەرۆژوو بوومـەو بڕیاری ئەوەمداوە کە لەو مانگەدا جلی داپۆشـراو بپۆشم". ئەو لێدوانەی هەیفا لەکاتێکدایە کە دوای ئەوەی رایگەیاند هەمیشـە رێز لە حەسەن نەسـروڵڵای سەرۆکی حیزبوڵڵا دەگرێ، بزووتنەوەی حەماسونا، داوای لە نەسروڵڵا کرد بە هەیفا بڵێ چیتر جلی نیمچە رووت دەرنەکەوێت.

**بڕوانە لاپەڕەی هونەر**


# Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@yahoo.com

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی** : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات ناونیشان: هەولێر ـ بەرامبەر نیوستی


## ئەو پێشمەرگانەی لە خانەقین لەسەنگەردان رۆژوویان لەسەر نییە

# ئۆباڵ بە ملی مەلا عومەر..ژنەکەت ماچ بکە و لە رۆژووەکەت مەترسە

**رووداو-هەولێر**

مەلا عومەر چنگیانی، خەڵکی لەدوو دڵی و گومـان رزگار کرد، کە ئاخۆ بە ماچکردنی ژنەکانیان رۆژووەکەیان بەتاڵ دەبێتەوە یان نا، ناوبراو گوتی "دەست لەملکردن و ماچکردن و تەوقەکردن لەنێوان ژن و مێرددا رۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە، ئەگەر بەحەزەوە نەبێت".

لەکاتێـکـدا سـوپای عێراق هەڕەشـەی گرتنەوەی هەموو ئەو ناوچانەی کوردسـتان دەکات کە دوای رووخانی رژێمی سـەدام لە 2003 ئازادکراون و پێشـمەرگە لەحالەتی ئامادەباشـیدان، مەلا عومـەر چنگیانی لە هەڤپەیڤینێکـدا لەگـەڵ (رووداو) گوتـی "ئەو پێشـمەرگانەی ئێسـتا لەخانەقینن و لەسەنگەری خەباتدان و لەبارەگاکانی خۆیاندا نین، رۆژوویان لەسەر نییە"، چنگیانی ئەوەی روونکردەوەو گوتی "ئەوانەی کە لەبەرەکانی چاوەڕوانکردنی هێرشـی ناوەختەی دوژمنن، فتوایان بۆ دەدەم، لەبەر ئەوەی لەبەجێهێنانی ئەرکێکی پیرۆزدان کە بەرگرییە لەنیشتیمان، بۆیان هەیە ئێسـتا بەرۆژوو نەبـن و دوای رەمەزان رۆژووەکانیان بگرنەوە".

سەبارەت بەتەوقەکردن و ماچکردن لەنێوان کەسانی نا مەحرەمدا و هەروەها ئەو کەسانەی سەرپۆش لەسـەر ناکەن لەمانگی رەمەزاندا چنگیانی گوتی "ئەگەر ئافرەت سـەرپۆش نەکات، رۆژووەکەی بەتاڵ نابێتەوە، هەروەها ئەگەر لەگەڵ پیاوی نامەحرەمدا تەوقە بکات، هەر چەندە گوناهە، بەوەش رۆژووەکەی بەتاڵ نابێتەوە".

## هۆزان دەیەوێ رابکاتە ئیسرائیل



**نەوزاد چارلس**

**رووداو- هەولێر**

هونەرمەنـد هـۆزان دەروێـش گلەیی لەژیانی خۆی لە کوردسـتان هەیە و دەڵێ "ئەگەر ئیسرائیل وەرمبگرێ ئامادەم کو ر د سـتا ن بەجێبێڵم".

هو نە ر مە نـد هـۆزان دەروێـش، کەخەڵـکـی رۆژئـاوای کوردسـتانە و چەنـد ساڵێکە هاتووەتە باشووری کوردستان و ژیانی هاوسەریی پێکهێناوە، لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) لەبارەی یارمەتیدانـی هونەرمەندان و ئافرەتان لەکوردستان گوتی"یارمەتیدانی هونەرمەندان و ئافرەت لەکوردسـتان لەلایەن کەسانی بەرپرس بێ بەرامبەر نییە"، هەروەها باسـی لەوەکرد کە زۆر کەس ویستوویانە هاوکاری بکەن، بەڵام ئەو رازی نەبووەو دەڵێ "ئەگەر من تەسـلیمی ئەو هاوکارییانە ببوومایە، دەبوایە تەسلیم بەهەندێ بابەتی دیکەش ببم".

هەروەهـا ئاماژەی بـەوەدا کـە هەندێجار لەهەنـدێ شـوێن کارەکانی هاوسـەرەکەیان راگرتووە و نەیانهێشتووە جێبەجێ ببێت، بەڵام وەکو خۆی دەڵێ "ئەو کەسـانە خەیاڵیان خاوە ئەگەر وابزانن من تەسلیمی ئەوان دەبم". هۆزان لەدرێژەی قسەکانیدا باسی ئەوەیکرد کە بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە کوردسـتان هەیە، ئامادەیە کوردستان بەجێبێڵێت و دەڵێ "ئەگەر ئیسرائیل وەرمبگرێ ئامادەم کوردستان بەجێبێڵم".

## بلۆکیش حەرامە



**رووداو-عەنکاوە**

دوای ئەوەی یانەی فەرمانبەرانی عەینکاوە، بەبڕیاری قەشەی کڵێسـای ماریوسف تێکدراو بلۆکەکانی هەرزانفرۆش کـران، مەلای گوندی شێخە شـە ل کڕینەوەی بلۆکەکانی حەرام کرد.

(ع.م) کـە دانیشـتووی گونـدی شێخەشـەلە، وێـرای پشتراسـتکردنەوەی ئەو هەواڵە بە (رووداو)ی راگەیاند "چەند هاووڵاتییەکی گوندی شێخەشەل کە بلۆکی ئەو یانەیەیان کڕیبوو، پرسـیان بەمەلای گوند کرد، مەلاش پێیگوتن ئەو بلۆکانە هی یانەی خواردنەوەن،بۆیە حەرامە بکرێنە خانوو".

ئەو هاووڵاتییە بەبێ ئەوەی گوێ بداتە قسەی مەلای گوند هەندێک بلۆکی یانەکەی کڕیوەتەوە و گوتیشی "دوای فتوای مەلا، تەنیا 2- 3 کەس، بلۆکەکانیان گەڕاندەوە، ئەوانەی دیکە خەریکە دەیکەنە خانوو"، ئەو هاووڵاتییە هەروەها گوتی "خۆ بلۆکەکان مەشروبیان نەخواردووەتەوە، تا حەرام بن".

## بوش دروود بۆ گیانی پێغەمبەر دەنێرێ



**رووداو- بەغدا**

جۆرج دەبلیو بوشـی سـەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لەپەیامێکیدا بۆ موسڵمانان، کە وێنەیەکی لەلایەن باڵیۆزخانەی ئەمریـکاوە بۆ (رووداو) نێـردراوە، بەبۆنەی مانگی رەمەزان پیرۆزبایی لەموسڵمانی ئەمریکا و جیهان دەکات و درود بۆ پێغەمبەری ئیسلام دەنێرێ.

جۆرج بوش لەبەشێکی پەیامەکەیدا دەڵێت "بە دەسـتەواژەی رێـز و پیرۆزبایی روو لە موسڵمانانی ئەمەریکا و هەموو جیهان دەکەم بە بۆنـەی هاتنی مانگی رەمـەزان، مانگی رەمەزان مانگی نوێژ و رۆژوو و کرداری چاکەیە، مانگێکە موسـڵمانان یادی دابەزینی قورئانی تێدا زینـدوو دەکەنەوە، کە دابەزییە سـەر پێغەمبەر محەممەد درودی خوای لێبێت".

سـە رۆکی و یلا یە تـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا وێـرای سو پا سـگوزا ری بۆ موسـڵمانانی ئەندام لەجیالیەی ئیسـلامی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریـکا، لەکۆتایی پەیامە نووسراوەکەیدا دەنووسێت "من و خێزانەکەم، لـۆرا، ئەم دەرفەتـە دەقۆزینـەوە تا تێیدا جوانترین پیرۆزبایـی بەبۆنەی هاتنی مانگی رەمەزانی پیرۆز پێشکێش بکەین".

## مردووانی سلێمانی لە ستراتیژدان

**رووداو-سلێمانی**

لەبەرانبـەر گواسـتنەوەی گۆڕەکانی گۆڕسـتانی گـردی جۆگەی سـلێمانی شـارەوانی سـلێمانی بـڕی 150 هەزار دینار دەداتە کەسوکاری ئەو مردووانە بۆ گواستنەوەیان.

ماوەی 10 رۆژە، خاوەنی مردووەکانی گـردی جۆگـە بەپاچ و خاکەناسـەوە، خەریکی دەرهێنانـەوەی مردووەکانیان، تا بۆگۆڕسـتانێکی دیکەیان بگوزانەوە، حکومەتیش لەشـوێنی گۆڕسـتانەکە، وێسـتگەیەکی کارەبا و پرۆژەیەکی ئاو دروست دەکات.

جەمال سەعید، لێپرسراوی بەشی سەر قەبرانی شارەوانی سلێمانی بە (رووداو)ی رایگەیانـد، کە ئـەوان قەرەبـووی ئەو گۆڕانەی گـردی جۆگە دەکەنەوە کە بەر ئـەو دوو پرۆژەیەی حکومـەت دەکەون "بڕی 150 هەزار دینار دەدەینە خاوەنی مردووەکان".

پێشـتریش بەشـێک لە مردووەکانی ئـەو گۆڕسـتانە لەبەر سـتراتیژبوونی شوێنەکەیان، کە دەست زیندووەکانیش ناکەوێت گواسترانەوە گۆڕستانێکی دیکە.

## باران نییە و هەورە تریشقەش خەڵک دەکوژێت

**مەهدی داود**

**رووداو-سیدەکان**

دوای تێپەڕبوونی 5 رۆژ لەمانگی ئەیلول و مانـەوەی پلەی گەرما لە کوردسـتان لەسەرووی 40 پلەی سەدی، هەورە تریشقە پیاوێکی لەدەڤەری سیدەکان کوشت.

رۆژی 2008/9/5 لەکوێسـتانی مێرگەمیری‌دەڤەری‌سیدەکان،هاووڵاتییەک بەنێوی فرسەت حوسـێن بەهۆی هەورە تریشقەوە گیانی لەدەستدا. ئەو هاووڵاتییە دانیشـتووی گونـدی ئامۆکانی سـەر بەناحیەی هەریرەو، بەمەبەستی سەردانی ماڵی باوکی چووبووە ئەو کوێسـتانە کە بۆ ئاژەڵداری و لەوەڕ چوونەتە کوێستانی مێرگەمیر.

## زێرەڤانی کەر فرۆشی گرت



**سابیر زەنگەنە**

**رووداو- موسڵ**

قەسـابێکی عەرەب،بەنێوی خالیـد عەدنان، تەمەن 35 ساڵ، کە گۆشتی کەری دەفرۆشتە خەڵکی موسڵ، لەلایـەن هێزەکانی زێرەڤانی لە نزیک بەنداوی موسـڵ دەستگیرکرا. قەسابەکە دوای دەستگیرکردنی گوتی"هەر پێش ئێستا کەرێکم سەربڕی".

موقەدەم سـەفەر، فەرماندەی ئەوهێزەی کە بەنداوی موسـڵ دەپارێزێ لە لێدوانێکدا لەبارەی گرتنی قەسابی کەران بە (رووداو)ی راگەیاند " دوای ئەوەی زانیاریمان پێگەیشت کە قەسابێکی عەرەب بەنێوی خالید عەدنـان، کەران سـەردەبڕی و گۆشتەکەشـیان دەفرۆشـێتە خەڵکی،دەستبەجێ‌دەستگیرمان کرد".

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی موسڵ کەهیچ رۆڵێکی لە دەستگیرکردنی خالیـد عەدنـان دا نەبـوو، بەهەڵـە لێدوانی داوە کە ئـەو خاوەن چێشتخانەبووە. بەڵام هەروەک ئەو فەرماندەیەی هێزی پێشـمەرگەی زێرەڤانی کە بەخۆیان ئەو کەر فرۆشەیان دەستگیر کردووە گوتی " خالید عەدنان ماوەی 15 ساڵە قەسابە". هەروەها موقەدەم سەفەر ئاماژەی بەوەدا کە ئەو قەسـابە دانی بەتاوانەکەی ناوەو گوتوویەتی "ئەو کاتەی دەستگیرکرام تازە کەرێکم سەربڕیبوو لەبەفربەست دامنابوو بۆ ئەوەی دواتر گۆشتەکەی بفرۆشم".

دوای ئەوەی لە مانگی تشرینی دووەمی 2004 هەموو بنکەکانی پۆلیسی موسڵ چوونە پاڵ رێکخراوی قاعیدە و شارەکە کەوتە ژێر کۆنترۆلی قاعیدە، هێزی پێشمەرگە لەسـەر داوای ئەمریکا و بەغدا چووە شـاری موسـڵ، ئێسـتاش کە بارودۆخی عێراق بـەرەو ئارامییە بەغدا دەیەوێت پێشمەرگە بکشێتەوە. بەتایبەتی ئوسامە نجێفی ئەندامی پەرلەمان و خەڵکی موسڵ کە بە ئەسڵ خەڵکی سوریایە هەمیشە هێرشـدەکاتە سـەر بوونی پێشمەرگە لە موسڵ.

## لەپێنجوێن رۆژنامە دوو قوفلی پێوەنرا



**رووداو – پێنجوێن**

هەردوو رۆژنامەفرۆشەکەی شاری پێنجوێن، بەقوفلێک دووکانەکانیان داخست و وازیان لەرۆژنامەفرۆشتن هێنا،بەوشێوەیە ئەو شارە 5 هەزار ماڵییە بێ رۆژنامەفرۆش مایەوە.

مامۆسـتا عەزیز بلکیانی، خاوەنی پەرتوکخانەی هەناسە لەپێنجوێن، کەئێستا داخراوە، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەوەندە کەم رۆژنامە دەفرۆشـرا، نەماندەتوانی زیاتر درێژە بەو کارە بدەین و دوکانەکەمان داخست". ئەو رۆژنامەفرۆشە گوتیشی"مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە گەنج تاقەتی رۆژنامە خوێندنەوەی نەبێت، بەڵکو پارەی کڕینەکەشی نییە ".

پێنجوێن لەکاتێکدا رۆژنامە بەزیاد دەکات، کە ژمارەی رۆژنامە و گۆڤارەکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 750 رۆژنامە و گۆڤار.

## ئاڵا نەما فەرمان رێی نەدا

**رووداو ـ هەولێر**

لەپاڵەوانێتـی تۆپی پێی شـاری ورمێـی ئێراندا، هەڵبژاردەی ئەرزەرۆمی تورکیا ئامادەنەبوو بەرامبەر ئاڵای کوردستان یاری بکات.

لەرۆژانی 24- 29 /2008/8، لەشاری ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستان، پاڵەوانیەتییەکی تۆپی پێ بۆ هەڵبژاردەکانی ورمێ، نوجەوانان، باکۆ، ئەرزەرۆمی تورکیا و هەڵبژاردەی کوردستان سـاز کرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەڵبژاردەی کوردستان بەئاڵای کوردستان بەشداری پاڵەوانییەتەکەی کردبوو تورکەکان بایکۆتی پاڵەوانەتییەکەیان کرد.

محەممـەد حەمە خان، کاپتنی یانەی بروسـک کە بەناوی هەڵبژاردەی کوردستان بەشداریی پاڵەوانێتییەکەی کردبـوو لەلێدوانێکدا بـە (رووداو) راگەیاند "تورکەکان داوایان کـرد کە هیچ هەڵبژاردەیەک ئـاڵای وڵاتەکەی لەسـەر درێسـەکانیان نەبێت، تەنیا بۆئـەوەی ئاڵای کوردستان نەبینن، بەڵام دوای جێبەجێکردنی داواکەیان، هێشتا رازی نەبوون بەرامبەر ئێمە یاری بکەن، گوتیان لەسەرەوە فەرمانمان پێکراوە بەرامبەر کوردستان یاری نەکەین".

لەم پاڵەوانیەتییەدا هەڵبژاردەی ورمێ پلەی یەکەمی بەدەسـتهێناو و هەڵبژاردەی کوردسـتانیش، بە پلەی دووەم دەرچوو.

## وڵات بڤەیە

**رووداو-DIHA**

بەبیانوی نەبوونی پیتەکانی لەزمانی تورکیدا، فەرمانگەی باری شارسـتانی ئامـەد، داواکاری ئـەو دایـک و باوکە کـوردەی رەتکردەوە کـە بەنیاز بوون منداڵە تـازە لەدایکبووەکەیان ناو بنێن "وڵات-Welat".

باوکی وڵات، کە ناوی موحسینە، بۆ تۆمارکردنی‌ناوی‌کوڕەکەی‌ودروستکردنی ناسـنامە بۆی چووە فەرمانگەی باری شارسـتانی ئامەد (دیاربەکـر)، بەڵام بەڕێوەبـەری فەرمانگەکـە بەبیانووی ئـەوەی پیتـی (و-W)لـە نێو پیتە تورکییەکاندا نییـە، تۆمارکردنی ناوی وڵاتی رەتکردەوە.

موحسین بۆ سکاڵا کردن لەو رەفتارە سـەردانی لقی ئامەدی رێکخراوی مافی مرۆڤـی کـرد و گوتـی "حکوومەتی ئەردۆغان دەڵێ کەس فشـاری لەسەر نییـە، ئەی کەواتە بۆچی دەبێ نەتوانم ناوێکی کوردی لەمنداڵەکەم بنێم، بەڵێن بێ هەر سووربم لەسەر ئەو ناوە".